تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5896) پێنج شەممە 19ی کانوونی یەکەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

سیمبۆلی نیشتمانیی کەنەدا دەدرێتە سەرۆک بارزانی

ئۆلریک شانون: شەرەفمەندم بە دیداری سەرۆک مەسعود بارزانی



بالْیۆزی کەنەدا لە عێراق پاش دیدارەکەی لەگەڵ سەرۆک مەسعود بارزانی لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر وێنەیەکی بڵاوکردووەتەوە کە لە ڕۆژی ئالای کوردستاندا، سیمبۆلی نیشتمانیی کەنەدای وەک دیاری پێشکەش کردووە.

بەگوێرەی کوردستان 24 ئۆلریک شانون بالْیۆزی نوێی کەنەدا لە عێراق لە تویتەرەوە نوسیوویەتی: شەرەفمەندم بە دیداری سەرۆک مەسعود بارزانی، کەسایەتییەکی دیاری میژووی نوێ، کە لە هەموو ژیانیدا لە پێناو مافەکانی گەلی کوردستان جەنگاوە و بە بۆنەی ڕۆژی ئالای کوردستان سیمبۆلی نیشتمانیی کەنەدام وەک دیاری پێشکەشکرد.

ڕۆژی سێشەممە 2019/12/17 سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە ئۆلریک شانون بالْیۆزی نوێی کەنەدا لە عێراق و ئاشلی دۆریک بەرپرسی نووسینگەی بالْیۆزخانەی کەنەدا لە هەولێر کرد. لەو دیدارەکەدا بالْیۆزی کەنەدا وێڕای دەربڕینی خۆشحالْیی خۆی بە یەکەم سەردانی بۆ کوردستان و کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆک بارزانی، سەرسامیی خۆی بە پێشکەوتن و سەقامگیریی کوردستان نیشان دا و ڕۆڵی سەرۆک بارزانی لە پڕۆسەی سیاسی و سەرکردایەتییکردنی شەڕی تێکشکاندنی داعشدا بەرز نرخاند.


بەشکەشکردنی هاوکاری پێویست لەپێناو کەمکردنەوەی خەم و ئازارەکانیان، هەروەها ڕاشیدەگەیەنێت: داوا لە لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەین کە هەموو هەوڵێک بدەن لەپێناو ڕێزگرتن لە پرەنسیپە مرۆییەکان.
زیاتر لەلاپەڕە چوار بخوێنەوە

دەزگای خێرخوازیی بارزانی سەبارەت بە دۆخی عێراق بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە

ئامادەی پێشکەشکردنی هاوکارین بۆ ئەوانەی پێویستییان بە هاوکارییە

دەزگای خێرخوازیی بارزانی سەبارەت بە دۆخی عێراق بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و لە بەشێکی بەیاننامەکەدا ڕایگەیاند: هاوخەمی و سەرەخۆشی سەرۆک مەسعود بارزانی و خەڵکی هەرێمی کوردستان بە قوربانییەکان ڕادەگەیەنین و ئامادەین بۆ

نێچیرڤان بارزانی پێشوازی لە شاندێکی باڵای تایەفە مەسیحییەکان کرد


3

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی دووپاتی کردەوە کە مەسیحییەکان بەشێکی گرنگ و پێکهاتەیەکی ڕەسەنی هەرێمی کوردستانن و هەزاران ساڵە لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەی وڵات پێکەوە دەژین، هەروەها ڕۆڵی پیاوانی ئایینیی مەسیحی و کەنیسەکانی لە قوواڵکردنەوەی کولتووری پێکەوەژیان و لێبوردەیی لە هەرێمی کوردستان بەرز نرخاند و ڕایگەیاند: هەرێمی کوردستان وەک هەمیشە بە لانەی پێکەوەژیان و لێبوردەیی و ئاشتەوایی بۆ هەموو پێکهاتەکان دەمێنێتەوە.

پێشنیوەڕۆی دوێنێ چوارشەممە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە ئەنجومەنی سەرۆکانی تایەفە مەسیحییەکان لە عێراق کرد کە لە ژمارەیەک مەتران و قەشە و پیاوانی ئایینیی تایەفە مەسیحییەکان لە عێراق بە سەرۆکایەتیی بەڕێز مەتران ئاڤاک ئەسەدۆریان، ئەمینداری گشتیی ئەنجومەنەکە، هاتبوونە پیرۆزبایی و سەردانی بەڕێزیان.

سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان بۆ ڕۆژنامەی خەبات دەدوێت

د. محەمەد شوکری: لە گفتوگۆداین تا وەبەرهێنەری تازە پڕۆژەکان تەواو بکەن لەبەر ئەوەی لەهەندێ پڕۆژەی وەکو یەکەی نیشتەجێبوون هاووڵاتیان پارەیان دابوو


7

دهۆک.. دەست بە ئەندەرپاسی سێیەمیش دەکرێت


6

لیزا فەلەکەدین کاکەیی: هەفتەی داهاتوو لەگەڵ وەزیری دارایی هەرێم و بەڕێوەبەری گشتیی بانکەکانی کوردستان کۆدەبینەوە

پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی پارتی لە لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان دەڵێت، لەبارەی ژمارەیەک پرسی پەیوەندیدار بە وەزارەتی دارایی و سیستەمی بانکییەوە، هەفتەی داهاتوو لەگەڵ وەزیری دارایی و بەڕێوەبەری گشتیی بانکەکانی هەرێم کۆدەبنەوە.

لیزا فەلەکەدین کاکەیی، بە مالْپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: بڕیارە هەفتەی داهاتوو وەکو لیژنە لەگەڵ وەزیری دارایی حکوومەتی هەرێم و بەڕێوەبەری گشتیی بانکەکانی کوردستان کۆببینەوە، کە پێشتر بڕیار بوو ئەو کۆبوونەوەیە ئەنجام بدەین، بەڵام لەسەر داوای وەزیری دارایی دوا خرا کە ویستی بە زانیاریی زۆرەوە بێتە پەرلەمان.



زیاتر لەلاپەڕە دوو بخوێنەوە

فراکسیۆنی پارتی لە بەغدا:

هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی کوردستانی لە بەغدا بەردەوامە

پەرلەمانتارێکی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی کوردستانی لە بەغدا بەردەوامە، چونکە بوونی ئەو هاوپەیمانییە بۆ کورد زۆر گرنگە، بۆ ئەوەی لە بەغدا یەکڕیز بین.

بەیار تاهیر دۆسکی، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆ مالْپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتووە: هەوڵەکان بەردەوامن بۆ ئەوەی کوتلەکانی کورد لە بەغدا هاوپەیمانییەک پێک بێنن و ببنە یەک هاوپەیمان و پارتی و یەکێتی زۆر لە یەک نزیکن و ئەوانەی دیکەش 15 پەرلەمانتارن، فراکسیۆنەکانی دیکەی کورد بەجیا هاوپەیمانییەکیان پێکهێناوە، بۆیە هەوڵ دەدرێت هەموو کوتلەکانی کورد ببنە یەک هاوپەیمان. بەیار تاهیر دۆسکی گوتیشی: بوونی ئەو هاوپەیمانییە زۆر گرنگیی بۆ کورد هەیە، بۆ ئەوەی کورد لە بەغدا یەکهەڵوێست و یەکڕیز بێت، چونکە بە یەکڕیزیی دەتوانین دەستکەوتەکانی کورد بەدەست بێنین.

سیمبۆلی نیشتمانیی کەنەدا دەدرێتە سەرۆک بارزانی

ئۆلریک شانون: شەرەفمەندم بە دیداری سەرۆک مەسعود بارزانی



سەرۆک بارزانی بڕوسکەیەکی سەرەخۆشیی ئاڕاستەی سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان - سووریا دەکات

سەرۆک بارزانی لە بڕوسکەیەکدا هاوخەمی و سەرەخۆشیی خۆی ئاڕاستەی سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان- سووریا دەکات و لە بەشێکی بڕوسکەکەیدا دەڵێت: سەرەخۆشی خۆم ئاڕاستەی بەڕێزتان و خانەوادە و کەسوکارتان دەکەم و خۆم بە هاوبەشی خەمتان دەزانم. ئەمەش دەقی بڕوسکەکەیە:

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بۆ بەڕێز کاک سعود مەلا سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان-سووریا

بە داخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی ئامۆزای بەڕێزتان، خوالێخۆشبوو ئەکرەم سەعید مەلامان پێگەیبیشت. سەرەخۆشی خۆم ئاڕاستەی بەڕێزتان و خانەوادە و کەسوکارتان دەکەم و خۆم بە هاوبەشی خەمتان دەزانم. لە خودای مەزن داواکارم خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و سەبر و ئارامی بە هەموو لایەک ببەخشێت.

انا لله و انا الیه راجعون

مسعود بارزانی
18ی 12ی 2019

لیزا فەلەکەدین کاکەیی: هەفتەی داهاتوو لەگەڵ وەزیری دارایی هەرێم و بەڕێوەبەری گشتیی بانکەکانی کوردستان کۆدەبینەوە



پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی پارتی لە لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان دەڵێت، لەبارەی ژمارەیەک پرسی پەیوەندیدار بە وەزارەتی دارایی و سیستەمی بانکییەوە، هەفتەی داهاتوو لەگەڵ وەزیری دارایی و بەڕێوەبەری گشتیی بانکەکانی هەرێم کۆدەبنەوە.

لیزا فەلەکەدین کاکەیی، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: بڕیارە هەفتەی داهاتوو وەکو لیژنە لەگەڵ وەزیری دارایی و بەڕێوەبەری گشتیی بانکەکانی کوردستان کۆببینەوە، کە پێشتر بڕیار بوو ئەو کۆبوونەوەیە ئەنجام بدەین، بەڵام لەسەر داوای وەزیری دارایی دوا خرا کە ویستی بە زانیاریی زۆرەوە بێتە پەرلەمان.

ئەو ئەندامەی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان ڕاشیگەیاند: ماوەیەک لەمەوبەر داوامان کردبوو وەزیری دارایی بێتە لیژنەی دارایی، بۆ ئەوەی ڕوونکردنەوە لەسەر سیستەمی بانکەکان لە هەرێمی کوردستان بدات، چونکە حکوومەتی هەرێمی کوردستان پرۆژەیەکی لە بەردەستە و کاری لەسەر دەکات بۆ بە ئەلیکترۆنیکردنی سیستەمی بانکی لە هەرێمی کوردستان، کە لەسەر ئەو پرسە و چەند پرسێکی تر پرسیارمان هەیە، لەوانە چۆنیەتیی ئامادەکردنی پرۆژەیاسای بودجە و، ڕێککەوتنی نێوان هەرێم و بەغداش بە کۆی گەیشتووە، بە تایبەت لەبارەی بودجەوە کە وەزیری دارایی یەکێک بوو لە ئەندامانی شاندی حکوومەتی هەرێم بۆ دانووستان لەگەڵ بەغدا. کاکەیی دەشڵێت: ژمارەیەک پرسیارمان لەبارەی خاڵە گومرگییەکانەوە هەیە، دەشمانەوێت بزانین وەزارەتی دارایی و چاودێریی دارایی تا چەند هەماهەنگییان لە نێواندا هەیە، جگە لەوەش، دەمانەوێ لە ڕێگەی پرۆژەی چاکسازییەوە دەستەیەکی نیشتمانی بۆ خانەنیشی پێک بێت، بۆ ئەوەی هەموو خانەنشینییەکان بکەین بە یەک و، سندووقی خانەنشینیش کارا بکرێتەوە، ئەمانەش هەمووی لە ڕێگای وەزارەتی دارایییەوە دەکرێت و دەبێت ڕۆڵێکی گرنگیان هەبێت.

پەیوەندیی بانکەکانی هەرێم و حکوومەتی فیدراڵ

بەڵام لە بەرامبەردا، سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ ڕایگەیاند، جیهانگیران سەرچاوەی دەرکییان بۆ بەرهەمە ئەمەریکییەکان بەکاردەهێنا. ژمارەیەک لەوان بە ڕاستی دەیانەوێت پارەمان لەدەست بچێت. ئەو جۆرە کەسانە ئەمەریکایان هەر بە خەیاڵدا نایەت.

دۆناڵد ترەمپ دوای ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەک لەگەڵ بەرپرسانی ئیدارە خۆجێییەکان و ژمارەیەک لە ویلایەتەکان لە کۆشکی سپی ڕایگەیاند: پێشتر ڕێککەوتننامەی وەک ئەمەی بارزگانی یەکەم لەگەڵ چین نەکراوە. جیهانگیران سەرچاوەی دەرکییان بۆ بەرهەمە ئەمەریکییەکان بەکاردەهێنا. ژمارەیەک لەوان بە ڕاستی دەیانەوێت پارەمان لەدەست بچێ. ئەو جۆرە کەسانە ئەمەریکایان هەر بە خەیاڵدا نایەت.

ترەمپ جەختی لەوەشکردەوە کە جیهانگیران لە خەمی کورتهێنانی بوودجەدا نین و گوتی: من تەواو پێچەوانەی ئەوانم. من حەزم لە کورتهێنانی بوودجە و داخستنی کارگە و دامەزراوەکان لە ویلایەتەکەمان و چوونیان بۆ ویلایاتانی دیکە نییە. ترەمپ ئاماژەش بەوەش دا کە لەمێژە چاودێری ڕەوشی ویلایەتەکەی دەکات و گوتی: من جیهانگیر نیم. ویلایەتەکەم خۆش دەوێ و پارێزگاری لێ دەکەم.

پیرۆزبایی لە بالیۆزی کەنەدا

بەبۆنەی دەستبەکاربوونی لە ئەرکە نوێیەکەی، هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست و پشتیوانیی خۆیشی بۆ زیاتر پێشخستنی پەیوەندییەکانی کەنەدا و هەرێمی کوردستان دەربڕی. باروودۆخی سیاسیی عێراق و ناوچەکە، پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغدا و مەترسییەکانی سەرهەڵدانەوەی تیرۆر تەوەرێکی دیکەی ئەو کۆبوونەوەیە بوون.

بالیۆزی کەنەدا لە عێراق پاش دیدارەکەی لەگەڵ سەرۆک مەسعود بارزانی لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر وێنەیەکی بڵاوکردووەتەوە کە لە ڕۆژی ئاڵای کوردستاندا، سیمبولی نیشتمانیی کەنەدای وەک دیاری پێشکەشکرد.

بەگوێرەی کوردستان24 ئۆلریک شانون بالیۆزی نوێی کەنەدا لە عێراق لە تویتەرەوە نوسیویەتی: شەرەفمەندم بە دیداری سەرۆک مەسعود بارزانی، کەسایەتییەکی دیاری مێژووی نوێ، کە لە هەموو ژیانیدا لە پێناو مافەکانی گەلی کوردستان جەنگاوە و بە بۆنەی ڕۆژی ئاڵای کوردستان سیمبۆلی نیشتمانیی کەنەدام وەک دیاری پێشکەشکرد.

ڕۆژی سێشەممە 2019/12/17 سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە ئۆلریک شانون بالیۆزی نوێی کەنەدا لە عێراق و ئاشلی دۆریک بەرپرسی نووسینگەی بالیۆزخانەی کەنەدا لە هەولێر کرد. لەو دیدارەکەدا بالیۆزی کەنەدا وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵیی خۆی بە یەکەم سەردانی بۆ کوردستان و کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆک بارزانی، سەرسامیی خۆی بە پێشکەوتن و سەقامگیریی کوردستان نیشان دا و ڕوڵی سەرۆک بارزانی لە پرۆسەی سیاسی و سەرکردایەتییکردنی شەرێ تێکشکاندنی داعشدا بەرز نرخاند.

دۆناڵد ترەمپ: جیهانگیران دەیانەوێت پارە لەدەست بدەین

نەتەوە یەکگرتووەکان هاوکاریی ڕەوانەی ئیدلب دەکات



لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە 44 بارهەڵگر هاوکاری مرۆیی ڕەوانەی شاری ئیدلبی سووریا کرا، کە کاروانەکە کە پێکهاتبوو لە 44 بارهەڵگری هاوکاریی نەتەوە یەکگرتووەکان و لە ڕێگای دەروازەی سنووری جیلفەگۆزو لە قەزای ڕەیحانلی سەر بە پارێزگای هاتای چووە ناو خاکی سووریاوە. ئاماژە بەوەش کراوە کە هاوکارییەکە بەسەر لێقەوماوانی شاری ئیدلب و دەوروبەریدا دابەش دەکرێت.

ئەمەش لەکاتێکدایە بەهۆی هێرشە بەردەوامەکانی حکوومەتی سووریا بە هەزاران کەس ئاوارە بوونە و ڕەوشی ژیان لەو ناوچەیە زۆر خراپە و دیسان شەپۆلێکی دیکەی ئاوارەبوون دەستپێکردووەتەوە.

مالپەڕی چەند وەزارەتێکی حکوومەتی عێراق هاک کران

دوێنێ چوارشەمە 2019/12/18 هاککەران مالپەڕی وەزارەتەکانی ناوخۆ، تەندروستی، نەوت، پەروەردە و بازرگانی و سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقیان هاک کرد و داتاکانیان سڕیوەتەوە. هاککەران هەڕەشەیان کردووە، کە بەردەوام دەبن لە هاککردنی مالپەڕە فەرمییەکانی وەزارەت و دامودەزگاکانی حکوومەتی عێراق.

پەسەندکردنی بودجەی بەرگریی ئەمەریکا تورکیای نیگەران کردووە

وەزارەتی دەرەوەی تورکیا لە بارەی بودجەی بەرگریی ئەمەریکا کە بە یاسای ڕێگەپێدانی بەرگریی نیشتیمانی 2020 ناسراوە و لە لایەن کۆنگرێسەوە پەسەندکرا، ڕایگەیاند کە زمانی هەڕەشە، بە هیچ شێوەیەک وا لە تورکیا ناکات واز لە هەنگاوە پێویستەکان بهێنێت بۆ پاراستنی ئاسایشی نیشتیمانی.

وەزارەتی دەرەوەی تورکیا، لە ڕوونکردنەوەیەکی نووسراودا ڕایگەیاند، ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنی پیرانی ئەمەریکا پرۆژەیاسای ڕێگەپێدانی بەرگریی نیشتیمانی 2020 یان پەسەندکردووە و ئەوەی جێگەی سەرنجە دیسانەوە ڕەفتارێکی دوژمنانە بەرانبەر بە تورکیا گیراوەتە بەر.

ڕوونکردنەوەکە، ئاماژەی بەوە کردوە کە ئەندامانی کۆنگرێس لە ژێر کاریگەری دوژمنەکانی دەوروبەری تورکیاوە لە هەوڵی پاکتاوی سیاسی ناوخۆیدان و تێیدا هاتووە: بەردەوامن لە زیان گەیاندن بە چاککردنەوەی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ئەمەریکا. هەروەها لە ڕوونکردنەوەکەدا هاتووە: لە چوارچێوەی ئەم یاسایە، بە ناهەقی ڕێگە لە وڵاتەکەمان دەگیرێت لە کاتێکدا هەموو بەرپرسیارێتییەکانی لە پڕۆگرامی F-35 بەجێگەیاندووە. سەبارەت بە دابینکردنی S-400 دووبارە بانگکردن بۆ سزادانی وڵاتەکەمان، بە هەمان شێوە شوێنکردنەوەی پرۆژەی تورک ئاکم، ئەوە دەردەخات کە کۆنگرە بەردەوامە لەسەر هەڵوێستە دوژمنانە و نا بەجێکانی لە دژی بڕیارەکانی تورکیا وەک وڵاتێکی خاوەن سەروەری. دەووبارە دەمانەوێت بە بیرتان بهێنینەوە کەوا زمانی هەڕەشە و سزا، بە هیچ شێوەیەک وا لە تورکیا ناکات واز لە هەنگاوە پێویستەکان بهێنێت بۆ پاراستنی ئاسایشی نیشتیمانی. نابێت هیچ کەس گومانی لەوە هەبێ کە ڕێوشوێنی پێویست لە بەرانبەر ئەو هەڵسوکەوتانە دەگیرێتەبەر کە لە دژی تورکیان.

ئەمەش لەکاتێکدایە کە ژمارەیەکی زۆر کۆنگرێسمان و کەسایەتیی ئەمەریکا داوای سزادانی تورکیا دەکەن بەهۆی هەڵوێست و هێرشەکانی بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان، هاوکات خودی دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمەریکاش کەوتووەتە بەر ئەو شەپۆلی ناڕەزایی و ڕەخنەی

www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/12/19 ژمارە (5896)

نێچیرڤان بارزانی پێشوازی لە شاندێکی باڵای تایەفە مەسیحییەکان کرد



سەرۆک نێچیرڤان بارزانی دووپاتی کردەوە کە مەسیحییەکان بەشێکی گرنگ و پێکهاتەیەکی ڕەسەنی هەرێمی کوردستان و هەزاران ساڵە لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەی وڵات پێکەوە دەژین، هەروەها ڕۆڵی پیاوانی ئایینیی مەسیحی و کەنیسەکانی لە قووڵکردنەوەی کولتووری پێکەوەژیان و لێبووردەیی لە هەرێمی کوردستان بەرز نرخاند و ڕایگەیاند: هەرێمی کوردستان وەک هەمیشە بە لانەی پێکەوەژیان و لێبووردەیی و ئاشتەوایی بۆ هەموو پێکهاتەکان دەمێنێتەوە.

پێشنیوەڕۆی دوێنێ چوارشەممە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی پێشوازی لە شاندێکی باڵای تایەفە مەسیحییەکان بەسەرۆکایەتی بەڕێز مەتران ئاشاک ئەسەدۆریان، ئەمیندارای گشتیی ئەنجومەنەکە، هاتبوونە پیرۆزبایی و سەردانی بەڕێزیان.

ئەنجومەنی سەرۆکانی تایەفە مەسیحییەکان لە عێراق لە پەیامێکدا دووبارە پیرۆزباییی دەستبەکاربوونیان لە سەرۆک نێچیرڤان بارزانی کرد و هیوای سەرکەوتنیان بۆ خواست، هەروەها سوپاسی جەنابیان و گەل و حکوومەتی هەرێمی کوردستانیان کرد بۆ بەهاناوەچوون و پاراستنی مەسیحییەکان و یارمەتیدانیان لە بنیاتنانی کەنیسەکان و هیوایان خواست هەرێمی کوردستان بە نموونەی سەقامگیری و پێشکەوتن و بەها بەرزەکانی مرۆڤایەتی بمێنێتەوە، وەفاداری و دڵسۆزیی خۆیشیان بۆ کوردستان و ئامادەییان بۆ خزمەت و جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان دووپات کردەوە.

شاندەکە سوپاسی بەڕێزان وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی و بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری مەسیحییەکانیان لە وەزارەت کرد کە ئامادەی دیدارەکە بوون، هەروەها پوختەیەکیان دەربارەی دۆخی مەسیحییەکان لە شارەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان، کار و ئەرک و کێشە و داواکاریی کەنیسەکان، دۆخی ئاوارە مەسیحییەکان لە هەرێمی کوردستان و چەند بابەتێکی دیکە خستەڕوو.

لای خۆیەوە سەرۆک نێچیرڤان بارزانی سوپاسی سەردانەکە و پیرۆزباییی جەژنی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح و هاتنی ساڵی تازەی لێکردن و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستن.



نێچیرڤان بارزانی پیرۆزبایی لە باڵیۆزی تازەی نیوزیلاند دەکات

پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و نیوزیلاند دووپاتکرایەوە

دوێنێ چوارشەممە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە باڵیۆزی تازەی نیووزیلاند لە عێراق خاتوو تریدن دۆبسۆن کرد. لە دیدارێکدا سەرۆک نێچیرڤان بارزانی پیرۆزباییی دەستبەکاربوونی لە خاتوو تریدن کرد و هیوای سەرکەوتنی لە کارەکانیدا بۆ خواست، هەروەها هەردوولا خواستی خۆیان بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوانیان لە بواری جیاکاندا نیشان دا. خاتوو تریدن سوپاس و پێزانینی وڵاتەکەی بۆ ڕۆڵی هەرێمی کوردستان لە شەڕی دژی داعش و حەواندنەوەی ئاوارە و پەنابەران دەربڕی و پوختەیەکیشی دەربارەی ئەرکی وڵاتەکەیان لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی دژی داعش خستەڕوو. تاوتوێکردنی زەمینە و دەرفەتی کار و وەبەرهێنانی بیانی لە هەرێمی کوردستان، پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی دوای شەڕی تیرۆر، دۆخی ئاوارە و پەنابەران و چۆنیەتیی گەڕانەوەیان بۆ شوێنەکانی خۆیان، پێشهاتەکانی عێراق و دۆخی ناوچەکە بەگشتی، چەند تەوەرێکی دیکەی دیدارەکە بوون.

حزبە کوردستانییەکان ستراتیژیی هاوبەش بە پێویست دەزانن

-ئارام بالەتەیی: هاوهەڵوێستیی کورد بۆ دۆخی ئێستای عێراق گرنگە

خەلیل ئیبراهیم: دەبێت فراکسیۆنە کوردییەکان لەسەر پرسە هەنووکییەکانی عێراق دابنیشن

حوسێن حەسەن نەرمۆ: بۆ دانانی سەرۆکوەزیرانێکی نوێ دەبێت کورد یەکگرتوو بێت

عەدنان عوسمان: ئێستا کورد دەتوانێت ڕۆڵێکی میحوەری لە عێراقدا بگێڕێت

لایەنە سیاسییەکانی کوردستان دەڵێن، دەبێت هەموو کێشە سیاسییەکان وەلا بنێن و لەسەر پرسی بەغدا و کێشە هەنووکییەکانی بەغدا یەکڕیز و هاوهەڵوێست بن و ستراتیژییەکی هاوبەشیان هەبێت. ئێستا لایەنە سیاسییەکانی عێراق بەردەوامن لە گفتوگۆ بۆ دەستنیشانکردنی سەرۆکوەزیرانێکی نوێ تا ئێستا نەگەیشتوونە هیچ ڕێککەوتنێک و ئەوانەی ناوشیان هاتووە لە لایەن خۆپێشاندەرانەوە ڕەتکراونەوە.

گوتەبێژی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایگەیاند: دانانی سەرۆکوەزیرێکی نوێ بۆ عێراق بۆ ئێمە گرنگە، هەڵوێستی پارتی و یەکێتی لەسەر ئەم پرسە لە یەک نزیکە، بەڵام تا ئێستا لەگەڵ لایەنەکانی دیکە کۆنەبوونەوە، ئەگەر کەسێک دەستنیشان کرا ئەو کات کوردیش کۆدەبێتەوە.

ئارام بالەتەیی، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی گوتووە: هاوهەڵوێستیی کورد بۆ دۆخی ئێستایی عێراق گرنگە و ئێمەش وەک پارتی پشتگیریی کەسێک دەکەین لە لایەن عێراقەوە پەسەند کرابێت. کەی کورد یەکڕیز و یەکگرتوو بووە، دەستکەوتی هەبووە. نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ یەکڕیزیی کورد لە تەواوی پرسەکانی عێراق و کوردستاندا سەردانی هەموو لایەنە سیاسییەکانی کرد. لەو بارەیشەوە، خەلیل ئیبراهیم، وتەبێژی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان گوتی: ئێمە پێمانوایە دەبێ فراکسیۆنەکانی کورد لەسەر پرسە هەنووکییەکانی عێراق دابنیشن و ڕوانگەی هاوبەش و شتە پەیوەندیدارەکانی عێراق و کوردستان یەکڕیز و یەکگرتوو بن. ئیبراهیم ئاماژەیشی دا: دەبێ هەموو فراکسیۆنە کوردەکانی بەغدا و وەزیرەکان و ئەوانەی پۆستیان لە بەغدا هەیە و ئەوانەی لە کوردستانیشن، هەموویان پێکەوە ستراتیژی و سیاسەتێکی هاوبەش دابڕێژین و خۆمان ئامادە بکەین بۆ هەموو ئەگەرەکان و هەڵوێستەکانی خۆمان ڕوشن بکەین و دەبێ پێگەی خۆمان بزانین لەو ڕووداوانەدا کە ڕوو دەدەن.

هاوکات، حوسێن حەسەن نەرمۆ، ئەندامی فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێت: بۆ دانانی سەرۆکوەزیرانێکی نوێ دەبێ کورد یەکگرتوو بین و هەموو کێشەکانمان لە بەغدا وەلا بنێین و یەکگۆتارمان هەبێت. نەرمۆ گوتی: ڕاستە دانانی سەرۆکوەزیر زیاتر بە فراکسیۆنە گەورەکان و نێوماڵی شیعی و خۆپێشاندەرانەوە پەیوەستە، بەڵام دەبێ کوردیش لەو بارەیەوە یەکڕیز و یەکگرتوو بن.

عەدنان عوسمان، ئەندامی خانەی ڕاپەڕاندنی بزووتنەوەی گۆڕانیش بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی گوتووە: ئێستا دەبێ کورد ڕۆڵێکی گەورە بگێڕێت و دەتوانێ ڕۆڵێکی میحوەری لە عێراقدا بگێڕێت، ناکرێ کورد دووڕەیەریز بێت، دەبێ ڕۆڵی هەبێ، چونکە ئەوەی لە عێراق ڕوو دەدات، پەیوەندیی بە کوردیشەوە هەیە. ناوبراو گوتیشی: دەبێ کورد ئالیەتی هەبێ بۆ دەستنیشانکردنی سەرۆکوەزیرانی نوێی عێراق، کە ئاخۆ ئەو سەرۆکوەزیرانە تێگەیشتنی بۆ دەستوور و شەراکەتی کورد و پێکهاتەکان لە عێراقدا چۆنە و تێروانینی بۆ لامەرکەزییەت و فیدرالییەت و سیستەمی پەرلەمانی و دیموکراسی چۆنە، چونکە سەرۆکوەزیران سەرۆکی دەسەڵاتی تەنفیزیبە، بۆیە بۆ ئێمە گرنگە. عوسمان ئاماژەی بەوەشداوە: ئێستا پرسی دانانی سەرۆکوەزیران لە نێوان لایەنە شیعەکاندایە، ئەمەش کارێکی خراپە و پێویستە سوننە و هەرێمی کوردستانیش قسەیان هەبێت، چونکە ئەو سیستەمە لە عێراق زیانی هەبووە و دەبێت ئەو سەرۆکوەزیرانەی دابێت، گرەنتیی لێ وەربگیرێت، کە پابەندی دەستوور بێت و دەبێ لایەنوکانی کورد بە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە ستراتیجیی هاوبەش و ڕۆشنیان بۆ عێراقی داهاتوو هەبێ.



ئەمەریکا..کۆماریيەکان ڕێوشوێنێکی دیموکراتییەکان سەبارەت بە تەرەمپ ڕەتدەکەنەوە



سیناتۆری کۆماری و سەرۆکی فراکسیۆنی کۆماریيەکان لە ئەنجوومەنی پیرانی ئەمەریکا، میچ ماککۆنێڵ داواکارییەکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی لەبارەی ڕێوشوێنەکانی دووڕخستنەوەی تەرەمپ ڕەتکردەوە. سیناتۆری پارتی کۆمار و سەرۆکی فراکسیۆنی کۆماریيەکان لە ئەنجوومەنی پیرانی ئەمەریکا، میچ ماککۆنێڵ داواکارییەکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی لەبارەی ڕێوشوێنەکانی دووڕخستنەوەی تەرەمپ ڕەتکردەوە.

ماککۆنێڵ لە ئەنجوومەنی پیران کە زۆرینەی ئەندامەکانی سەربە پارتی کۆمارین، وتەیەکی پێشکەشکرد و تیایدا وەڵامی داواکارییەکی سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکرات، چەک شومەری لەبارەی پێکهێنانی دادگاییەکی تایبەت بە ڕێوشوێنەکانی دووڕخستنەوەی تەرەمپ و گوێگرتن لە چەند شایەدحاڵێکی ئەو پرسەی دایەوە.

میچ ماککۆنێڵ گوتی: ئێمە دادگایی و لێکۆڵینەوە لە ڕێوشوێنەکانی دووڕخستنەوەی تەرەمپ ناکەین، ئەنجوومەنی نوێنەران دەستی بەم کارە کرد و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە ئەرکی ئەوانە، ئەگەریش وەک پێویست گوێیان لە شایەدحاڵەکان نەگرتبێت ئەوە هەڵەی ئەنجوومەنەکەیە.

– لێکۆڵینەوەی لەسەرۆکارلادانی تەرەمپ

سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد تەرەمپ لە مانگی تەموززدا پەیوەندییەکی تەلەفۆنیی لەگەڵ سەرۆکی ئوکراینا، ڤلۆدیمیر زێلێنسکی ئەنجامدا، بانگەشەی ئەوەکرا کە تەرەمپ لەو پەیوەندییە تەلەفۆنییەدا داوای لە زێلێنسکی کردووە ئەگەر لێکۆڵینەوە بکات لە جۆ بایدنی ڕکابەری و خانەوادەکەی، ئەوا ئەمەریکا هاوکاری وڵاتەکەی دەکات، لە بەرانبەردا دیموکراتەکانی کۆنگرێس لەسەر ئەو بانگەشەیە دەستیانکرد بە لێکۆڵینەوە بەمەبەستی لەسەرکارلادانی تەرەمپ.

لە بەرانبەردا تەرەمپ داکۆکی لەوەکرد کە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی لەگەڵ زێلێنسکی بەتەواوی گونجاوە لەگەڵ ڕێساکان، بەڵام ئەوەی بووە مایەی سەرنج، ئەوەبوو کە تەرەمپ پێش پەیوەندییە تەلەفۆنییەکە هاوکاریی دارایی و سەربازیی بەبڕی ٤٠٠ ملیۆن دۆلار بۆ ئەوە وڵاتە هەڵپەساردبوو. کۆشکی سپی ئەمەریکا، دەقی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی بڵاوکردەوە و باسی لەوەکرد کە هیچ پەیوەندییەک لەنێوان هاوکارییەکان و پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا نییە. دوو هەفتە لەمەوبەر ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا لە میانی دەنگدانێکدا ڕێساکانی لێکۆڵینەوەی لەسەرکارلادانەکەی دیارییکرد، بڕیاریشیدا لەسەر ئەنجامدانی دانیشتنی کراوە بەڕووی ڕایگشتییدا.

وتارو رایۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن: yasinheja@yahoo.com
پێنج شەممە 2019/12/19 ژمارە (5896)
www.xebat.net
خەبات



دەزگای خێرخوازیی بارزانی سەبارەت بە دۆخی عێراق بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە

داوا لە لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەین هەوڵبدەن لەپێناو ڕێزگرتن لە پرەنسیپە مرۆییەکان

ئامادەی پێشکەشکردنی هاوکارین بۆ ئەوانەی پێویستییان بە هاوکارییە

دەزگای خێرخوازیی بارزانی سەبارەت بە دۆخی عێراق بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و لە بەشێکی بەیاننامەکەدا ڕایگەیاند: هاوخەمی و سەرەخۆشی سەرۆک مەسعود بارزانی و خەڵکی هەرێمی کوردستان بە قوربانییەکان ڕادەگەیەنین و ئامادەین بۆ پێشکەشکردنی هاوکاری پێویست لەپێناو کەمکردنەوەی خەم و ئازارەکانیان، هەروەها ڕاشیدەگەیەنێت: داوا لە لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەین کە هەموو هەوڵێک بدەن لەپێناو ڕێزگرتن لە پرەنسیپە مرۆییەکان.

ئەمەش دەقی بەیاننامەکەیە:

زیاتر لە دوو مانگە لە بەغدای پایتەخت و پارێزگاکانی باشوور چەندین خۆپیشاندانی ئاشتیانەی مەدەنی بەڕێوە دەچێت بۆ داواکردنی مافە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکان لە پێناو ژیانێکی شایستە بۆ عێراقییەکان، لە دەرئەنجامی خۆپێشاندانەکان چەندین ڕووداوی کارەساتباری لێکەوتەوە کە بووە هۆی شەهیدبوونی ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتی سڤیل و کەسانێک لە هێزەکانی ئاسایش.

ئێمە لە دەزگای خێرخوازی بارزانی هاوخەمی و سەرەخۆشی خۆمان ڕادەگەیەنین بۆ بنەماڵەی شەهیدەکان و هیوای زوو چاکبوونەوە بۆ بریندارەکان دەخوازین، لە هەمان کاتدا هاوخەمی و سەرەخۆشی سەرۆک مەسعود بارزانی و خەڵکی هەرێمی کوردستان بە قوربانییەکان ڕادەگەیەنین و ئامادەین بۆ پێشکەشکردنی هاوکاری پێویست لە پێناو کەم کردنەوەی خەم و ئازارەکانیان.

ئێمە لە دەزگای خێرخوازی بارزانی ناڕەزای و نارەحەتی خۆمان ڕادەگەیەنین لە کەوتنەوەی قوربانیان لەنێو خەڵکی سڤیل، بۆیە داوا لە لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەین کە هەموو هەوڵێک بدەن لە پێناو ڕێزگرتن لە پرەنسیپە مرۆییەکان.

لە هەمان کاتدا بە ئەرکی خۆمانی دەزانین کار بکەین لە پێناو دریژکردنی دەستی هاوکاری بۆ ئەوانەی کە پێویستیان بە هاوکارییە، هەر وەکچۆن لە ڕابردوودا هاوکاری تەواوی پێکهاتەکانی کۆمەڵگای عێراقیمان کردووە بەبێ هیچ جیاوازیەک لە تەواوی پارێزگاکان و ڕۆڵێکی باڵامان بینیوە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ ئاوارەکانی ناوەڕاست و خواروو عێراق لە هەرێمی کوردستان، بەڵێن بە گەلی عێراق و بە تایبەتی گەنجان دەدەین کە پارێزەری ڕێبازی بارزانیی نەمر بین و بەردەوام بین لە پەیڕەو کردنی ڕێبازەکەی لە پێناو خزمەتی مرۆڤ و مرۆڤایەتی.

پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی و کونسوڵی گشتیی ئەمەریکا پرۆسەی سیاسی تاوتوێ دەکەن

هەرێمی کوردستان خوازیارە لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش بڕەو بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەغدا بدات



ستیڤن فیگن، کونسوڵی گشتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان و مارک پادجێت، بەرپرسی دۆسیەی کاروباری سیاسیی کونسوڵخانەی ئەمەریکا سەردانی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستانیان کرد و لە لایەن هۆشیار سیوەیلی بەرپرسی مەکتەب و ژمارەیەک لە هەڤالانی پەیوەندییەکانی دەرەوە بە گەرمی پێشوازی کران.

هۆشیار سیوەیلی وێڕای بەخێرهاتنی کونسوڵی گشتیی ئەمەریکا و شاندی یاوەری سوپاس و پێزانینی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستانی سەبارەت بە گرنگیدانی ویلاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە پێگەی هەرێمی کوردستان و بەرەوپێشبردنی ئاستی پەیوەندییە سیاسی و دیپلۆماسییەکان و هاوکاری سەربازی و مرۆیی و ئابووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای لەگەڵ هەرێمی کوردستان دا گەیاندە کونسوڵی گشتیی ئەمەریکا، هەروا سەردانە فەرمییەکانی ئەمدوایەی شاندە باڵاکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی مایک پێنس جێگری سەرۆکی ئەمەریکا و جەیمس جێفری، نێردەی سەرۆکی ئەمەریکا بۆ جەنگی دژ بە داعش و دیدار کۆبۆنەوەکانیان لەگەڵ سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان و پابەندبوونی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە دۆستایەتی و هاوکاریکردن و پشتگیریکردنی ولاتەکەیان لە ئەزموونی سیاسی و دیموکراتی و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان بەرز نرخاند.

لە تەوەرێکی تری دیدارەکەش دا بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوە دیدگای پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر دۆخی ئێستای عێراق و کوردستان بۆ شاندی میوان خستەڕوو و تێڕوانینی پارتی بۆ پێشهاتە سیاسییەکانی عێراقی گەیاندە کونسوڵی گشتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ڕایگەیاند لە دیدی پارتی دیموکراتی کوردستان خواستی دەنگدەرانی عێراقی و خۆپێشاندانەکانی جەماوەری بۆ چاکسازی و نەهێشتنی گەندەڵی و بە ئاراستەی داواکردنی خزمەتگوزاری گشتی و مافە سەرەتاکانی خەڵک لە چوارچێوەی دەستوور و گۆڕانکاری لە پرۆسەی سیاسی و بەرەوپێشبردنی دیالۆگی نێوان لایەنە سیاسییەکان و پێکهاتەکانی عێراق دا هەروا بۆ دەستنیشانکردنی سەرۆک وەزیرانێکی تازە داواکاری ڕەوان و پارتی دیموکراتی کوردستان هێلی سووری دانەناوە لەسەر هیچ کاندیدێک بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیران و هەرێمی کوردستان خوازیارە بڕەو بە پەیوەندییەکانی خۆی و ئەو ڕێککەوتنانەی بدات کە لەگەڵ بەغدا لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش بۆ بەرەوپێشبردنی پەیوەندی ئێتحادی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا لەسەری ڕێککەوتوون، بۆ هێنانەدی مافە دەستوورییەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتی عێراقی فیدراڵدا هەموو هەوڵێک دەخاتە گەڕ.

هەرێمی کوردستان و سەرکردایەتیی سیاسیی پارتی لە نزیکەوە چاودێری دۆخی سیاسیی عێراق دەکات و خوازیارە سەرۆک وەزیرانی تازە پارێزەری دەستوور و ئازادییەکانی تاکەکەس و مافەکانی دەنگدەران بێت و ڕێز لە یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و پرەنسیپەکانی دیموکراسی بگرێت و بتوانێت جێی ڕەزامەندی جەماوەر و لایەنە سیاسییەکان و پێکهاتەکانی ئیتنی و نەتەوەیی لە عێراق بێت و ئاشتی و ئارامی و سەقامگیری بگەڕێنێتەوە بۆ وڵات و چاکسازی و خزمەتگوزاری پێویست بۆ وڵات دابین بکات و گەندەڵی و تیرۆر و توندوتیژی و دەستێوەردانی دەرەکی بنبڕ بکات و ئاشتی کۆمەڵاتی بەرقەرار بکات لە نێوان هەموو پێکهاتەکانی وڵاتدا کە بە هۆیەوە مەترسیەکی گەورە لەبەردەم بەرەوپێشچوونی پرۆسەی سیاسی و حوکمڕانی لە عێراق دروست بووە و کاریگەری لەسەر هەرێمی کوردستان و ناوچەکەش هەیە.

لە تەوەرێکی تری دیدارەکە دا هەروا بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی هەبوو بۆ پێشکەوتنەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر جێبەجێکردنی نەخشەڕێ و پلانی ستراتیژی حکوومەت و لە بەهێزکردنی جومگەکانی حکومڕانی و هێنانەدی ئاشتی و سەقامگیری و بەرقەرارکردنی ئاسایش و بنبڕکردنی گەندەڵی و بۆ خۆشگوزەرانی هاوڵاتیان و هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێم لە پیادەکردنی سیاسەتی ریفۆرم و چاکسازی هەروەک لە ڕاپۆرتی 100 ڕۆژی ڕابردووی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێم دا ئاماژەی پێ کراوە.

ستیڤن فیگن ، کونسوڵی گشتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان، خۆشحاڵی خۆی بەم دیدارە و ئاڵوگۆڕی دیدگای هەردوو لا لەسەر پێشهاتەکانی ناوچەکە و دۆخی ناوخۆیی و پرۆسەی سیاسی لە عێراق و پێشکەوتنەکانی هەرێمی کوردستان و بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای لە هەموو بوارەکانی جێی بایەخی نێوان هەردوو لا دەربڕی کە دیدگای هاوبەشن و خزمەت بە ئاشتی و ئارامی و سەقامگیری ناوچەکە دەکات.

چی دیکە کرێی وانەبێژی بۆ باخچەکانی ساوایان خەرج ناکرێت

بەڕێوەبەری پەروەردەی دەشتی هەولێر: بڕیارەکە زیانی زۆری دەبێت

خەبات/عەلی بانیشاری:

بەگوێرەی نوسراوێکی وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێم کە ئاڕاستەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک و گەرمیان و هەڵەبجە و بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی کوردی لە کەرکوک کردووە و کۆپییەکی دەست (خەبات) کەوتووە بۆ لەمەودوا کرێی وانەبێژی بۆ باخچەکانی ساوایان خەرج ناکرێت.

بەڕێوەبەری پەروەردەی دەشتی هەولێریش دەڵێ: بەهۆی بڕیارەکەوە لە باخچەکانی ساوایان بۆشایی دروست دەبێت.

نووسراوەکەی کە واژۆی مەریوان بەگزێک عەزیز، بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی پەروەردەی لەسەرە 8ی ئەم مانگە دەرچووە و تێیدا هاتووە: لەگەڵ نوسراوامانداا نووسراوی وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بەڕێوەبەرایەتیی گشتی ژمێرکاری/ بەڕێوەبەرایەتیی دیراسات و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون ژمارە 15163 لە 2019/12/2 ڕەزامەندی نەدرا لەسەر خەرجکردنی کرێی وانەبێژی بۆ باخچەی ساوایان بەپێی ڕێنمایی دارایی ژمارە/19ی ساڵی 2017 تەنها بۆ قۆناغەکانی ئامادەیی و بنەڕەتی خەرج دەکرێت.

سابیر حەمەد کانەبی، بەڕێوەبەری پەروەردەی دەشتی هەولێر بە(خەبات)ی گوت: وەزارەتی پەروەردە لە ئێستادا سەرقاڵی ئەوەیە بڕیاری خەرج نەکردنی کرێی وانەبێژی باخچەی ساوایان هەموار بکرێتەوە و کرێی وانەبێژی بۆ مامۆستایانی باخچەی ساوایان وەکو سااڵنی ڕابردوو خەرج بکرێت. گوتیشی: ئەگەر بڕیارە جێبەجێ بکرێت زیانی دەبێت و شوێنی مامۆستایانی وانەبێژ لە باخچەکانی ساوایان چۆڵ دەبێت، بەمەش پەروەردەکان ناچار دەبن مامۆستا بگوازنەوە بۆ باخچەکان.



پەرلەمانی فینلاند بڕیارەکەی حکوومەتی وڵاتەکەی بۆ گەڕاندنەوەی ژن و منداڵی داعشەکان پەسەند دەکات

منداڵە فینلاندییەکانی کەمپی هۆل لە سووریا لە کورتترین ماوەدا بۆ فینلاند دەگەڕێنرێنەوە



بڕیارەکەی حکوومەتی فینلاند سەبارەت بە گەڕانەوەی ئەو منداڵ و ژنە فینلاندییانەی کە پەیوەندییان بە داعشەوە هەبووە و تا ئێستاش لە سووریان لە پەرلەمانی ئەو وڵاتە پشتیوانیی کرا. بەهۆی بڕیارەکەی حکوومەتی فینلاند بۆ گەڕاندنەوەی ئەو ژن و منداڵە فینلاندییانەی پەیوەندییان بە ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعشەوە لە سووریا هەیە، ئۆپۆزسیۆن پرۆژە پێشنیازێکی بۆ لێپرسینەوە پێشکەش بە پەرلەمان کرد. لەو دەنگدانەشدا کە لە پەرلەمان ئەنجامدرا، بڕیارەکەی حکوومەت بە 110 دەنگی بەڵێ بەرانبەر بە 79 دەنگی نەخێر، پەسەندکرا.

سەرەڕای وەزیری دەرەوەی فینلاند، پێککا هاڤیستۆ کە بەوە تاوانبارەدەکرا بێ ڕاوێژکردن لەگەڵ حکوومەت و تەنیا لە چوارچێوەی ئاگاداریی سەرکۆماری وڵاتدا، دەستی داوەتە پرۆسەیەک بۆ هێنانەوەی داعشە فینلاندییەکان، بەڵام پارتەکانی ئۆپۆزسیۆن نەیانتوانی پشتیوانیی پێویست بۆ پرۆژە پێشنیازەکەیان سەبارەت بە لێپرسینەوە لە پێککا هاڤیستۆ و حکوومەت بهێنن.

بەپێی ئەو بڕیارەی کە لە دوای دەنگدانەکە یەکلاییبووبەوە، منداڵە فینلاندییەکانی کەمپی هۆل لە سووریا لە کورتترین ماوەدا بۆ فینلاند دەگەڕێنرێنەوە. دۆخی دایکەکانیشیان لە دوای لێکۆڵینەوە لێیان، بڕیاری لەسەر دەدرێت.

پارتی فینلاندیە ڕاستەقینەکان کە پارتێکی ڕاستڕەوی تونداڕۆیە و بەرەی ئۆپۆزسیۆنە، لەگەڵ پارتی هاوپەیمانیی نیشتمانیی کە پشتیوانییەتی داکۆکیی لەوە دەکەن کە گەڕاندنەوەی ئەو هاوڵاتییە فینلاندییانەی پەیوەندییان بە داعشەوە هەیە بۆ وڵاتەکەیان، مەترسیی جددیی ئەمنیی دروست دەکات.

www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/12/19 ژمارە (5896) | خەبات

رەوەندی کورد لە تاراوگە ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانییان پیرۆز کرد

بڕۆکسل.. ئاڵای کوردستان لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا بەرزکرایەوە



ساسان دەرویش-هۆڵەندا:

هەر نەتەوەیەک و گەلێک بۆ ناساندن و پێناسەی خۆی لە کۆڵەکەکانی بوونی لە خاک و زمان و کولتوور و ئاڵا، نەتەوەی کوردیش وەک گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەت و کیانی سیاسی و سەربەخۆیی خۆی، لە دوای چەندین ساڵی خەبات و تێکۆشان لە ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی کورددا، لە ئێستادا لە باشووری کوردستان لە هەرێمێکی سەربەستدا لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاڵای فەرمی خۆیی هەیە و شانازیی پێوە دەکات لە پاڵ سیمبۆلەکانی تری وەک پێشمەرگە و شەهید و مارشی ئەی ڕەقیب، بۆ گەڕانەوەش بۆ میژووی چەندەها ساڵەی نەتەوەی کورد، 74ساڵ لەمەوبەرێش لە ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە گۆڕەپانی چوار چرای شاری مەهاباد بۆ یەکەمجار بە فەرمی ئاڵای کوردستان هەڵکرا و بووە ڕەمزی کوردستان، لە دواساتەکانی 11 مانگ لە کۆمارەکە، پێشەوا قازی محەمەد بە ئامانەت ئاڵاکەی دا بە بارزانیی نەمر و گوتی لە تۆ شایستەتر شک نابەم کە پارێزگاری لەم ئاڵایە بکات، کە پەیمانی دایە بەخوێن و گیان بەختکردن پارێزگاری لێ بکات و لە بارزانی باوکەوە درایە بارزانی کوڕ و فەرمووی: من خۆم لەو ڕۆژە لەدایکبووم، لەژێر سیبەری ئاڵای کوردستان لە سابلاخ، لە دایکبووم و هەموو دەقیقەیەکیش ئامادەم لەژێر سێبەری ئەو ئاڵایە و بۆ ئەو ئاڵایە بمرم، کە لە پێناو بەرز ڕاگرتنیدا نەتەوەی کورد دەربایەک خوێنی بەخشیوە و گیانفیدایی کردووە، کە خۆشبەختانەش باوکی باوک و بارزانیی کوڕ خەونی پێشەوا و هەموو نەتەوەی کوردیان هێنایەدی.

لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1991 لە باشووری کوردستان و هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و پێکهێنانی حکوومەت و لە ساڵی 1999 بڕیاردرا ڕۆژی 17ی کانوونی یەکەمی هەموو ساڵێک وەک ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان پیرۆز بکرێت و لەسەر بینا و باڵەخانەی هەموو دامودەزگاکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەڵبکرێت، پێشمەرگەی کوردستان بوونە پارێزەری و ئاڵای کوردستان بوو بە بەشێک لە شانازیی نەتەوەییمان و هەموو ساڵێک لەم کات و ساتەدا بۆ بەرز ڕاگرتنی بە چەندها چالاکی هەمەڕەنگ لە شار و شارۆچکەکانی شارەکانی کوردستان پیرۆزی دەکەن، بەهەمان شێوەش ڕەوەندی کوردی لە تاراوگە لە وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکا و بەریتانیا لە چەندین چالاکی جۆراوجۆردا ئاڵای کوردستان بەرز دەکەنەوە و پیرۆزی دەکەن، کە ساڵانێکی درێژە بۆ ناساندنی ناسنامەی نەتەوەیی کورد لە چالاکییەکانیاندا بەزری دەکەنەوە و بە نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتیی ئەورووپا لە بڕۆکسل بەرزکرایەوە بە هەمان شێوەش لە لەندەن لە کۆڕێکدا فازیل ڕەئوف و لە نەرویز بە هەمان شێوە هەژار سەبری نێروەی لە کۆڕێکدا و هەروەها هەڤکاری کوردی لە شاری بریەن لە ئەڵمانیا پێکەوە هەموویان تیشکیان خستە سەر میژووی ئاڵای کوردستان و پیرۆزکردنی و لە شاری بەرلین و شاری دوسڵدۆرفی ئەڵمانیا و ئەنجوومەنی دانیمارکی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان و لیژنەی هەڤکاری پارتە سیاسییەکانی هۆڵەندا و لە چەندین شار و وڵاتی تر ئەم یادە پیرۆز ڕاگیرا بە بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان و پیرۆزباییکردن لە یەکتر و جەختکردنەوە لە یەکهەڵوێستی و یەکدەنگی کورد بۆ بەرەوپێشچوونی پرسی زیاتری کورد و گەیشتن بە ئامانجەکانی و هێنانەدی خەونی شەهیدان لە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لەنێو دەوڵەتی کوردستان.

هەر لەم یادەشدا نابێ خۆشەویستی و هاوسۆزی دۆستەکانی کورد و بیانییەکان لە نێو کۆمەڵگەکانی دونیا لەبیر بکەین کە هەمیشە و هەر یەکە و بەشێوازیی خۆی پاڵپشتی خۆیان دەربڕیوە بۆ دۆزی ڕەوای نەتەوەییمان یەکێک لەو کەسایەتییانە بە نمونە کاک پێتر کۆستری هۆڵەندییە کە لە خۆشی و ناخۆشییەکانی کورد بەجلوبەرگی کوردی و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان و پیرۆزباییکردن لە یەکتر و جەختکردنەوە لە یەکهەڵوێستی و یەکدەنگی کورد بۆ بەرەوپێشچوونی پرسی زیاتری کورد و گەیشتن بە ئامانجەکانی و هێنانەدی خەونی شەهیدان لە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لەنێو دەوڵەتی کوردستان.

هەر لەم یادەشدا نابێ خۆشەویستی و هاوسۆزی دۆستەکانی کورد و بیانییەکان لە نێو کۆمەڵگەکانی دونیا لەبیر بکەین کە هەمیشە و هەر یەکە و بەشێوازیی خۆی پاڵپشتی خۆیان دەربڕیوە بۆ دۆزی ڕەوای نەتەوەییمان یەکێک لەو کەسایەتییانە بە نمونە کاک پێتر کۆستری هۆڵەندییە کە لە خۆشی و ناخۆشییەکانی کورد بەجلوبەرگی کوردی و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان و پیرۆزباییکردن لە یەکتر و جەختکردنەوە لە یەکهەڵوێستی و یەکدەنگی کورد بۆ بەرەوپێشچوونی پرسی زیاتری کورد و گەیشتن بە ئامانجەکانی و هێنانەدی خەونی شەهیدان لە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لەنێو دەوڵەتی کوردستان.

هەر لەم یادەشدا نابێ خۆشەویستی و هاوسۆزی دۆستەکانی کورد و بیانییەکان لە نێو کۆمەڵگەکانی دونیا لەبیر بکەین کە هەمیشە و هەر یەکە و بەشێوازیی خۆی پاڵپشتی خۆیان دەربڕیوە بۆ دۆزی ڕەوای نەتەوەییمان یەکێک لەو کەسایەتییانە بە نمونە کاک پێتر کۆستری هۆڵەندییە کە لە خۆشی و ناخۆشییەکانی کورد بەجلوبەرگی کوردی و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان و پیرۆزباییکردن لە یەکتر و جەختکردنەوە لە یەکهەڵوێستی و یەکدەنگی کورد بۆ بەرەوپێشچوونی پرسی زیاتری کورد و گەیشتن بە ئامانجەکانی و هێنانەدی خەونی شەهیدان لە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لەنێو دەوڵەتی کوردستان.

هەر لەم یادەشدا نابێ خۆشەویستی و هاوسۆزی دۆستەکانی کورد و بیانییەکان لە نێو کۆمەڵگەکانی دونیا لەبیر بکەین کە هەمیشە و هەر یەکە و بەشێوازیی خۆی پاڵپشتی خۆیان دەربڕیوە بۆ دۆزی ڕەوای نەتەوەییمان یەکێک لەو کەسایەتییانە بە نمونە کاک پێتر کۆستری هۆڵەندییە کە لە خۆشی و ناخۆشییەکانی کورد بەجلوبەرگی کوردی و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان و پیرۆزباییکردن لە یەکتر و جەختکردنەوە لە یەکهەڵوێستی و یەکدەنگی کورد بۆ بەرەوپێشچوونی پرسی زیاتری کورد و گەیشتن بە ئامانجەکانی و هێنانەدی خەونی شەهیدان لە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لەنێو دەوڵەتی کوردستان.

هەر لەم یادەشدا نابێ خۆشەویستی و هاوسۆزی دۆستەکانی کورد و بیانییەکان لە نێو کۆمەڵگەکانی دونیا لەبیر بکەین کە هەمیشە و هەر یەکە و بەشێوازیی خۆی پاڵپشتی خۆیان دەربڕیوە بۆ دۆزی ڕەوای نەتەوەییمان یەکێک لەو کەسایەتییانە بە نمونە کاک پێتر کۆستری هۆڵەندییە کە لە خۆشی و ناخۆشییەکانی کورد بەجلوبەرگی کوردی و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان و پیرۆزباییکردن لە یەکتر و جەختکردنەوە لە یەکهەڵوێستی و یەکدەنگی کورد بۆ بەرەوپێشچوونی پرسی زیاتری کورد و گەیشتن بە ئامانجەکانی و هێنانەدی خەونی شەهیدان لە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لەنێو دەوڵەتی کوردستان.

هەر لەم یادەشدا نابێ خۆشەویستی و هاوسۆزی دۆستەکانی کورد و بیانییەکان لە نێو کۆمەڵگەکانی دونیا لەبیر بکەین کە هەمیشە و هەر یەکە و بەشێوازیی خۆی پاڵپشتی خۆیان دەربڕیوە بۆ دۆزی ڕەوای نەتەوەییمان یەکێک لەو کەسایەتییانە بە نمونە کاک پێتر کۆستری هۆڵەندییە کە لە خۆشی و ناخۆشییەکانی کورد بەجلوبەرگی کوردی و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان و پیرۆزباییکردن لە یەکتر و جەختکردنەوە لە یەکهەڵوێستی و یەکدەنگی کورد بۆ بەرەوپێشچوونی پرسی زیاتری کورد و گەیشتن بە ئامانجەکانی و هێنانەدی خەونی شەهیدان لە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لەنێو دەوڵەتی کوردستان.

هەر لەم یادەشدا نابێ خۆشەویستی و هاوسۆزی دۆستەکانی کورد و بیانییەکان لە نێو کۆمەڵگەکانی دونیا لەبیر بکەین کە هەمیشە و هەر یەکە و بەشێوازیی خۆی پاڵپشتی خۆیان دەربڕیوە بۆ دۆزی ڕەوای نەتەوەییمان یەکێک لەو کەسایەتییانە بە نمونە کاک پێتر کۆستری هۆڵەندییە کە لە خۆشی و ناخۆشییەکانی کورد بەجلوبەرگی کوردی و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان و پیرۆزباییکردن لە یەکتر و جەختکردنەوە لە یەکهەڵوێستی و یەکدەنگی کورد بۆ بەرەوپێشچوونی پرسی زیاتری کورد و گەیشتن بە ئامانجەکانی و هێنانەدی خەونی شەهیدان لە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لەنێو دەوڵەتی کوردستان.

عەلی سوهەیل: پێدەچێت سەدر ماوەیەک لە سیاسەت دووربکەوێتەوە



کەسایەتی سیاسی و ڕێبەری ڕەوتی سەدر، موقتەدا سەدر هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک کە بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامە سیاسییەکانی بەکاری دەهێنا، هەڵپەسارد، هەروەها بڕیاری داخستنی چەند دامەزراوەیەکی گرنگی ڕەوتەکەشی بۆ ماوەی ساڵێک دا. ئەم هەنگاوەی ڕێبەری ڕەوتی سەدر پرسیاری ئەوەی هێناوەتە ئاراوە کە ئایا موقتەدا سەدر لە سیاسەت دەکشێتەوە؟.

لە کاتێکدا کادیری پێشووی پارتی دەعوە، محەمەد شیاع سودانی بەرێڕێوی هاوبەشی پارتە شیعەکانە بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران و هەردوو پێکهاتەی کورد و سوننەش پەسەندیان کردووە، بەڵام موقتەدا سەدر دژی بەرێڕێکردنی محەمەد سودانییە، پێشتریش لە دوو ڕوونکردنەوەدا کە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بڵاوی کردبوونەوە دژایەتی خۆی بۆ بەرێڕێکردنی ناوبراو ڕاگەیاندبوو.

هۆکاری ئەم دژایەتییەی موقتەدا سەدر بۆ ئەوە دەگەڕێندرێتەوە کە محەمەد سودانی لەلایەن هاوپەیمانی فەتحی نزیک لە ئێران و سەرۆک وەزیرانی پێشووی نوری مالکییەوە پشتیوانی لێکراوە. ئاشکراشە سەدر و مالیکی بەهۆی کۆمەڵێک کێشەی سیاسیی کۆنەوە پێکەوە ناکۆکن. چونکە لە سەردەمی حکوومەتەکەی نوری مالیکی دا چەندین بەرپرسی سوپای مەهدی سەر بە ڕەوتی سەدر دەستگیرکرابوون و خرابوونە بەندینخانەکانەوە.

هەروەها وەزیرەکانی سەر بە ڕەوتی سەدر لە کابینەکەی مالیکی دا لەڕێی گوشارەوە ناچار بە دەستلەکارکێشانەوە دابووەوە. بە لەبەرچاو گرتنی هەموو ئەم خاڵانە سەختە موقتەدا سەدر بەربژێرێک بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران پەسەند بکات کە لەلایەن نوری مالکییەوە پشتیوانی لێکرابێت. لەلایەکی دیکەشەوە سووربوونی گرووپە شیعەکانی نزیک لە ئێران لەسەر کاندیدکردنی محەمەد سودانی بووەتە هۆی تووڕەبوونی موقتەدا سەدر.

ڕۆژی شەشی ئەم مانگە لە شاری بەغدا ئاگر بەردرایە گەراجێکی نزیک مەیدانی تەحریر و چوار ڕۆژ لەمەوبەریش گەنجێک لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوە هەڵواسرا، دەنگۆی ئەوەش بڵاوبووەوە کە میلیشیاکانی سەرایە سەلامی سەر بە ڕەوتی سەدر دەستیان لەم ڕووداوانەدا هەبووە. ئەوەی جێگای سەرنجیشە زۆربەنەی ئەوانەی ئەم بانگەشانە دەکەن کەسانی نزیک لە حەشدی شەعبین کە لەلایەن ئێرانەوە پشتیوانی دەکرێن. دەنگۆی ئەوە هەیە کە هەموو ئەم ڕووداوانە موقتەدا سەدریان تووڕەکردبێت، وایانکردبێت لە سیاسەت دووربکەوێتەوە و لە ئێران دەرێژە بە وەرگرتنی پەروەردەی ئایینی بدات.

بڕیاری داخستنی ئەنجوومەنی سیاسی ڕەوتی سەدر کە یەکێکە لە گرنگترین مەرجەعە سیاسییەکانی ڕەوتەکە لەلایەن موقتەدا سەدرەوە، ئەو دەنگۆیانە بەهێزتر دەکات کە سەرۆکی ڕەوتی سەدر دەیەوێت لە سیاسەت دووربکەوێتەوە. موقتەدا سەدر لە دوا داخستنی هەژمارەکەی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک هیچ ڕوونکردنەوەیەکی سیاسی نەداوە، بەڵام چەند وێنەیەکی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوبووەتەوە کە لە حەوزەی شاری قوم لە ئێران سەرقاڵی وەرگرتنی پەروەردەی ئایینیە.

چاوەڕێری سیاسیی عێراقی عەلی سوهەیل، لەبارەی بڕیاری داخستنی چەند دامەزراوەیەکی گرنگی ڕەوتی سەدر هاوکات لەگەڵ هەڵپەساردنی هەژماری تایبەتی موقتەدا سەدر لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بەمشێوەیە گوتوویەتی: ڕابەری ڕەوتی سەدر پێشتریش داوای داخستنی چەند دامەزراوەیەکی سەر بە ڕەوتەکەی دابوو. ، بەڵام لە قۆناغێکی هەستیاری وەک ئێستادا بڕیاری هەڵپەساردنی هەژمارە تایبەتییەکەی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک کە بەشێوەیەکی چڕ پەیامە سیاسییەکانی لەوێوە بۆ ڕای گشتی یەلاوەدەکردەوە، بە مانای ئەوە دێت کە لە ڕەوشی سیاسی ڕازی نییە. وا پێدەچێت سەدر بڕیاری دابێت ماوەیەک لە سیاسەت دووربکەوێتەوە.

عەلی سوهەیل پێیوایە دەشێت یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی ئەم هەڵوێستەی موقتەدا سەدر، پڕۆژەیاسای نوێیی هەڵبژاردن بێت کە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەیەوێت پەسەندی بکات و گوتی سەدر، لە نزیکەوە چاودێری ڕەوشی ئەو پڕۆژەیاسایە دەکات کە فراکسیۆنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران کاری لەسەر دەکەن. ئەگەر ئەم پڕۆژەیاسایە خزمەت بە بەرژەوەندی پارتە سیاسییەکان بکات دەشێت سوودیشی بۆ موقتەدا سەدر هەبێت. هەروەها کشانەوەی لە سیاسەت دەبێتە وەڵامێک بۆ پرسیاری ڕای گشتی لەبارەی هۆکاری بەبێدەنگی مانەوەی.

جگە لە موقتەدا سەدر، شەقامی عێراقیش دژی بەربژێرکردنی محەمەد شیاع سوودانییە. خۆپیشاندەران لە یەکەم ڕۆژی بڵاوبوونەوەی دەنگۆی دیاریکردنی ناوبراو بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران تا ئێستا نارەزایی دەردەبڕن. لە شوێنەکانی تایبەت بە خۆپیشاندان لە بەغدای پایتەخت بە گەورەیی پۆستەری محەمەد سوودانی و نوری مالیکی هەڵواسراوە و هێڵی ڕاست و چەپ بەسەر دەموچاویاندا هێندراوە. خۆپیشاندەران دژ بە دەستلەکارکێشانەوەی سوودانی لە پارتەکەی بۆ خۆپاڵاوتنی بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران، پانکارتی کەسی سەربەخۆ نەک دەست لەکارکێشاویان بەرزکردەوە. دەنگۆی ئەوەش هەیە ئەگەر محەمەد سوودانی بەتەواوی هەلی بوون بە سەرۆک وەزیران لەدەستبدات، پارتە شیعەکان سەرۆکی دەزگای هەواڵگری عێراقی، مستەفا کازمی بۆ ئەو پۆستە پێشنیاز بکەن.

دادگا سزای زیندانیکردنی بەسەر ڕاوێژکارێکی ترەمپ دەسەپێنێت

ڕاوێژکارێکی پێشووی کەمپینی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ بە ناوی ریک گێتس لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکانی ڕووسیادا بە 45 ڕۆژ زیندان سزادرا.

گێتس، کە لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا یاریدەدەری بەرێوەبەری کەمپینەکانی ترەمپ بوو و لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکانی ڕووسیادا دادگایی دەکرا، دادگای ناوچەی واشنتۆن بە تۆمەتەکانی، تەڵەکەبازی دارایی و درۆکردن لەگەڵ کارمەندانی لێکۆڵینەوەی فیدرالی و چەند تۆمەتێکی دیکەدا بڕیارێکی لە دژی دەرکرد. دادگا، بڕیاری زیندانیکردنی 45 ڕۆژ و 20 هەزار دۆلار سزای دارایی بەسەر گێتس سەپاند. شایەنی باسە گێتس، لە مانگی شوباتی ساڵی 2018دا لەبەردەم داواکاری گشتیی تایبەت بە دۆسیەی لێکۆڵینەوەکانی ڕووسیا ڕۆبێرت مولەردا دانی بە تاوانەکەیدا ناوە و ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ هاوکاریکردنی ئەو بەرپرسانەی کە بەڕێوەدەبەن.



ئەنجوومەنی پیرانی ئەمەریکا سزای زیاتر بەسەر ڕژێمی سووریادا دەسەپێنێت

لەگەڵ پەسەندکردنی بوودجەی بەرگریی لە ئەنجوومەنی پیرانی ئەمەریکا، ئەو پرۆژە یاسایەش پەسەندکرا کە سەپاندنی سزای زیادە بەسەر ئەو کەس و دامەزراوانەدا لە خۆدەگرێت کە پشتیوانیی بۆ ڕژێمی بەشار ئەسەد لە سووریا و پشتیوانەکانی، هەرێمی لە ڕووسیا و ئێران دەستەبەردەکەن. بەپێی تۆمارەکانی کۆنگرێس، ئەنجوومەنی پیران پێشتر یاسای پاراستنی سڤیلەکانی سووریا -سیزار، قەیسەری پەسەندکردبوو، کە لە ئەنجوومەنی نوێنەران تێپەڕی. پرۆژە یاساکە سنووردارکردنی دارایی و سەپاندنی سزای زیاتر بەسەر ئەو کەس و دامەزراوانەدا لە خۆدەگرێت کە پشتیوانیی بۆ پەیوەندییان بە شەڕ و پێکدادانەکان لە سووریادا، هەبووە.

لە پرۆژە یاساکەدا داوا لە وەزارەتی گەنجینەی ئەمەریکا کراوە ڕۆڵی بانکی ناوەندیی سووریا لە سپیکردنەوەی پارەدا هەڵبسەنگێنێت و ئەگەر هات و لەوبارەیەوە نیگەرانییەک هەبوو، ئەوا دەکرێت داوای زانیاریی وردتر لە دامەزراوە دارایییە لۆکاڵییەکان لەبارەی مامەڵەکانیان لەگەڵ بانکەکەدا، بکرێت. سزا بەسەر ئەوانەی کە پشتیوانیی دارایی و ئابووریان بۆ ڕژێمی سووریا و پشتیوانانی دەستەبەرکردووە، دەسەپێنرێت، هەر بەپێی پرۆژە یاساکە ئەوانەی کە پشتیوانییان پێشکەشی حکوومەتی سووریا یان ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرایەتییانە کە بۆ هەریەک لە سووریا، ڕووسیا و ئێران کاردەکەن، کردووە یان ئەو کەس و دامەزراوە بیانییانەی مامەڵەیان بە بڕی زۆری پارە لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانەدا کردووە، دەتوانرێت سزایان بەسەردا بسەپێنرێت. لە چوارچێوەی سزاکاندا قەدەغە دەخرێتە سەر ئەو کەسانە لە چوونە ئەمەریکا، هەروەها ڕێگریی لە گواستنەوەی مووڵک و سامانی گوازراوە و نەگوازراویان دەکرێت. هاوکات لە پرۆژە یاساکەدا بەپێویست زانراوە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی کە پشتیوانیی پێشکەشی دامەزراوە دیموکراتییەکان دەکەن یان هاوکاریی مرۆیی دەستەبەردەکەن، لە سزاکان ببەخشرێن، و ئەگەر بێت و سەرۆکی ئەمەریکا پێی وابوو کە دژی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی وڵاتە، ئەوا دەتوانێت بەشێک یان تەواوی سزاکان هەڵپەسێرێت.



کاکەمین نەجارِ: دەبێ کادیرانی پارتی بە چەکی زانست و بیری نوێ گۆشبکرێن



لە بارەگای لێژنەی ناوچەی دەشتی هەولێر بە ئامادەبوونی کاکەمین نەجارِ ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتیزگای هەولێر و بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی 16و ئەندامانی ئەنجومەن و ژمارەیەک لە بەرپرسان کۆتایی هات بە خولی ڕۆشنبیری کە بۆ 55کادیری لێژنەی ناوچەی دەشتی هەولێر کرابۆوە.

لە سەرەتادا کاکەمین نەجارِ تیشکی خستە سەر گرنگی ئەم جۆر خولانە و ڕایگەیاند: ئەمڕۆ پێویستە کادیر لە هەموو بوارەکان شارەزایی هەبێت و بتوانێت سیاسەتی پارتی و پەیامی حزبەکەی بە باشی بگەیەنێت و لە ڕووداوەکانی ڕۆژ و سیاسەت ئاگادار بێت. لە بەشێکی تری وتەکانیدا وتی: ئامانجی پارتی دروستکردن و بنیادنانی کادیرێکی تەواو هۆشیارە، هەر بۆیە بە گرنگییەوە لە خولی پێگەیاندنی کادیران دەڕوانین و گرنگە ئۆرگانەکانی پارتیمان گرنگی بە پێگەیاندن و فێرکردنی کادیر بدەن. لە دریژەی وتەکانیدا سوپاسی مامۆستایان کادیرانی بەشداربووی کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستن. دواتر بڕوانامەی دەرچوون لە لایەن کاکەمین نەجارِ و بەرپرسان بە دەرچوانی خول بەخشرا

ڕێز لە هژمارەکا کادرێن ماندوونەناس هاتەگرتن



ب ئامادەبوونا سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجوومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقا ئێک ب یاوەریا بەرپرسێ نڤیسینگە هارێکخستنێ و بەرپرسێ لێژنا ناوچا ئازادی و بتەقلیبوونا بەرپرسێن بنگەهێن سنوریّ ڤێ ناوچێ ل ژێر دورشمێ (هیچ شورەشەک بێ قیادەکرنا حزبەکا منەزم ناجح نابیت) بارزانیێ نەمر، ڕێز ل کەد و ماندیبوونا بەرپرسێن بنگەهان هاتە گرتن، ئەڤەو ل دەستپێکا ڤان ڕێورەسماندا بەرپرسێ لقێ پەیڤەک ئاراستە کر و گوت: هێن ئەو لەشکەرن ییێن ڕوژێن تەنگاڤیا دکەڤنە قادا خەباتێ دا و شین پەنجێن هەوە ژی دڤان هەلبژاتێن چووی دا د بەرچاڤ بوون و بۆ سوبەهی ژی بۆ پاراستنا ڤان دەستکەفتا و پێشڤەبرنا وێ دێ بارێ گران هەر کەڤیتە سەر مللێن کادرێن پارتی چونکی ئەم خوەدی ڕێبازەکا ڕاستەقینە و زەلاڵین ئەو ڕێبازا بارزانییێ نەمرە کو ئەم گەهاندینە قوناغا ئەڤرۆ. پاشرا بەرپرسێ لقێ بڤێ بوونێ دیاری لسەر بەرپرسێن بنگەهان پارڤەکرن.

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەڕێز ئەبو فاروق عەبدولغەنی حاج شاکر

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی هاوسەری بەڕێزتمان پێگەیشت.

خۆمان بە هاوبەشی خەمتان دەزانین و سەرەخۆشیتان لێ دەکەین.

هیوادارین خودای گەورە گیانی هاوسەری کۆچکردووتان بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و دڵنەوایی بەهەموو لایەک ببەخشێت.

انا لله وانا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

***

بۆ برای بەڕێز سعوود مەلا

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی تیکۆشەری ناسراو و کادیری حزبی هاوپەیمانان کاک ئەکرەم مەلا- مان پێگەیشت. هاوبەشی خەمتانین و لە خوای گەورە داواکارین خوالێخۆشبێت بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات و ئارامی و دڵنەواییش بە هەموو لەیەک ببەخشێت.

انا لله وانا الیه راجعون

مەکتەبی سیاسی

دهۆک... سەرپەرشتیاری پرۆژەکە: دەست بە ئەندەرپاسی سێیەمیش دەکرێت



بە مەبەستی کەمکردنەوەی جەنجاڵیی شەقامەکانی شاری دهۆک، حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێنج ئەندەرپاس و ئۆڤەرپاس لە سەنتەری شارەکە دروست دەکات، سەرپەرشتیاری پرۆژەی ئەندەرپاس و ئۆڤەرپاسیش ڕایدەگەیەنێت: کارکردن لە پرۆژەکەدا بەردەوامە و لەم دوو ڕۆژەدا دەست بە قۆناغی ئەندەرپاسی سێیەمیش دەکەین. دەشڵێ: بەڵێنمان داوە کارەکان بەر لە وادەی خۆی تەواو بکەین.

ئەندازیار کانیوار جوبرائیل محەمەد، سەرپەرشتیاری پرۆژەی ئەندەرپاس و ئۆڤەرپاسی دهۆک، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: پرۆژەی ئێمە پاکێجێکە بە گوژمەی نزیکەی 74 ملیار دیناری عێراقی دروست دەکرێت، کە لە پێنج پرۆژە پێکدێت و لە ماوەی چوار مانگدا دوو پرۆژەمان تەواو کردوون، یەکەمیان پرۆژەی شەقامێکی کەمەری بوو لە گەڕەکی نزارکێ بە گوژمەی 2 ملیار دینار، پرۆژەی دووەمیش شەقامێکی خزمەتگوزاری بوو لە نزیک شەقامی سەرەکیی بارزان 3 کم و نیو بوو بە گوژمەی 2 ملیار و 500 ملیۆن دیناری عێراقی، هەروەها پرۆژەی سێیەمیش دروستکردنی ئەندەرپاسێکە بە گوژمەی نزیکەی 19 ملیار دینار لە نزیک فەرماندەیی دهۆک و نزیکەی 64 لەسەدی پرۆژەکە تەواو بووە، ئەگەر کەشوهەواش گونجاو بێت، ئەوا لە ماوەی یەک بۆ دوو مانگدا ئەویش تەواو دەکەین.

ئەو سەرپەرشتیارەی پرۆژەی ئەندەرپاس و ئۆڤەرپاسی پارێزگای دهۆک ڕاشیگەیاند: یەک ئەندەرپاسی تر لە پرۆژەکەماندا ماوە و تێیدا دەستمان بە کار نەکردووە لە نزیک تەلەڤزیۆنی دهۆکە، کە لەم دوو ڕۆژەدا لەوێش دەست بە کار دەکەین و ئەوەی تریش ئۆڤەرپاسە لە نزیک قوتابخانەی سەفینە لە نزیک شەقامی سەرەکی و لە سالّی داهاتوودا کاتی وەرزی کار، بەر لەگەیشتن بە زستان تەواوی دەکەین. کانیوار گوتیشی: ماوەی تەواوی پرۆژەکەمان 960 ڕۆژە، واتا دوو ساڵ و هەشت مانگ، کارەکانمان بەردەوامە و هەرچەندە کاری دروستکردنی شەقام لە وەرزی زستان و بارانبارین بە گوێرەی پرۆگرام بەڕێوە ناچێت، بەڵام بەڵێنمان داوە لە کۆمپانیا کە ئەو پرۆژەیە لە ماوەیەکی کەمتر لە کاتی دەستنیشانکراو تەواو بکەین.

پشکنینی گەڕەکە کوردنشینەکانی کەرکووک لە لایەن هێزە عێراقییەکان نیگەرانیی لێدەکەوێتەوە



خەبات- ئارام شێرکۆ: لە پاش ڕووداوەکانی 16 ئۆکتۆبەر و نەمانی هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایش و لە دەستدانی دەسەلاتی کوردی لە کەرکووک، هێزی زۆر میلیشیایی بۆ هاتووە و کراوە بە سەربازگەیەکی گەورە بە هەموو شێوەیەک کار بۆ بەعەرەبکردنی شارەکە دەکرێت، هێزە عێراقیەکانیش بە بیانووی پشکنین هەڵدەکوتنە سەر چەند گەڕەکێکی کوردنشین و چەند هاوڵاتییەکی سڤیل دەستگیردەکەن. سەبارەت بەمەیش عەمید ئدریس ڕەفعەت بەڕێوەبەری ئاسایشی کەرکووک لە لێدوانێکی تایبەتی بە ڕۆژنامە خەباتی ڕاگەیاند: ئەوەی ئێستا لە شارەکە دەگوزەرێت دەستێکی گەورەی لە پشتە، هەر وەک چۆن لە پێشتر دەستیان کرد بە سووتاندنی دانەوێڵەی کورد و بە هەڕەدانی ماندووبوون ڕەنجی ساڵانەیان و داگیرکردنی زەویە کشتوکاڵییەکان لە ناوچەکە بە سەر لەبەیانی دوێنێ بە ئامادەبوونی هیوا گەیلانی بەرپرسی لقی11ی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەندامانی دەستەی کارگێڕی لق و لێپرسراوانی لێژنە ناوچەکانی سنورەکە و کادرانی لق و ناوچەکان و فەرماندە سەربازییەکان و هێزی خەباتی سنورەکە و ئافرەتان و لاوان و قوتابیان لەناو حەماسەت و ئاپۆزایەکی جەماوەری دا، بارەگای لێژنەی ناوچەی سەنگەسەر کرایەوە.

خاچی سوور سەنتەرێکی نوێی جەستەیی و پەلی دەستکرد لە هەولێر دەکاتەوە



ڕێکخراوی خاچی سووری نێودەوڵەتی سەنتەرێکی جەستەیی و پەلی دەستکردن لە شاری هەولێر، دەکاتەوە. بڕیارە کاتژمێر 10ی سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ پێنجشەمە 2019/12/19 خاچی سووری نێودەوڵەتی بە ئامادەبوونی ژمارەیەک وەزیر و بەرپرسی هەولێر، بەردی بناغەی سەنتەرە نوێیەکە دابنێت. ئەو سەنتەرە پرۆژەیەکی خاچی سوورە بۆ بوژاندنەوەی جەستەیی و دروستکردنی پەلی دەستکرد بۆ خاوەن پێداویستییە تایبەتەکانی چەندین ساڵە ڕێکخراوەکە لەڕێگەی سەنتەرێکەوە لە هەولێر، پەلی دەستکرد بۆ خاوەن پێداویستییە تایبەتەکانی پارێزگای هەولێر و هەموو پارێزگاکانی عێراق، دروست دەکات.

چوار کەس بە تۆمەتی فێڵکردن لە ژمارەیەک شۆفێری تەکسی دەستگیرکران



مەفرەزەکانی بنکەی پۆلیسی تاسڵوجە چوار کەسیان بەتۆمەتی فێڵکردن لەژمارەیەک شۆفێری تەکسی دەستگیر کرد.

لەڕاگەیاندراوێکدا بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی کەوێنەیەک دەست مالپەڕی کوردستان تیڤی کەوتووە ڕایدەگەنێنێت ، پاش ئەوەی گرووپێکی ساختەکار کەلوپەلی شکاو و فڕێدراویان خستبووە ناو کارتۆنەوەو لەشێوەی پۆستدا لەڕێی ژمارەیەک شۆفێری تاکسییەوە ڕەوانەی شارەکانی) کەلار، هەولێر، ڕانیە)یان کردبوو، لەبەرامبەردا بڕی 700 هەزار بۆ یەک ملیۆن دیناریان لە شۆفێرەکان وەرگرتووە، بەپاساوی ئەوەی ئەو کەسەی کاڵاکەی بۆ دەبەن پارەکەیان دەداتەوە، بەڵام لەبنەڕەتدا تۆمەتبارەکان گرووپێک بوون و پێکەوە کاریان کردووەو هیچ بڕە پارەیەکیان نەداوەتەوە بە شۆفێرەکان. بەڕێوەبەرایەتیەکە ڕایدەگەنێنێت: پاش تۆمارکردنی سکاڵای یاسایی لەلایەن شۆفێرەکان و دوای چاودێریکردن و کۆکردنەوەی زانیاری ورد لەسەر تۆمەتباران، مەفرەزەکانی بنکەی پۆلیسی تاسڵوجە توانیان ئەندامانی گرووپەکە دەستگیر بکەن کە لەچوار کەس پێکهاتبوون. پۆلیسی سلێمانی ئاماژە بەوەش دەکات کە تۆمەتباران لەبەردەم دادوەری لێکۆڵینەوەدا دانیان بەتاوانەکەیاندا ناوەو لە ئێستادا بەبڕیاری دادوەرو بەپێی ماددەی 456 لەیاسای سزادانی عێراقی بەندن. جێی ئاماژەیە کە تۆمەتبار (م . ا. گ) لەبنکەکانی پۆلیسی (دوکان، حاجیاوا، چواچرا)و بەشی نەهێشتنی تاوانی کەلار فەرمانی دەستگرتنی هەیە بەپێی ماددەی 456 لەیاسای سزادان.

لێپرسینەوە لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانەی دەرمان دەکرێ کە پابەندی مەرج و ڕێنماییەکان نین

خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی: دکتۆر محەمەد قادر گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی ڕایگەیاند: وەزارەتی تەندروستیی هەرێم کار بۆ دامەزراندنی دەزگای خۆراک و دەرمان دەکات. جگەلەوەش لیژنەکان لە بازاڕدا بەردەوام لە ڕەوشی دەرمان لە ڕووی دانانی نرخ و کوالیتی و چۆنیەتی هەڵگرتن و گواستنەوەی و بەکۆگاکردنی دەرمان دەکۆڵنەوەو لیژنەی وەزارەتی تەندروستی خەریکی کارەکانی خۆیانن و دوا کاتیش دراوەتە کۆمپانیاکانی تایبەت بەدەرمان بۆ ئەوەی خۆیان ڕێکبخەوەو پابەندی مەرج و ڕێنماییەکان بن تا سزا نەدرێن و هەرکۆمپانیایەکی دەرمانیش پابەندی مەرجەکان حکومەت نەبێ ئەو کۆمپانیایە دادەخرێت.

www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/12/19 ژمارە (5896)

سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان بۆ ڕۆژنامەی «خەبات» دەدوێت

د. محەمەد شوکری: لە گفتوگۆداین تا وەبەرهێنەری تازە پڕۆژەکان تەواو بکەن لەبەر ئەوەی لەهەندێ پڕۆژەی وەکو یەکەی نیشتەجێبوون هاووڵاتیان پارەیان دابوو

لەمەودوا کارەکان بە پێی نەخشەو پلانی تۆکمە دەبێت و لەو حاڵەتەدا چیتر زەویش بەهەدەر ناڕوات





2-2

خەبات: سەید فاتیح بەرزنجی

دکتۆر محەمەد شوکری سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان لە دیمانەیەکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات کاروچالاکی و بەرنامەی دەستەی وەبەرهێنان بەوردی دەخاتەڕوو، هاوکات باس لە پلانی ئایندەی وەبەرهێنان لە کوردستان دەکات و ئاماژەیش بەوە دەدات کە ئایندەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان فراوانتر دەکەن.

لەسەر بڕیاری سەرۆکی حکوومەت پڕۆژەکانی وەبەرهێنان دەگاتە ناوچە دوورە دەستەکان

دواتر دەربارەی گەیاندنی پڕۆژەی وەبەرهێنان بۆ ناوچە دوورە دەستەکان دکتۆر محەمەد شوکری سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان ڕوونیکردەوە: لەسەر بڕیاری ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان دەبردرێتە ناوچە دوورە دەستەکانیش ئەو کارەش لە نەخشەی وەبەرهێنان ئامادە دەکرێت و بۆ ئایندە هەوڵ دەدرێت بەپێی پێویستی هەر ناوچەیەک مۆڵەت دەدرێتە پڕۆژەکان بۆ جێبەجێکردن ئەویش بە گوێرەی پێداویستی هەر ناوچەیەک لەبەر ئەوەی پێشتر وەبەرهێنەر خۆی پڕۆپۆزاڵی بۆ حکومەت ڕەوانە دەکرد، بەڵام بۆ ئایندە حکوومەتی هەرێم خۆی زەوی پێویست ئامادە دەکات بۆ ئەو شوێنانەی کە پێویستیان بە پڕۆژەی وەبەرهێنان هەیە و شارەکانی کوردستان لەسەر هێڵ دەبین بۆ ئەوەی ئەو پڕۆژانەی کە گرنگ و پێویستن بەرز بکرێتەوە تا بخرێتە بەردەمی حکومەتی هەرێم تا لەسەر ئەو بنەمایە مۆڵەت بە وەبەرهێنەر بدرێت، بۆ لەمەودوا هەوڵ دەدەین وەبەرهێنەری ڕاستەقینە دەستنیشان بکەین تا بۆ ئایندە وەبەرهێنەرانی کوردستان دکتۆر محەمەد شوکری سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان لە گوتی: هەفتەی ڕابردوو لە دیوانی پارێزگای هەولێر بەسەرپەرشتی دکتۆر فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر بەئامادەبوونی سەرجەم قایمقام و بەڕێوەبەرایەتی گشتی و فەرمانگەکانی سنووری پارێزگای هەولێر بەمەبەستی خستنەڕووی نەخشەو پلانی وەبەرهێنانی 10 ساڵەی کوردستان کۆبوونەوەیەکی فراوانمان ئەنجامداو لەو کۆبوونەوەیەدا باس لەدیدگای تازەی نەخشەکێشانی 10 ساڵەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان و چۆنیەتی جێبەجێکردنی کراو تیشک خرایە سەر ئەوەی کە شاری هەولێر وەک پایتەختی هەرێمی کوردستان بە هەموو ناوچەکانیەوە جێگەی بایەخە، هەرلە کۆبوونەوەکەدا جەخت کرایە سەر زیاتر بووژاندنەوەی وەبەرهێنان لە تەواوی ئەو کەرتانەی، کە هۆکارن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئابووری هەرێمی کوردستان وەک سێکتەرەکانی پیشەسازی و گەشت و گوزارو کشتوکاڵ و سێکتەرەکانی دیکە و داوامان لەقایمقامیەتەکان و بەڕێوەبەری ناحیەکان کرد، کە پلانی خۆیان بە ئێمە بدەن بۆ ئەوەی ئەو پڕۆژانە بە ئێمە بدەن کە زۆر گرنگ و پێویستن بۆ ناوچەکانیان تا ئێمەش پڕۆژەکانیان بۆ ڕابگەیەنین و هاووڵاتیانی ناوچە دوورە دەستەکانیش پێویستە ئاوڕیان لێ بدرێتەوە، هەوڵ دەدەین دەرفەتی وەبەرهێنان بۆ ناوچە دوورە دەستەکانیش فەراهەم بکەین تا دەرفەتی وەبەرهێنان لە هەموو کوردستان هەبێت و لەکۆتاییشدا ئێمە لەدەستەی وەبەرهێنان نامیلکەیەک دروست دەکەین بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و بڵاوی دەکەینەوە بۆ هەموو دەرفەتەکانی وەبەرهێنان لە هەموو ناوچەکانی کوردستان تا خەڵک بەچاوی خۆی ببینێ لە کوردستان چ دەرفەتێکی کارکردن هەیەو هەر کەسێکی بیانی کە ئەو نامیلکەیە دەبینێت لە نزیکەوە دەزانێت، کە لە کوردستان دەرفەتی کارکردن هەیەو لەهەر سێکتەرێک دەرفەتی کارکردن هەبێت ئەوا ئەو وەبەرهێنەرە بیانیە کە دێت بۆ ئەنجامدانی کارو پڕۆژە دێت گفتوگۆ لەگەڵ ئێمەدا دەکات و پڕۆژەی پێ دەدەین تا ئەنجامی بدات.

لەو ماوەیە کورتەدا نزیکەی 15 مۆڵەتی وەبەرهێنەران دراوەتە وەبەرهێنان

دواتر دکتۆر محەمەد شوکری سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان دەربارەی پێدانی مۆڵەتی تازە ڕوونیکردەوە: لەو ماوە کورتەی ئەو چەند مانگەدا توانیومانە نزیکەی 15 مۆڵەتی وەبەرهێنان بە وەبەرهێنەران بدەین و ئەو کارەی کە وەرگیراوەو لەدەستەی وەبەرهێنان پەسەند کراوە خۆی لە نزیکەی 500 تا 600 ملیۆن دۆلارەو ڕەزامەندی لەسەر دراوە لە دەستەی وەبەرهێنان لەماوەی ئەو چەند مانگەی ڕابردوو، بریتییە لە کارگەی گەورە و پڕۆژەی گەورەی کشتوکاڵی و پڕۆژەی گەشت و گوزارو بازرگانی و تەندروستی و پەروەردەیی و پڕۆژەی گەورەی براندی جیهانی و هەموو ئامانجی ئێمە بۆ زیاتر بووژاندنەوەی کوردستانەو ئێمە زیاتر تەرکیزمان لەسەر جێبەجێکردنی کارو بەرنامەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە ستایلێکی تازە کارو پڕۆژە ئەنجام بدەن ئەویش بەهاوکاری وەزارەتی شارەوانی و پلان دانان و شارەزایان و مامۆستایانی زانکۆو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ژووری بازرگانی و پیشە سازی پڕۆژە یاسایەکی تێرو تەسەل ئامادە هەر بە تەنها کارو پڕۆژەکان لە سەنتەری شارەکان ئەنجام نادرێن، بۆ ئەو مەبەستەش ئێمە لەسەر بڕیاری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم پڕۆژەی وەبەرهێنان ئامادە دەکرێت و بۆ ئایندە هەوڵ دەدرێت بەپێی پێویست ناوچە دوورە دەستەکان و لەگەڵ بەڕێوەبەرو سەرۆکی یەکە ئیداریەکانی کوردستانەو لەگەڵ دروستکردنی ژێرخانی ئابووری کوردستان لە ڕێگەی وەبەرهێنانەوەو ئێمە دەمانەوێت پەرە بەکەرتی پیشەسازی بدرێت ئینجا گرنگیدان بە کەرتی کشتوکاڵ و دواییش پڕۆژەی کشتوکاڵ کە بریتی بوو لە پڕۆژەی دروستکردنی پێنج هەزار خانووی پلاستیکی و ئەو وەبەرهێنەرەی کە هاتووە باسی لە هێنانی ئاوی دەکرد لەزێ دەکرد بۆ پڕۆژەکەو دوای تەواو بوونی بەهەزاران کەس سوود لەو پڕۆژەیە وەردەگرن ئەو هەنگاوە خۆی لەخۆیدا گرنگیدانە بە بەرهەمی خۆمالّی پەنا بەخوا بۆ ئایندە بەبەر نامەی تازە وبەرگێکی تازە کارو پڕۆژەی وەبەرهێنان دەست پێدەکاتەوە،



سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان:
ئاسانکاری زیاتر بۆ وەبەرهێنەرانی خۆمالّی و بیانی دەکەین تا ئەوانیش کارەکان خێراتر بکەن

بۆ ئایندە حکوومەتی هەرێم خۆی زەوی پێویست ئامادە دەکات بۆ ئەو شوێنانەی کە پێویستیان بە پڕۆژەی وەبەرهێنان هەیە



تەرکیزمان لەسەر جێبەجێکردنی کارو بەرنامەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە لەگەڵ دروستکردنی ژێرخانی ئابووری کوردستان

هەرچەندەی هانی وەبەرهێنەرانی خۆمان بدەین هێشتا هەرکەمە لەهەموو ڕووبەکەوە بۆیە پێویستە وەبەرهێنەرانی خۆمان کار بۆ زیاتر ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بدەن و وڵاتی خۆیان خۆشبوێت و شانبەشانی حکوومەتی هەرێم کارو پڕۆژە لە هەموو سێکتەرەکان بە ئەنجام بگەیەنن، چونکە هەموو ئامانجی ئێمە بەرەو پێشەوەبردن و زیاتر ئاوەدانکردنەوەی کوردستانە.



هاتن و نەهاتنی سەرۆک وەزیران وەک یەک وایە!



ماجید دەباغ

بەقەد بەتاسەوەبوونمان بۆ چرکەی راگەیاندنی سەرۆک وەزیرانێکی نوێ، ترسیشمان لە گەڕانەوەیە بۆ خاڵی سفر، چونکە کارەکە پڕیەتی لە ترس و دڵەراوکێ، لەگەڵ نزیکبوونەوەی بە کۆتاهاتنی واەدی راگەیاندنی ناوی سەرۆک وەزیرانی خاوەن شکۆ، کە تا ئێستا لە هەگبەی قەوارە گەورەکانە، خۆزگەخوازم هەردوو قەوارە گەورەکە (سائیرون و فەتح) لیستێک بە ناوی زیاتر لە یەک کاندید پێشکەش بکەن، با (دە) ناو بێت، بیخەنە بەرچاوی بزووتنەوە جەماوەرییەکە، تا رابردووی کاندیدکراوەکە، پێشبڕکێ لەسەر باشترینیان بکات.

بەڵام بەداخەوە تا ئەو چرکەیە، ناوی کاندیدێک نەخراوەتە ڕوو، تەنیا لە پێگە کۆمەڵایەتییەکان هەندێ ناو خراونەتەڕوو.

ئایا ئەو ڕەوشە، ئەوە ناگەیەنێت، کە سەرکردەی حزبە تەقلیدی و مەزهەبییەکان خۆیان وەک وەسیەتکار بەسەر عێراقییەکانەوە فەرزکردووە و پێیان وایە تەنیا ئەندامانی خانەوادە سیاسییەکان لە کەسانی دیکە شایستەترو لەبارترن بۆ ئەم پۆستە.

بە بۆچوونی من، عێراق نیشتمانێکی دەوڵەمەندە بەکەسانی لێهاتوو و پسپۆڕ لە هەمو بوارێکدا، هەزاران کەسی شارەزاو لێهاتوو بۆ بەڕێوەبردنی وڵات هەن، بەڵام چاوی سیاسییەکان تووشی خێڵێیەکی هەمیشەیی بووەو ناتوانێت لەبەردەمی خۆیان بەوڵاوە زیاتر ببینن. یا پێدەچێت سیاسییەکان لە خۆشەویستی زۆریان بۆ گەل، ئەو پەندە میلییە پەیڕەو بکەن (دوور بە.. خۆشەویستر دەبێت)، یا تەنیا بە ڕێکەوت ئەوان هەڵبژێردران، یا بە سوودفە ناویان کەوتە بەردەم چاوی گەل؟ کە نەک تەنیا لە ئیدارەکردنی دەوڵەت شکستیان هێنا بەڵکو قەیرانی زۆریشیان بۆ ناوخۆ دروست کرد.

پێموایە دانایی و ژیرییە ئەگەر (بازنەی پالاوتن) بەرفراوانتر بکرێت، بۆ سەیر کردنی کارامەیی ئەو عێراقییانەی چ لە نێوخۆ چ لە دەرەوە بلاوبوونەتەوە، دوور لە کەسانی سەر بە خانەوادەی حزب و ڕەوتە ئایینییە سیاسییەکان، کە هەر لە ساڵی 2003ەوە تا بە ئەمڕۆمان دەگات وڵات بەرێوە دەبەن، نەک پێشکەش کردنی چەند ناوێکی نوێ بۆ بەرێوەبردنی پۆستی سەرۆک وەزیران، تا تەنیا سیماو ڕووخساری لیستەکەیان پێ ڕازاوەتر بکەن، گوایە گۆڕانکارییان کردووە.

بۆ هەر پۆستێکی حکومەت بە بەرزترین ئاستیشییەوە، کەسانی شایستە هەن بۆ بەڕێوەبردنی، بەڵام بەداخەوە ئەو جۆرە کەسانە نابینرێن، هۆکەشی کاریگەری سیاسەتی بەشبەشێنەو هۆزگەری و حزبییە، کە خاوەن میراتێکی کەڵەکەبوون لە دوورخستنەوەی کەسانی پسپۆڕو شارەزا، بەڵام میکانیزمێک هەر دەبێت بۆ بەرزکردنەوەی ناوی ئەو کەسانە بۆ بەردەم جەماوەرو ڕای گشتی.

بەهەر حاڵ، سیناریۆی پێدانی پۆستی سەرۆک وەزیرانی نوێ تا ئێستا دەرنەکەوتووەو ڕوون نییە. بە ڕای سادەو ساکاری من، لەبەر ئەوەی وڵات لە دەرەوە بەڕێوەدەبرێت، سەرۆک وەزیران بێت یا نەیەت هیچ شێک لە بابەتەکە ناگۆڕێت، چونکە کێشەکە لە خودی سەرۆک وەزیراندا نییە جا شارەزایی و لێهاتوویەکەی لە بەڕێوەبردن هەر چەندێک بێت، بەڵکو کێشە ڕاستەقینەکە لە کارەساتباری (دەزگاکانی دەوڵەتە)، بە تایبەتیش ئەگەر دەزگاو پاشکۆکانی، تەنیا لافیتەیەک بن و بوون و نەبوونیان وەک یەک وا بێت، باشترین بەڵگەشمان ئەوەیە وڵات خاوەن هەموو شتێکە، بەڵام گەلەکەی خاوەن هیچ نییە!.



کوردستان لە میدیای جیهاندا

ئا: ڕێبوار حەمەلاو شوانی

کۆبوونەوەی جێفری لەگەڵ مسعود بارزانی و مسرور بارزانی لە هەولێر

ANF English

لە چوارچێوەی سەردانەکەیدا بۆ هەولێر، جەیمز جێفری نوێنەری تایبەتی سەرۆکی ئەمەریکا بۆ هاوپەیمانی جیهانی دژ بە داعش لە گەڵ هەر یەک لە مسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دێمۆکراتی کوردستان و مسرور بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە. لە کۆبوونەوەی نێوان مسعود بارزانی و جێفری، بیر و ڕا ئاڵوگۆڕ کرا سەبارەت بە دۆخی ئێستای عێراق بەتایبەتی خۆپێشاندانەکانی بەغدا و باشووری عیراق.هەروەها هەردوولا باسیان لە دۆخی سووریا بەتایبەتی ڕەوشی کوردانی سووریا کرد.سەرۆک بارزانی و شاندی ئەمەریکی کۆک بوون لەسەر ئەوەی کە هەڕەشەی تیرۆریستانی داعش هێشتا لە عێراق، سووریا و شوێنەکانی دیکە ماوە و پێویستە هەموو لایەک وریا بێت.

جێفری و بارزانی باسیان لە هێرشەکانی ئەمدوایەی داعش کرد

Ahval

لە دیداری نێوان مسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دێمۆکراتی کوردستان و جەیز جێفری نوێنەری تایبەتی سەرۆکی ئەمەریکا بۆ هاوپەیمانی جیهانی دژ بە داعش لە هەولێر باس لە پشتگیری ئەمەریکا بۆ کورد و هێرشەکانی ئەم دوایەی داعش بۆ سەر هێزە کوردیەکان لە نزیک سنووری ئێران کرا. جەیز جێفری بە بارزانی ڕایگەیاند کە واشنتن بۆ دۆخی کوردانی سووریا، پێویستی بە ئامۆژگاری و پشتگیری مسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دێمۆکراتی کوردستانە... داعش ئەم دوایە زنجیرەیەک هێرشی دژی هێزەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بە ناوچەی گوڵەجۆی ئیدارەی گەرمیان لە پارێزگای دیالە کردو بەهۆیەوە حکوومەتی هەرێمی کوردستان چەکی قو رسی ڕەوانەی ناوچەکە کرد.

بارزانی: ئێمە پەیوەندی مێژوویی‌مان لەگەڵ ئەمەریکا هەیە

Shafaq News

جەیز جێفری نوێنەری تایبەتی سەرۆکی ئەمەریکا بۆ هاوپەیمانی جیهانی بۆ تێکشکانی داعش، شانازی بە قوربانیدانی کورد لە جەنگی دژ بە داعش کرد. لەلایەن خۆیەوە، مسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانیدا لەگەڵ جێفری دووپاتی کردەوە کە ئێمە پەیوەندی مێژوویی‌مان لەگەڵ ئەمەریکا هەیە.

بۆ جاری یەکەم، هەرێمی کوردستانی عێراق نەوتەکەی ڕادەستی بەغدا دەکات

Middle East Monitor

حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆژانە دوو سەد و پەنجا هەزار بەرمیل نەوت ڕادەستی عێراق دەکات. ئەمەش لە ئەنجامی ڕێکەوتنێکی نێوان بەغدا و هەولێر دێت و لە بەرامبەردا، حکوومەتی هەرێمی کوردستان پشکی خۆی لە بودجەی دوو هەزار و بیستی عێراقی فیدرالێ وەردەگرێت.



ئایا سیستانی ڕۆڵی لە کێشەکانی عیراقدا هەیە؟

بۆبی جۆش

مەرجەعی ئایینی، عەلی سیستانی، پێشتریش خۆی لەو جۆرە هەڵوێستەدا بنیننیووەتەوە، پازدە ساڵ پێش ئێستا، دوای ئەوەی ئەمریکا هێرشی کردە سەر عیراق و ڕژێمی سەدام حوسێنی ڕووخاند، ئەو بااڵترین مەرجەعە ئایینییە لە وڵاتدا، یارمەتی گەلەکەی دا، ڕوو لە حکومەتێکی نوێنەرایەتی بکەن، ئێستاش، دوای ئەوەی خۆی لە کەواندنی نوێترین دانەی ئەو حکومەتە یارمەتیدەر بوو، سیستانی دەزانێت، شوێنکەوتووەکانی ئەوجارەش ڕوویان هەر لەوەو، بۆ ئەوەی ڕێنوێنی سیاسییان بکات، بەڵام حەزی بەو جۆرە بەرپرسیاریەتییە نییە، چونکە سیستانی تەمەن 89 ساڵان، نوێنەرایەتی قوتابخانەی (سۆفیگەری) لە مەزهەبی شیعەدا دەکات، کە پێی وایە، نابێت گەورە پیاوانی ئایینی بخزێنە نێو سیاسەتەوە.

سیستانی، بە دڕێژایی زۆربەی تەمەنیەوە، نارەزایی لە دژی بیرۆکەی (ویلایەتی فەقیە)، یان دەسەاڵتی پیاوانی ئایینی دەربڕیووە، ئەوەی خومەینی، لە ساڵی 1979وە پشتیوانی لێ دەکات. وەلێ بارودۆخی ناڵەباری سیاسەت لە بەغدا، لەوانەیە سیستانی ناچار بکات، ڕۆڵێکی چاالکتر لەوە بگێڕێت، کە خۆی دەیەوێت. سیستانی وتی: عیراق پێویستی بە هەڵبژاردنێکی تازە و چاکسازی دەستووریی گشتگیر هەیە، بەڵام بە ئاگا بوو، بەپەرۆشی ئەوەش بوو، خۆی لە ئامادەکردن بە گۆڕانکاریی دیاریکراو بەدوور بگرێت، چونکە ئەوەیان بە بۆچوونی خۆی، ئەرکی چینی سیاسەتکارانە لە وڵاتدا. بەڵام کێشە گەورەکە لێرە دایە، سیاسەتکارانی عیراق، بایەخێکی زۆریان بە گۆڕانکاریی پێشان نەداوە، خودی سیستانیش، هەندێ بەپرسیاریەتی ئەو الرییە لە ئەستۆ دەگرێت، کە ئێستا پەرلەمانی عیراق بە دەستییەوە دەنالێنێت، چونکە هەموو حکومەتێک، لە دوای ڕووخانی سەدام، بە پیرۆزبایی ئەو بووە، هەموو سەرۆک وەزیرانێکیش، داوای پێشتوانی لەو کردووە و بەدەستیشی هێناوە، دواهەمین سەرۆک وەزیرانیش، عادل عەبدولمهەدی، ئەو پیاوەی بێ پارت و پەرلەمانتارە، نەیدەتوانی ئەو پۆستە وەرگرێت، ئەگەر پیرۆزبایی سیستانی نەبایە. لەوانەیە عیراقییەکان تارادەیەک گلەیی لە سیستانی بکەن، لەبەر بێ بەهرەیی و گەندەڵی بژاردە سیاسییەکەیان، کەچی وا پێدەچێت، مەیلیان بەالی نیازباشیدا بێت، هەرهیچ نەبێت، لەبەر پاکی ئەو کەسایەتییە و شکۆی نووسینگەکەی، کە باڵاترینە لە مەزهەبی شیعەدا، وەلێ ئارامی نارازییەکان، کە چەند هەفتەیەکە فشاریان خستووەتە سەر حکومەت - بەگژی فیشەک، غازی فرمێسک ڕێژ و قامچییەکان چوونەتەوە - لەوانەیە لەگەڵ سیستانی سوودبەخش بێت، ئەگەر هاتوو بە پەراوێزی لە (ناوچە ئاسوودە)کەیدا مایەوە.

لە دیمەنی سیاسیی بەغدادا، کە دەقی بە پشێوی، ڕکابەری و کوشتاردا گرتووە، پارتەکان بە شێوەیەکی باو میلیشیاکانیان بەکار دێنن، لە پێناوی کاریگەری و هەژموندا، هێزەکانی دەرەکی دەستڕێشتووش لە عێراق، دەتوانن چینێکی فراوان لە گرووپە چەکدارەکان بانگ بکەن، لەو چوارچێوەیەوە، هادی عامری دێت، کە سەرکردایەتی ڕێکخراوی بەدر دەکات، کە لە یەک کاتدا، بە پارتێکی سیاسیی و نیمچە سەربازییش دادەنرێت. تاکە ڕکابەری عامری، لەسەر دەسەاڵتی سیاسیی، پیاوی ئایینی، موقتەدا سەدرە، کە خۆی وەکو پیاوێکی نیشتمانپەروەری عیراقی پیشان دەدات، ئەو دووپیاوە هەردووکیان شیعەن، بەاڵم نیشتمانپەروەری سەدر، هەندێ پشتیوانی لەالیەن کەمینەی سونnەوە پێدەبەخشێت، کە زندەقیان لە پەیوەندی عامری بە ئێرانەوە چووە، میلیشیاکەی سەدر (سوپای مەهدی) یە، کە بە زۆری ژمارەکەی، قەرەبووی هێزی ناگرین و دیسپلینەکەی کردووەتەوە. لە ڕووی سیاسییەوە، عامری و سەدرییەکان یەکسانن، پێشتریش سیستانی، خۆی لە پشتیوانیکردن لە هیچیان پاراستووە، عەبدولمهەدی پێ باشتر بوو، بەو گوزارەیەی پاڵێنوارێکی ڕەزامەندبار بوو، بەاڵم بژاردەیەکی کارەساتاویی بوو، چونکە عەبدولمهەدی، ئەو ژیرییە سیاسییەی نەبوو، بۆ ئەوەی پەرلەمانە دابەش بووەکە بەڕێوەببات، نە ئەو بەهرە کارگێڕییەشی هەبوو، بۆ ئەوەی وڵات بەڕێوە ببات.

لە ڕاستیدا، هەتا ئەگەر پەرلەمانیش بەدەم داواکەی سیستانی، بۆ ئەنجامدانی چاکسازیی دەستوورییەوە بچێت، عیراق هەر پێویستی بە ڕابەرێکی کاتی دەبێت، بەم شێوەیەش، سیستانی، ئەوجارەش ڕووبەڕووی بژاردەکانی سەدر و عامری دەبێتەوە، ئەگەر پشتیوانی لە سەرکردەکەی ڕێکخراوی بەدر بکات، لەوانەیە عیراق بە تەواوی بخاتە ژێر کۆنترۆڵی دەرەکییەوە، ئەوەش بە ناپاکی لە بۆچوونی نارازییەکان دادەنرێت، هەرچەندە ئەو بە ڕەچەڵەک عیراقی نییە، کەچی سیستانی، بە گوتار و کردار لایەنگری عیراق بووە. بەاڵم لاربوونەوە بەاڵی سەدریش، بۆ سیستانی مایەی قبوڵکردن نابێت، چونکە ئەستەمە بتوانیت پێشبینی هەڵسوکەوتەکانی ئەو پیاوە گەنجە بکەیت، زێدەباری ئەوەش، هیچ دیدێکی هەماهەنگی بۆ داهاتووی عیراق پێشکەش نەکردووە، وازیش لە پلانی چاکسازیی گرفتەکانی سیاسیی و ئابووری وڵات هەر بهێنە، هیچ هۆکارێکیش نییە، بۆ ئەوەی وا گومان ببەیت - خۆی یان هەر کەسێکی پارتەکەی - بێتە بەڕێوەبەرێکی باش، نەخاسمە لەو ماوەی پشتیوانیکانی نیشتمانیدا. هەر بۆیە، پێدەچێت سیستانی، چاوەڕوانیکردنی پێ باشتر بێت، تاکو پاڵێوارووێکی دیکەی ڕەزامەندبار دەردەکەوێت، بەاڵم ئەو بژاردەیە، لەوانەیە چیتر بەردەست نەبێت، چونکە نارازییەکان ئەو ئاوەژیان نییە، قبوڵی پرۆسەیەکی سیاسیی دڕێژخایەن بکەن و واپێدەچێت هیچ سیاسەتکارێکی ئەستۆپاک لە بەغدا نەمابێت.

و: ڕەمزی میرکانی



کورد چۆن مامەڵە لەگەڵ دێوەزمەی بەغدا بکات

خەبات: تریفە ئازاد

بارودۆخی عێراق وەک ڕوونە ڕۆژ بەدوای ڕۆژ بەرەو هەڵدێر دەڕوات بە جۆرێک ئایندەی سیاسی ئەو وڵاتە لە سایەی ئەو ڕژێمی حوکمرانیە مەزهەبگەراییەی کە لەژێر هەژموونی وڵاتانی دراوسێدان کەوتۆتە ژێر پرسیاری گەورەوە. ئیدی خۆپیشاندەرانیش لەوە حاڵی بوونە کە تاقیکردنەوەی هەر ڕێگایەکی دیکە لەگەڵ ئەو نوخبە سیاسیە سەرئەنجامەکەی ئیفلاس بوونە، کوردیش لەم نێوەندە و ئاڵۆزییەی ئێستا لە عێراق دەگوزەرێت دەبێت بەرنامەی داهاتووی خۆی دابڕێژێت و هەموو کوتلە کوردستانیەکانی بەغدا دەبێت یەک هەڵوێست بن.

عێراق بەرەو چارەنوسێکی نادیار هەنگاو دەهاوێژێت

نوسەرو چاودێری سیاسی سەلاح بەیتولا ئاکرەیی لە بارەی دۆخی ئێستای عێراق و ڕۆڵی کورد لە داهاتووی عێراق لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی:

دۆخی سیاسی ئاڵۆزی ئێستای عێراق دەتوانم بڵێم ڕیشەیێکی قوڵ و مێژوویی هەیە و کێشەی خوپیشاندەران لەگەڵ دەوڵەتی عێراقە چونکە عێراق هەر لە سەرەتای سالانی بیستەکانەوە تا ئەمڕۆ لە سەر بنەمای دیکتاتۆریەت بەڕێوەچووە و سیاسەتی تۆڵەسەندنەوەیان گرتە بەر و پەیڕەویان لە هەمان ئەقڵیەتی سیاسی دیکتاتۆری و شمولی کرد و بنەماکانی دەستووری هەمیشەیی عێراق و گشت ئەو ڕێککەوتنە سیاسیانەی کە کرابوون لە گەڵ پێکهاتە سەرەکیەکانی عێراق نەک هەر نەچوونە بواری جێبەجێ کردنەوە بەڵکو بە ئاگرو ئاسن وەڵامی داخوازییەکان درانەوە من پێم وایە ئەگەر دەستووری هەمیشەیی عێراق ماددە و بڕگەکانی جێبەجێ بکرابووان عێراق دوچاری بەم دۆخە ئاڵۆزەی ئێستا نەدەبوویەوە وپرەنسیبی هاوڵاتیبوون لە عێراقدا بە هێز دەبوو کە ئێستا ڕێک پێچەوانەکەیە وای دەبینم ڕەوشی سیاسی عێراق بەڕەو ئاڵۆزتر بوون پەل بهاوێژێت و ئەوها ئاسان نیە ئەم وڵاتە بکەوێتە سەر ئاراستەی ئاسایی خۆی چونکە دەستەڵاتدارانی عێراق لە سەروی هەموشیانەوە مالیکی و عەبادی ئەم وڵاتەیان نوقمی قەیرانەکان کردو و قەیرانەکانیش نە بە عادل عەبدولمەهدی چارەسە دەکران کاتێک کە دەوڵەتی عێراق لەلایەن کوڵۆنیالیزمی ئینگلیزو هاوپەیمانەکانیەوە دامەزرا حوکمی کەمینەی سوننەیان سەپاند بەسەر عێراقدا و لە دەرەوەی ئێرادەی سیاسی پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە وە ئەمە بو ماوەی 83 ساڵ بەردەوام بو تاکو ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی 2003 هەمو ئەو ڕژێمەسیاسیانەی عێراق لە پاشایەتی بگرە تا کۆماری بە زەبرو زەنگ حوکمی ئەم وڵاتەیان کردووە ئە مە لە لایەک لە لایەکی ترەوە دوای ڕووخانی بەعس حوکمی عێراق کەوتە دەست زۆرینەی شیعە کە بە داخەوە و نە لە دوای ئەویش هەر بۆیە خوپێشاندەران هەروەک ئاماژەم پێدا کێشەیان لە گەڵ دەوڵەتە بە گشتی و دەوڵەتێکیان دەوێت کە بتوانێت ماف و داخوازییەکانیان بێنێتە دی لە ڕووی خزمەتگوزاری و هەڵی کارو و هتد ... و دور بێت لە دەستوەردانی وڵاتانی هەرێمی سەبارەت بە ئێمەش وەک هەرێمی کوردستان پێویستەسەرکردایەتی سیاسی کوردستان خوی بۆ هەر ئەگەرێکی نەخوازرا و کە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە ئامادەسازی بکات چونکە ڕەوشی سیاسی عێراق بەرەو چارەنوسێکی نادیار هەنگاو دەهاوێژێت و ئێمەش نزیکەی سەد ساڵە کێشەمان لەگەڵ ئەقڵی سیاسیە و لەعێراقیشدا ئەقڵیەتی دیموکراسی لە قەیراندایە و بیری ناسیونالیستی زاڵ بووە و زاڵە بەسەر نوخبە سیاسیە دەستڵاتدارەکانی عێراقدا بۆیە باشترین ڕێگا چارە ئەوەیە یەکدەنگی و تەبایی سیاسی ڕەنگ بداتەوە لە گوتارێکی سیاسی یەکگرتودا بۆ ڕووبەڕو بونەوەی هەر هەڕەشەو مەترسیەک و دەرمانی دەردی کورد دورکەوتنەوەیە لە یەکترازانی سیاسی، چونکە هەرکات کورد تەبا بوبێت سەرکەوتنی بە دەست هێناوە و لە ناتەبایشدا گەورەترین زیانی بە دۆزی ڕەوای خوی گەیاندووە.

سەلاح بەیتوڵا:
خوپیشاندەران دەخوازن وڵاتەکەیان دور بێت لە دەستوەردانی وڵاتانی هەرێمی



عێراق لە ژانێکی قوڵی نەبوونی سەروەری دەژیێت

ئەردەلان مام وسوو: لەم دۆخەی ئێستای عێراق، یەکڕیزی ڕاستەقینە بۆ کورد زۆر گرینگە



بارەی داهاتووی کورد لە بەغدا لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی:

سەدەیەک بەسەر شکست و کۆتایی هاتن بە دەسەڵات و دەست ڕۆیشتوبی عوسمانیەکان دەربازبوو، بەڵام هێشتا ئەو قەوارەی ناوی عێراقە نەیتوانیوە ببێت بە وڵاتێکی ئاسودە بۆ دانیشتوانی. لە ڕاستیدا عێراق بێ گومان بە دانیشتوانی لە ڕووی (نەتەوە، ئایین و کۆلتور و ... هتد) دامەزرا و هەر بۆیە پێچەوانەی هەموو جیهان، گەلانی عێراق لە جیاتی لە ئاشتیدا بژین تەنها لە ناوبڕی شەڕەکاندا ئاشتی دەبینن و زۆرینەی میژووی عێراق شەڕ و کوشتار بووە. ئێستا عێراق لە ژانێکی قوولی نەبوونی سەروەری دەژیێت، ئەو نەبوونی سەروەریە ڕێگەی خۆش کردووە تا تەواوی سامانی عێراق ببێتە هۆکار بۆ چەوسانەوەی عێراقیەکان و عێراق تەنها وەک فەرمانبەرێکی ناوچەیی بۆ دراوسێکانی ماوە. بەغدا شوێنی تەراتێنی (دەستە و شاندە سیخوریەکانە) کە بە ئاشکرا پلانی وڵاتەکانی خۆیان بۆ دەرەوەی سنوورەکانی لێوە بەجێ دەگەیێنن، گەلی عێراقیش تەنها مردن و چەوسانەوە دەبینێت. دۆخی عێراق هەڵبەت کاریگەری بەسەر هەرێم هەیە و شلەژانەکانیشی بێ کاریگەری نابێت لە سەر هەرێم و دەبێتە هۆی شلەژان و دڵەڕاوکێ بۆمان، بۆیە کورد وەک قەواره و وەک سەرکردایەتی بۆ کەم کردنەوەی ئاسەواری نەرێنی عێراق لە سەر کورستان پێویستی بە زۆر بابەتە کە هەنگاوی بۆ بنێت و لەوانەشە هەنگاوی بۆ هاوێشت بێت.لە ئێستادا یەکڕیزی ڕاستەقینە لە هەموو شتێک گرینگترەو پێویستە کورد یەک دەنگ و یەک هەڵوێست بێت لە کوردستان لە هەموو تەوەرەکان واتە: (یەک ڕیزی سەرکردایەتی کورد، یەک ڕیزی حزبەکان، تۆکمەیی و یەکڕیزی حکومەتی هەرێم، یەک لیستی کورد لە بەغدا) کە لە کۆتاییدا یەک گوتاری کورد لە بەغدا دەهێنێت گرەوی سەرەکیە بۆ بردنەوە و پێویستە نەخشە ڕێگە بۆ ئەو بابەتانە هەبێت و تەنانەت دەنگە نوزەڵەکانی هەندێ کورد (پەرلەمانتار و بەڕپرس) کە لە بەغدان نابێت فراموش بکرێن و پێویستە بخرێنەوە ناو ڕیزی هەر هاوپەیمانیەکی یەکگرتووی کوردی.دواجار سەرکردایەتی کوردی پێویستی بە یەک ناوەندی بریار هەیە تا بتوانێت ببێتە ناوەندی چارەسەر لە عێراقیش، بۆ ئەمەش پێویست بە نەرمی هەموو لایەنەکان و بە تایبەت پارتی دەبێت. عێراق هێشتا کۆمەڵگای خێڵایەتی نیمچە داخراوە و پتەوە ئاستی پەیوەندی خێڵە عەرەبیەکان لەگەڵ سەرکردایەتی کورد و خێڵەکانی پێویستە و نابێت لە بیر بکرێت.بابەتی دیبلۆماسیەتی چالاک و گەورەتر و فراوانتر کردنی ڕۆڵی هەرێم لە هاوکێشە عێراقی و ناوچەیی و عەرەبیەکان زۆر پێویستە، دەبێت بەردەوام بین لە ڕوونتر نیشاندانی کاری کوردی بە تایبەت بۆ هێزە ناوچەییەکانی وەک (کەندا، سعودیە، میسر، ئێران و تورکیا) تا بە لانی کەم بتوانین مەترسیەکانیان کەم بکەینەوە.هەندێ بابەتی ڕاستەقینەی فرامۆش نەکراو هەیە و سەرەکیترینیان پەرەپێدانە بە دامەزراوە نیشتمانیەکان بە تایبەت بەهێزتربوونی حکومەت و گەڕاندنەوەی بەشێک لە دەسەڵات بە دەرەوەی ناوەندە واتە بۆ حکومەتە خۆجێیەکان. بابەتی ڕاستەقینەی ئیداری هەن و هەرەشەی سەرەکین، تەنانەت دەتوانن بڕن بە هۆی تێک چوونی کۆمەڵگا و دابەزینی متمانەی جەماوەر بە دامەزراوە فەرمیەکان، هەروەها دەتوانێت ببێتە هۆی دابەزاندنی ئاستی داهاتی تاک لەناو کۆمەڵگا و کەمبوونەوەی دۆستانمان کە سەرەکیترینیان بریتیە لە (گەندەلی) و لە ئێستادا (بە ئەندازەی پێویستیمان بە بوونی خۆراک، پێویستمان بە بەگژدا چوونەوەی گەندەڵییە). ڕاستە ئێستا هەنگاونراوە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵی، بەڵام بەردەوامی و بەردواداچوونی پێویستە و ئەوەی بۆ بەگژداچونەوەی کراوە و دەکرێت جێگای دەستخۆشی و مایەی بەردەوامییە.

ڕووداوە گەرمەکانی عێراق چی لە کورد دەخوازن؟





سووڕە مەرگەیی

عێراق بەدەم چەندین کێشە و قەیرانی ئاڵۆزەوە دەنالێنێ و ئەوەی ئێستا ڕووددات ئەو وڵاتە بە خەڵک و خاک و سەروەری یاسایی بەرەو چارەنووسێکی نادیار و گێژاوێکی وا دەبات کە شرۆڤە و لێکدانەوە بۆی ئاسان نییە، کێشەی نێوان کورد و عەرەب، کێشەی نێوان شیعە و سوننە، کێشەی نێوان شیعە و شیعە، کێشەی نێوان خەڵک و حزب و لایەنە سیاسیەکان، لە سەرووی سیاسیە بتوێنێتەوە کە ببووە هۆی دووبەرەکیزی لایەنەکان لە یەکتری، بەڵام بەداخەوە هەڵوێستی بەشێک لە لایەنەکان هەڵوێستی دووفاقانەیە، لەسەر کۆدەنگی و یەکهەڵوێستی لە کوردستان بە زمانی گوڵ دەدوێن و لە بەغداش درکی حزبی لە بەردەم هەنگاوەکانی کۆدەنگی و یەکهەڵوێستی نیشتیمانی دەڕوێنن.

ئێمەی کورد لە بەغدا زیاتر لە هەموو شوێن و جێگایەک پێویستمان بە کۆدەنگی و یەکهەڵوێستییە، بەڵام بەشێک لە پەرلەمانتاری لایەنەکان ئەو ڕاستییە لەبەر چاو ناگرن و بێ گوێدانە هەستیاری بارودۆخەکە و گرنگی کۆدەنگی و یەکهەڵوێستی ئەو پەتا سیاسیەی عێراق و ناوچەکەی گرتۆتەوەلەبەرچاو ناگرن و، بە زمانی دوژمن دەدەوێن بە چاوی دوژمنیش لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەستکەوتەکانی کورد دەڕوانن.

ئەوانەشەوە کێشەی دەستوەردانی دەرەکی و نەمانی سەروەری، لەو کێشە و قەیرانانەن کە عێراق بەرەو داهاتوویەکی لێڵ و تەمومژاوی دەبن، کوردیش وەک پێکهاتەیەکی بە عێراقەوە لکێنراو دەکەوێتە ژێر کارگەری تەوژمی ئەو کێشە و قەرانانە، جا ئەگەر لە هەر کەسێک بپرسی کورد چۆن خۆی لەو تەوژمە باپارێزێ و چۆن بچێتە ناو ڕووداوەکان و چۆنێش ڕووبەڕووی کێشە و قەرانەکان ببێتەوە؟ بێ سێ و دوو دەڵێ، بە کۆدەنگی و یەکهەڵوێستی نیشتیمانی, هەموو لایەنەکانیش لە ڕاگەیاندن و کۆڕ و کۆبوونەوەکان باس لە گرنگی کۆدەنگی و یەکهەڵوێستی نیشتیمانی دەکەن، لێرەدا دەپرسین: ئەوەی لایەنەکان لەسەر کۆدەنگی و یەکهەڵوێستی نیشتیمانی دەیڵێن بە کردار جێبەجێی دەکەن؟ یان موزایەدەی سیاسییە و دەیانەوێ خەڵکی پێ بگەوجێنن.

کاک نیچیرڤان بارزانی سەردانی هەموو لایەنەکانی کرد و بەو سەردانەش ئەو پەیامەی گەیاند کە ڕووداوەکانی ناو عێراق و ئەو هەلومەرجەی ئێستا عێراق و ناوچەکەی پێدا تێدەپەڕێ کۆدەنگی و یەکهەڵوێستی کردۆتە ئەرکێکی نیشتیمانی و پێویستە هەموو لایەکمان پێوەی پابەند بین، بەوەش توانی کارتی موزایەدە لەدەست لایەنەکان دەربێنێ و بەشێک لەو بەستەڵەکە گرتبوونی بەسەر ئەو لایەنانەوە نەهێڵێ کە ئەوانیش بەشێک لە ڕەوتەکە بن.

وون بوون
مەنەفێست بەناوی کۆمپانیای ماف دار جۆری ئۆتۆمبێل: اسکانیا راس تریلە تك ویل دبل قارە مۆدێل ٢٠١١ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ٢٥٣٢١ ژمارەی شاصی: YS٢R٦X٢٠٠٠٢٠٥٧٦٠٨ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
***
وون بوون
پسوولەی شارەوانی ٣ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٠٣٦٥٠٠ بەرواری ٢٠١٦/٤/١٩ بەبری ٥٠٠٠٠ بەناوی عماد قادر عمر وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
***
رئاسة محكمة كمارك دهوك
قلم المحكمة
العدد/٤٣٥
التاريخ ٢٠١٩/١٢/١٨
اعلان
الى المتهميين (ناظم ناظم صديق وعلي جلال الدين مصطفى) لمجهولية محل اقامتكم وعدم التمكن من الاستدلال عليكم تقرر تبليغكم بالحضور اعلانا بالنشر في صحيفتين محليتين امام رئاسة محكمة كمارك دهوك بتاريخ ٢٠٢٠/٢/١٢ لاجراء محاكمتكم عن التهمة المسندة اليكم وفق احكام المادة (١٩٤) من قانون الكمارك رقم (٢٣) لسنة ١٩٨٤ المعدل وبعكسه سوف يتم محاكمتكم غيابيا
الرئيس القاضي / احمد حسن خلف
***
مديرية تنفيذ ئاكرى
العدد /٣٢/ت.خ/٢٠١٩
اعلان
بناءا على القرار الصادر من هذه المديرية في الاضبارة التنفيذية المرقمة ٣٢/ت.خ/٢٠١٩ المتضمن بيع (اجهزة الرياضية كمال اجسام) المبين اوصافه وفق الجدول المرفق بالاضبارة تعلن هذه المديرية عن بيعه بالمزايدة العلنية فعلى الراغبين بالشراء مراجعة هذه المديرية مستصحبين معهم التامينات القانونية البالغة ١٠٪ من القيمة المقدرة ان لم يكن دائنا في الاضبارة التنفيذية اعلاه وستجري المزايدة في الساعة الثانية عشرة (١٢:٠٠) ظهرا من اليوم الثالث التالي لنشر الاعلان واذا صادف عطلة رسمية ففي اليوم الذي يليه علما ان الدلالية ورسوم التسجيل على المشتري
الاوصاف : رقم الاضبارة ٣٢/ت.خ/٢٠١٩ الموقع دهوك/مالطا (شارع جوازات قديمة) الجنس اجهزة الرياضية (كمال اجسام) القيمة المقدرة وفق الجدول المرفق بالاضبارة التنفيذية
المنفذ العدل / بدران عبدالرحيم حاجي
***
تێبینەرایەتی تۆمارگەی خانووبەرەی دەشتی هەولێر
بڕیاری چەسپاندنی خاوەندارێتی خانووبەرە پشت بە کۆنووسی چەسپاندنی خاوەندارێتی تایبەت بە خانووبەرەی زنجیرە ١/٦٣٦٤ لە گەڕەکی ٨٦ بنصلاوە لەڕێکەوتی: ٢٠١٩/١٢/١٢ وە دەرنجامی ئەو لێکۆڵینەوەی لێی کراوە بەپێی دەسەڵاتەی ماددە (٤٨)ی یاسای تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣)ی ساڵی ١٩٧١ی هەموارکراو بێی داوم بریارم دا خاوەندارێتی تەواوی خانووبەرەی دیاری کراو بەناوی احمد بابا علی عارف بچەسپێ و ئەم بڕیارەش بەپێی ماددە (٤٩)ی یاسای ناوبراو بۆ ماوەی (٣٠) سی رۆژبڵاوبکرێتەوە.
سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەندارێتی
دادوەر/ نیگار احمد محمد
***
بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی و خۆیەتی/ میلاکات
ژمارە: ١٦٣٢٩/١٠٠
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١٧
بۆ/ خاتوو (هیرو قادر حمد) (فەرمانبەر گرێبەست)
لە (سەرۆکایەتی شارەوانی سەلاحەدین)
ئاگادارکردنەوە
لەڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/١٠ مۆڵەتی ئاسایت تەواو بووە تاکو ئێستا دەستت بەکارنەکردۆتەوە ئاگادارت دەکەینەوە لەماوەی (٧) حەوت رۆژ ئەگەر لە ناو هەرێمی لە ماوەی (٣٠) سی رۆژ ئەگەر لە دەرەوەی هەرێمی لە رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لەرۆژنامەی خەبات دەست بەکاربکەیتەوە بەپێچەوانەوە فەرمانی دامەزراندنت هەلدەوەشێتەوە.
ئەندازیار/ نەبەز محی الدین نافذ
بەڕێوەبەری گشتی شارەوانییەکانی هەولێر
***
دادگای باری کەسیەتی کۆیە
ژمارە/ ٣٠٧/ش/٢٠١٩
ڕێکەوت ٢٠١٩/١٢/١٦
ئاگانامە
بۆ/ داوالێکراو (ڤلادا ئەلێکساندرۆفنا)
دانیشتوی شاری کۆیە/ بەڵام ئێستا
شوێنی نیشتەجێ بوونی نادیارە
لەسەر داخوازی هاوسەرەکەت (رابەر مجید محمد) ئەم داداگایە لەداوای ژمارە(٣٠٦/ش/٢٠١٩) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٢/١٢) بڕیاری دەرکرد بە پەسەند کردنی تەڵاقی دەرەکی (تصدیق طلاق الخارجی) دەرحەق بەتۆ خستوویەتی لە بەرواری (٢٠١٩/١١/٢)وە لەبەر نەبوونی نیشتەجێ بوونت نادیارە بەگوێرەی زانیاری ئەنجومەنی شارەوانی کۆیە، وە ڕوونکردنەوەی ئاگادارکەرەوەی دادی لەم دادگایە، وەپشت بەستن بەمادەی(٢١) لەیاسای دابینی دادگا بڕیاریدا ئاگادرتان بکاتەوە بەناوەڕۆکی ئەم بڕیارە لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگانامەیە لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە وتۆش مافی تانەی نارەزایی و پێداچونەوە (الاعتراض والتمییز)ت هەیە لەماوەی (١٠)دە ڕۆژ لەدوای بڵاو بوونەوەی ئەم ئاگانامەیە بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.
دادوەر/ شوان صابر اسعد
***

ئاگەهداری

ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (YAVA یاڤا) بۆ (بازرگانی گشتی - هاوردە وهەنارده / سنوردار) بریارا پاکتاوکرنا کومپانیێ دایە لەومای هەر لایەنەك وکەسەکی مافەك ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایی دا ئاگەهداریا پاکتاوکەری بکەن ل (باژێرێ دهوکێ) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان
پاکتاوکەر / ڤیان سامی ابراهیم
ناڤ ونیشان / دهوك - سێمێل
ژمارا موبایلێ / ٠٧٥٠٤٥٩٩٩٨٤

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە / ٩٣٦٤
ڕێکەوت / ٢٠١٩/١٢/١٧
بریاری سرینەوەی کۆمپانیای (سنوردار)
دوای تەواوکردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (نازك) بۆ بازرگانی گشتی و ئەلیکترۆنی/ سنوردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی (١٧٧) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ هەموارکراو من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بە مەرجێك ئەم بریارە بلاوبکرێتەوە بە پێ ی ئەحکامێ ماددەی (١٦٠) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ ی هەمووارکراو
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
هۆبەی یاسا
ژمارە: ٢٢٣٩٦
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١٥
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (محبه العمل) بۆ خزمەتگوزاری دامەزراندن/ سنوردار)
پالپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (محبه العمل) بۆ خزمەتگوزاری دامەزراندن/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٢/١١) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (شریف صابر پیرداود) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بلاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٢/١٥
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
هۆبەی یاسا
ژمارە: ٢٢٥٢٣
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١٦
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (PAYVUPEL) بۆ بازرگانی گشتی و هێنانی کەل و پەلی بیناسازی/ سنوردار)
پالپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (PAYVUPEL) بۆ بازرگانی گشتی و هێنانی کەل و پەلی بیناسازی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٢/٩) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (ناصر نوری حمد) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بلاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٢/١٦
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
هۆبەی یاسا
ژمارە: ٢٢٧١٦
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١٨
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (هەکاری سردار فارس) بۆ فرۆشتنی پلیتی فرۆکەوانی/ تاك)
پالپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (هەکاری سردار فارس) بۆ فرۆشتنی پلیتی فرۆکەوانی/ تاك) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٢/١٠) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (مەریوان ویسی صابر) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بلاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٢/١٨
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
هۆبەی یاسایی
ژمارە: ٢٢٧٣٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١٨
بۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی/ ب. پێشانگا و خزمەتگوزاری بازرگانیەکان
پاکتاوکردنی کۆمپانیا
لەبەر دەرچوونی بڕیاری دانانی لەژێر پاکتاوکردنی کۆمپانیای (حازم زبیر کانی بوتی) بۆ بازرگانی گشتی و کەرستەی خۆراك/ تاك) کەلەلای ئێمە تۆمارکراوە لەژێر ژمارە (٧٧٢٦) لەبەرواری (٢٠١٠/٧/٧) وە بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیا (حازم زبیر کانی بوتی) و بوونی لە قۆناغەکانی پاکتاوکردن تکایە ئاگادارمان بکەنەوە ئایا کۆمپانیای ناوبراو هەر گرێبەستێك یان پابەندبونێك (التزاماتێکی) لەگەڵ حکومەتی هەرێم هەیە و گرێبەستەکانی بەردەوامە یان نا بۆ ئەوەی کاری پێویست ئەنجام بدەین.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
هۆبەی یاسایی
ژمارە: ٢٢٧٣٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١٨
بۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی/ ب. پێشانگا و خزمەتگوزاری بازرگانیەکان
پاکتاوکردنی کۆمپانیا
لەبەر دەرچوونی بڕیاری دانانی لەژێر پاکتاوکردنی کۆمپانیای (حازم زبیر کانی بوتی) بۆ بازرگانی گشتی و کەرستەی خۆراك/ تاك) کەلەلای ئێمە تۆمارکراوە لەژێر ژمارە (٧٧٢٦) لەبەرواری (٢٠١٠/٧/٧) وە بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیا (حازم زبیر کانی بوتی) و بوونی لە قۆناغەکانی پاکتاوکردن تکایە ئاگادارمان بکەنەوە ئایا کۆمپانیای ناوبراو هەر گرێبەستێك یان پابەندبونێك (التزاماتێکی) لەگەڵ حکومەتی هەرێم هەیە و گرێبەستەکانی بەردەوامە یان نا بۆ ئەوەی کاری پێویست ئەنجام بدەین.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (محبه العمل) بۆ خزمەتگوزاری دامەزراندن/ سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (PAYVUPEL) بۆ بازرگانی گشتی و هێنانی کەل و پەلی بیناسازی/ سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

دادگای کەتنی لە رانیە
ژمارە: ٣٧٠/ك/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠١٩/١١/٢٨
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: محمد حسن بابکر
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی بەشی (١/٢١) لەیاسای هاتووچۆ لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (رانیە) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە دوو رۆژنامە ناوخۆیی رۆژانە ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/١/١٩ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ نایف عثمان رمضان
***
دادگای بەرایی دەشتی هەولێر
ژمارەی داوا:١٤٨/ب/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١٨
جاڕدان
بۆ داوالێکراو (عمر عولا برایم – بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای بەردەلوس/ سەرەرای کارەکەی) شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (ایوب عمر اسماعیل بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی نووسینگەی ئەشکەوت/ سەرەرای کارەکەی) داوای ژمارە ١٤٨/ب/٢٠١٩ لەسەرت تۆمارکردووە کەتیایدا داوای (٣٩٠٧٨٠) سێ سەدو نەوەد هەزار و حەوت سەدو هەشتا دۆلاری ئەمریکی دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بۆیە دادگا بریاری دا کە پێت ڕابگەیەنرێت لەرێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆت یان بریکارێکی یاسایی لە دادبینی رۆژی (٢٠٢٠/١/١٢) کاتژمێر ٩:٠٠ سەر لەبەیانی بە پێچەوانەوە دادبینی پاشملە و ئاشکرا دەرهەقتان ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ نیگار احمد محمد
***
دادگای باری کەسی قوشتەپە
ژمارە ٧٦/ش/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١٨
جاردان
بۆ داوالێکراو (سۆران محمد حسین) دانیشتن نادیارە
دادگا لە داوای ژمارە ٧٦/ش/٢٠١٩ دادگا بریاری دا بە جیابوونەوە (تفریق) لە بەرواری ٢٠١٩/١٢/١٨ دەرچووە لەنێوان داواکار کۆچەر فاروق عثمان وە داوالێکراو سۆران محمد حسین لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری ناحیەی دارەتوو بۆیە دادگا بریاریدا بەپێراگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆ وە تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسای ١٠ دە ڕۆژ لە ڕۆژی بلاوکردنەوەی ئەم جاردانە بە پێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
دادوەر/ معتصم امین لیلانی
***
دادگەها بەرایی دهوك
ژمارە/١٣٦٤/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت/٢٠١٩/١٢/١٨
ئاگەهداری
بۆ/داوالێکری (رەوند سعدی قادر) جهێ ئاکنجیبوونا وی نەدیارە ژبەر داوا ل دژی تە هاتیە تۆمارکرن بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ژلایێ داواکار (سعید احمد محمد) ئەوا تێدا داوای دکەت ژ کوژمێ پارە (٣٠٠٠٠٠٠٠) سیە ملیون دینار عیراقی ژ ئەنجامین زیانیین گەهشتینی وژبەر جهێ ئاکنجیبوونا تە نەدیارە ل دیف نڤیسارا ریڤەبەریا راگەهاندنا دادی ل دهۆکی ژمارە (٣٢٠٧) ڕێکەفتی ٢٠١٩/١٢/١٦ وراپورتا هەلێژێری تاخی مالتا روژ هەلات ڕێکەفتی ٢٠١٩/١٢/١٥ بریاردا تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕێکا دوو روژنامێن نافخویی لدویف مادێ (٢١) ژ یاسایا دادبینیا شارستانی بۆ ئامادەبوونێ بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل دەم ژمێر (٩،٠٠)ی سپێدێ ژ روژا ٢٠١٩/١٢/٢٤ وئەگەر نە هنێرین دێ ب پا شملە وئاشکرایی داوا بڕیڤە چیت ولدیڤ یاسایێ
دادوەر / ریبوار محمد حسن
***
وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری کارگێڕی و خۆیەتی
ژمارە: ٢٦٤٣
ریکەوت : ١٨/ ١٢/ ٢٠١٩
ئاگاداری
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری ئاگاداری هەموو ئەو هاوڵاتیانە دەکاتەوە کە ساڵانی (١٩٨٧ – ١٩٨٩) زەویان لەناحیەی رزگاری، (صمود) وەرگرتووە کە هاوڵاتی (سعید محمد صالح) خاوەنی زەوی ژمارە هەوائی (٣٨٩١) داوای ڕێگا پێدانی کردوە بەمەبەستی دروستکردنی خانوو ، هەر هاوڵاتیەك گلدانەوەی لەسەر ئەو پارچە زەویە هەیە لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا لەپاش بڵاو کردنەوەی ئەم ئاگادارییە ئاگاداری سەرۆکایەتی شارەوانیان بکاتەوە بە پێچەوانەوە شارەوانیان کاری یاسایی بۆناوبراو دەکات .
ئەندازیار/ ارسلان احمد محمد
سەرۆکی شارەوانی رزگاری
***
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر
هۆبەی/ یاسایی
ژمارە/ ٩١٦١
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/١٦
ئاگاداری
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر هەڵدەستێتێ بە بڵاوکردنەوەی جاردانی دووەم جار بۆ بۆ ماوەی پازدە ڕۆژ بەزیادکردنی ئاشکرا بە بەکرێدانی (ژووری حانووت)ی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان هەرکەسێك ئارەزووی بەژداریکردنی هەیە با سەردانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان بکات دوای (٧) ڕۆژ لە بەرواری بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامە وە ڕۆژی زیادکردنی لە دوای بڵاوکردنەوەی دەبێت لە کۆتایی ڕۆژی پازدەیەم بەم مەرجانەی خوارەوە:-
١- بەهیچ شێوەیەك نابێت چەوری بە کار بهێنرێت .
٢- دەبێت (٢) دوو چا بە (٢٥٠) دوو سەدو پەنجا دینار بێت بفرۆشرێت بۆ فەرمانبەران.
٣- کارگوزاریەکانی تایبەت بە پاککردنەوەو ئاو و کارەبا لە ئەستۆی کرێگرتەکەدایە.
٤- بەکرێگر بەهیچ شێوەیەك ناتوانێت بەکرێ بداتەوە بەکەسێکی تر.
بەڕێوەبەر/ خسرۆ سعید ادم
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر
***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
هۆبەی یاسا
ژمارە: ٢٢٥٨٨
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١٧
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (LIPARI) بۆ فرۆشتنی پلیتی فرۆکەوانی/ سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (LIPARI) بۆ فرۆشتنی پلیتی فرۆکەوانی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٢/١٥) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (محمود عدنان مصطفی) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٢/١٧
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
هۆبەی یاسا
ژمارە: ٢٢٧١٣
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١٨
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (مملکە البزاز)
بۆ بەلێندەرایەتی بیناسازی/ سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (مملکە البزاز) بۆ بەلێندەرایەتی بیناسازی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٢/٩) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (نجاة اسماعیل صالح) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٢/١٧
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (مملکە البزاز) بۆ بەلێندەرایەتی بیناسازی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (Archalu) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (هەکاری سردار فارس) بۆ فرۆشتنی پلیتی فرۆکەوانی/ تاك) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر


ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (LIPARI) بۆ فرۆشتنی پلیتی فرۆکەوانی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (حازم زبیر کانی بوتی) بۆ بازرگانی گشتی و کەرستەی خۆراك/ تاك) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

شێخ ئەمین نەقشبەندی
نووسەر و شاعیر و یادگارێکی باڵای نەقشبەندییەکانی هەورامان




عەبدوڵلا مەلا ئەحمەد، ئەحمەدئاوایی

لە ناو گەلی کوردا زانا و شاعیری زۆر هەڵکەوتوون، کە هەم خزمەتیان بە ئایینی خۆیان و هەم بە نەتەوەکەیشیان پێکەوە کردووە، ئەم جۆرە کەسانە لە ناو بنەماڵە ناسراو و مەزنەکانی کوردستانیشدا زۆر بوون، یەکێکیان شێخ ئەمین نەقشبەندییە، کە زانا و شاعیرێکی هەڵکەوتووی ناو بنەماڵەی خاوەن پێگەی نەقشبەندییەکانی هەورامانە، ئەو لە (9/4/1990) مانڵئاوایی لە دنیا کردووە.

ناو و لەدایکبوون و بنەماڵەی:

شێخ ئەمین کوڕی شێخ عەڵائەددینی بیارە، کوڕی شێخ عومەری چیائەددینی کوڕی شێخ عوسمانی نەقشبەندی ژ تەوێڵەیە، شێخ ئەمین لە بەرەبەیانی ڕۆژی یەکشەمەی 21/12/1931زایینی و مانگی شەعبانی (1350) کۆچی، لە شارەدێی بیارە لەدایکبووە، دایکی ناوی ڕابیعەیە و کچی شێخ ئەحمەدی عیزێزی، خەڵکی (دیر الزور)ە، لە وڵاتی سووریا، هەر لە منداڵییەوە لە خانەقای بیاردا کە ناوەندێکی گەورەی بڵاوکردنەوەی تەصەوف و شەریعەت بووە لە لای مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، مودەڕیسی بیارە و مامۆستا مەلا بەها، ئیمامی خانەقا خوێندوویەتی. خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی بیارە و ناوەندی لە سلێمانی خوێندووە، پاش پشوودانی ساڵی 1948یە هۆی ئەوەوە بە دەستووری باوکی، سەرپەرشتی برا و خوشکەکانی لە خۆی منداڵتری گرتووەتە ئەستۆ، دەستی لە خوێندن هەڵگرتووە و دەستی کردووە بە کشتوکاڵ و باخداری لە باخ و ئاوی ئەحمەدئاوای نزیکی سەرچاوەی (زەڵم) کە مووڵکی باوکی بووە و داوەتی بە شێخ ئەمین و برا و خوشکەکانی، واتە: (پابت، مظهر، ئەدیبە)، و لە ساڵی (1951)دا، زەماوەندی کردووە و نەجیبەخانمی کچی مەحمودخانی دزڵی بووەتە هاوسەری، کە چوار کوڕ و کچێکیان پێکەوە هەیە، "ئەمیر، بێتوەی، ئازاد، ئارێز، ڕەنگین"، و شێخ ئەمین تا ساڵی (1962) سەرگەرمی کشتوکاڵ و باخداریی بووە و لەم پیشەیەدا زۆر شارەزا بووە، کاتی بێ کاری و پشوودانی بە خوێندنەوە و ڕاوکردن بەو ناوچەیەدا و یان ئەسپسواری بردووەتەسەر، و بست بە بستی هەورامانی ئەمدیوو و ئەودیو گەڕاوە، و بەم بۆنەوە هەست و ڕەوانی لەگەڵ سروشتی ناوچەکە و جوانیی مەڵبەندەکەدا شێڵراوە، و لە ساڵی (1962)دا، کە ناوچەکە بووەتە جێگەی ئاژاوە بەجێی هێشتووە و چووەتە شارەدێی (دزڵی) لە دیوی هەورامانی کوردستانی ئێران، پاش ساڵێ لەوێوە باری کردووەتە گوندی (مەحمودئاوا)ی، نزیک ئاوایی (دوورێ)، و تا ساڵی (1967)و پاش ناکام بوون لە ئاواتی ئاسایش و لەبەر خوێندنی منداڵەکانی چووەتە شاری (کرماشان) و لە کرماشان خوێشی سەرلەنوێ تێهەڵچوونەتەوە بۆ خوێندن، و قۆناغی ئامادەیی لەوێ تەواوکردووە و پاشان باری کردووە بۆ شاری (تاران)ی، پایتەختی ئێران، و لەوێش بەکالۆریۆسی لە ئادابدا وەرگرتووە. لەم ماوەی خوێندنەدا بە دەمی خوێندنەوە کاریشی کردووە و هەرگیز بە ناوی پەناهندەوە موچە و مانگانەی وەرنەگرتووە لە ئێران! لە ساڵی (1962)ەوەوە، تا ساڵی (1967) بە بەرهەمی باخەکەی ژیاوە کە سالانە داوەتی بە ئیجارە و پارەکەی خەرج کردووە، و پاشان لە ساڵی (1978)دا، کە وردە وردە ئاژاوە لە ئێراندا کەوتووەتەوە، باری کردووە بۆ شاری (سنە)، و لە ساڵی (1979)دا، کە ئاگری ئاژاوە بڵێسەی سەندووە، گەڕاوەتەوە بۆ عێراق، و پاشان لە ساڵەکانی (1982)و (1983)دا، لە بەشی فارسی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا بە شێوەی (وانەبێژ) دەرسی وتووەتەوە، هەروەها ڕاوێژکاری وەزارەتی ئەوقاف بووە. لە ساڵەکانی (1970)و(1981) و (1983)دا، چووە بۆ حەج و سێ جار حەجی کردووە.

کەواتە شێخ ئەمین نەقشبەندی سەردەمی منداڵی و نەوجەوانی خۆی لە بیارە و جوانی و پێناںە پیاوەتیی لە ئەحمەدئاوا، لە 32 ساڵیەوە تا 49 ساڵەی لە هەورامان و کوردستان و کرماشان و تاراندا داوەتەوە سەر. هەشتاکانی سەدەی ڕابردوویشی لە شاری بەغدای پایتەختی عێراقدا بردووەتە سەر.



نووسراوەکانی:

1- (دیوانێکی لە شیعرەکانی خۆی بە ناوی (بەرهەمی ژیان) بە کوردی سۆرانی و هەورامی و فارسی لە ساڵی (1981)دا، چاپ کردووە، و نازناوی (بێتوەی) بۆ خۆی هەڵبژاردووە، و بەشی دیوانێکی تریش شیعری هەیە.

2- (چۆنیەتی بەدیهاتنی زانستە ئیسلامییەکان)، کە نووسراوێکی فارسییە ٔ نزیکەی حەوت صەد لاپەڕەیە، سەبارەت بە چۆنیەتی بەدیهاتنی یەکە یەکەی زانیارییەکانی ئیسلامیی لەلایەن چەند هونەرمەندێکی دیکەش بە شێوازو دەقی دیکە گوتراوە لەوانە هونەرمەندی کۆچ کردوو موحەممەد عارف جزیری، حەسەن حەیرانیش لەبەر کاریگەری ڕووداوەکەوە لاوکێکی دەربارەی ئەم ڕووداوە عیشقە پیرۆزییە داڕشتووەو بە دەنگە بە سۆزییەکەی زۆر جوان گوتیەتی

-3-

گوریێ

هایێ، هایێ، هایێ گوریێ
ئاخ لۆ تێر ئاقریێ
دەوار گوریێ، دەوار گوریێ، دەوار دەوار گوریێ، دەوار گوریێ، دەوار گوریێ
لۆ تێر عاقلێ
کەچێ دەجوتەکا ڕاموسانا
کەیفێ درا من کەرم کە
مەعلومە چاوا گورەکا من ڕەشترە
وەی دایێ من گۆ لە کانیا کلێ
دەمان گوریێ ، دەمان گوریێ
هایێ گوریێ ئاخ کەچێ گوریێ
من

تاجیر بووم لۆ لەناو ڕەزی
کەچی گوریێ تە شلکی تەنکی
لخۆ ڕابەردا بسک و پەرچەم لۆ شانو کەزی
من گۆ بریا جووتەکێ ڕاموسانێ
نوکە چەپکی گورەکی سۆر گور بایی
ئاخ من گۆ لاوکۆ لۆ سەت جار خۆزی دەمان، خۆزی دەمان، خۆزی دەمان
لۆ تێر عاقلێ
کەچی گوریێ من
جووتەکا ڕاموسانێ کەیفا دلا کلێ چاوێ مێران
وەی دایێ شوو حەرام کەم.

-2-

گوریێ

دەربارەی گوریێ

ئەم لاوکە لاوکێکی خۆشەویستیە باس لە عەشقێکی پیرۆزی کچێک دەکات بە ناوی گوریێ، دەخاتە سەر تەصەووفی ئیسلامیی.

(تیری زارکۆن -Thierry Zarcone- سەنتەری دیلا) دەڵێت: پەڕتووکی (تەصەوف چییە) هەنگاوێکی گرنگە بۆ پێشەوە بۆ تێگەیشتنی ڕێگای خالیدیی نەقشبەندیی، بە تایبەت لە گەیاندنی ئەوەی کە شەریعەتی ئیسلامیی هارمۆنایز دەکات یان ڕێکی دەخات لە گەڵ ئەو هەستە ڕۆحی و دەروونییەی مرۆڤدا و کاریگەری پەیرەوێکردن لە ئادابی تەریقەتی نەقشبەندی و دەستکەوتەکانی پەیرەوانی، بە شێوەیەکی جیاواز لە ناساندنی تەریقەتی نەقشبەندی، و ئەم پەڕتووکە بە زمانێکی پاراو نووسراوە و زۆر بە وردی بابەتەکان ڕوونکراونەتەوە تیایدا، و بەڕاستی ئەم پەڕتووکەی (شێخ ئەمین شێخ عەڵائەددین نەقشبەندی) کە خۆی شێخێکە لە بنەماڵەیەکی زۆر بەناوبانگی ئەهلی تەصەوف لە کوردستانی عێراق زۆر پەڕتووکێکی بە نرخە.

(حەمید ئەلگار-Hamid-Algar زانکۆی کالیفۆرنیا-بێرکلی) دەڵێت: جێگەی خۆشحاڵییە کە ئەم پەڕتووکی (تەصەوف چییە) پێناسەیەکە بۆ تەصەوف بە شێوازی خالیدی لە تەریقەتی نەقشبەندی بە ئینگلیزیەکی جوان ٔ ڕێک ٔپێک، جگە لە ئەسڵەکەی کە بە کوردییە و وەرگێڕاوە عەرەبی و فارسییەکەیشی لەبەردەستتدایە، ئەوەی کە زۆر بە کەڵکە ئەو شیکردنەوە و شرۆڤەیەیە سەبارەت بە ووشە و دەستەواژەکانی تەصەوف وەلامێکە بۆ ئەو ئەدەبیاتەی دژ بە تەصەوف لە بازاڕدا بەرچاو دەکەوێت!

(ئارپێر.ف بوێلەر-Arthur-F.Buehler- مامۆستای زانکۆی ڤیکتۆریا لە شاری ویلینگتۆن لە وڵاتی نیوزیلاند) دەڵێت: پەڕتووکی (تەصەوف چییە) جیاواز لە هەموو ئەو پەڕتووکانەی تەصەوف بە زمانی ئینگلیزی پەنجەرەیەک دەکاتەوە سەبارەت بە تەصەوف ٔ ژیانی صۆفی لە تەریقەتی خالیدی نەقشبەندی لە کوردستانی عێراقدا، و ئەم پەڕتووکە زۆر جیاواز و بێ هاوتایە لەوەدا کە باسی هەڵسوکەوت و ڕەوشی صۆفییەکان دەکات، هەم لە ڕووی میژوویی و هەم لە ڕووی ئایینی ئیسلامەوە، و ڕوونکردنەوەی زۆر پرسیارە کە زۆرجار ئەو خەڵکانە دەیانپرسن کە لە تەصەوف ئاشنا نین، و نووسەر بە تەواوی باسی هەموو ئەو قۆناغانە دەکات کە صۆفییەکان پێیدا تێپەڕ دەبن هەر لە (تەوبە)ەوە، تا (عبوددییەت: بەندایەتی)، و جگە لە پانزە قۆناغی حاڵ، و بە دوای ئەمەدا باسی دەستەواژە تەصەوفییەکان دەکات، و لە کۆتایی پەڕتووکەکەدا بە وردی باسی زنجیرەی تەریقەتی نەقشبەندی دەکات، و ئەم پەڕتووکە صۆفییەتیمان پێدەناسێنێ بەو شێوەیەی کە کاری پێدەکرێت، و پەڕتوکێکی زۆر بە کەڵکە بۆ ئەوانەی هیچ لە صۆفییەتی نازانن و هەروەها بۆ ئەوانەیشی کە تەنانەت شارەزایی زۆریشیان لە تەصەوف هەیە، و ئەمەی کە لە بەردەستتاندایە بابەتێکی جیدی و ڕاستەقینەی تەصەوفە و وەک دەلیلێک بۆ تەصەوف وایە.

هەروەها (عەبدولحەکیم مورادزانکۆی شێخ زاید بۆ توێژینەوە ئیسلامییەکان و مامۆستای بەشی ئایینەکان لە زانکۆی کامبریج)، و چەند کەسێکی ئەکادیمی تریش قسەیان لەسەر کردووە.

هەر دەربارە بەم پەڕتووکە نایابەیش لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە جەنابی شێخ ئەمین نەقشبەندی دۆستێکی نزیکی جەنابی باوکم (مامۆستا مەلا ئەحمەدی، ئەحمەدئاوا) بووە. کاتی خۆی نوسخەیەک لەم پەڕتووکەی وەک دیاری لە بەروارى (17/2/1986) لە بەغداوە بۆ مەڕحومی بابم ناردووە، و بە خەتە جوانەکەی خۆی ئەو میژووەی نووسیوە، و تا ئێستایش پەڕتووکەکە لای بەندە پارێزراوە.

کۆچی دوایی:

دواجار شێخ ئەمین لە/9/4) (1990 لە شاری بەغدا ژیانی دنیای بەجێهێشت و لە گۆڕستانی (شێخ عەبدولقادری گەیلانی) بە خاک سپێردرا.

نموونەیەک لە شیعرە نەتەوەییەکانی (شێخ ئەمین نەقشبەندی: بێتوەی):

ئەم هۆنراوەیە وەک خۆی لە دیوانی (بەرهەمی ژیان)دا، لاپەڕە (70) بە دواوە، باسی کردووە، بۆ ئاهەنگی نەورۆزی ساڵی (1959)دانراوە، کە تا ئەو کاتەیش هەم ئاهەنگگێڕان بۆ نەورۆز و هەم (پارتی دیموکراتی کوردستان) قەدەغە بوون، هەروەک لە هۆنراوەکەیشدا ئاماژەی بەم دوو حاڵەتە هەردووکیان داوە، ئەمە یەکمجار بووە کە هەردووکیان بە ئازادی خۆیان دەربخەن.

جەژنی نەورۆز

نۆخەی ئەی نەورۆز جەژنی کوردستان
جەژنی شۆڕشی کاوەی قارەمان
من بووم بە چاو و دێم بە ئاشکرا
ئاگری نەورۆز لێرە هەڵکرا
جەژن ئەگێڕن دوو جەژنە ئەمڕۆ
جەژنی سەربەستی (پارتی) و جەژنی تۆ
گەلی کورد تێکڕا چاوی کردەوە
ئەمڕۆ گرەوی مەردیی بردەوە
گۆیی پیاوەتی لە مەیدان دەرکرد
بت پەرستانی لە وڵات دەرکرد
خوایە تۆ خوای گشتی جیهانی
پەنای بێ پەنا و هی بێ کەسانی
وا ڕوومان کردە بارەگای پاکت
هانامان هێنا بە لوتفی چاکت
چاوی کەرەم و لوتفت لێمان بێ
ڕێگەی ڕاسی خۆت داییم ڕێمان بێ
لە گەڵ یەکترا وەکو برا بین
بۆ ڕێی ژینی گەل وەکو چرا بین
یەکەم ئامانجمان خوێنەواری بێ
نەک لاری و چەوتی و درۆ و خواریی بێ
عەیلم و صەنعەت و پاکی و پیاوچاکی
ڕەوشتی بەرز و گورجی و چالاکی
لەمەولا ئەمە پیشەی کوردان بێ
کورد لەم مەیدانا مەردی مەیدان بێ

* * *

نەورۆز تۆ جەژنی جەژنی کوردانی
یادگارێکی باوا گەورانی
جەژنی بەهاری، جەژنی گوڵانی
جەژنی دڵدار و خاوەن دڵانی
مژدەی بەهار و سەوزەی دەروەدشت
مژدەی سەیران و مژدەی خۆشی و گەشت
نەماوە سەرما و سەهۆڵی زستان
وەک بووک ڕازاوە خاکی کوردستان
لە گشت شارێکا بەزم و شادییە
ڕۆژی گوزەشتە و هی ئازادییە
لە باتی بەفر و یەخ و یەخبەندان
گوڵە و گوڵاڵە و بازاڕی ڕەندان
لە باتی کزە و دەمە و کڕێوە
پڕ بۆنی خۆشە چی دەشت و شیوە
لە باتی مەرگی مەل و پەپوڵە
یا زیندان بوونی تیپی مێروولە
لە باتی ژێرپێ بوونی گوڵ و گیا
لە باتی ماتی و ساردی کەژ و چیا
ژیانە، گیانە، گەڕیانە، گەشتە
گەرمی و شادییە، عەیشی بەهەشتە
بەزم و نیشاتە و عەیش و سرورە
چی دەشت و دەرە گشت سەوز و سوورە
بەزم و خەندەیە، دەنگی پێکەنین
نەوای بوڵبوڵە و سەوزەی سەر زەمین
هەر ئەڵێی زستان سەرما و سەهۆڵی
یان شاخ و کێوی بێدەنگ و چۆڵی
قەت نەبینراوە و کەسێ نەیدیوە
یان بە کزەی با دەس نەتەزیوە
گوڵ و گوڵاڵە بە سەربەست و شاد
هەموو دەسیان کەوت ئاوات و مراد
سەرزەوی گیانی سەرلەنوێ وەرگرت
سپیاڵی شڕی زستانی لابرد
جەژنی نەورۆزە و سااڵی تازەیە
وادەی سەیران و بەزم و بادەیە

ژێدەرەکان:

1- تەصەوف چییە؟، نووسینی: شێخ ئەمین نەقشبەندی چاپی سێیەم، سلێمانی ژ.2015.
2- (بەرهەمی ژیان) شیعرەکانی شێخ ئەمین نەقشبەندی، چاپی یەکەم 1981.
3- مێژووی زانایانی کورد، نووسینی: مامۆستا مەلا تاهیری بەحرکەیی، چاپی دووەم- 2016بەرگی یەکەم، لاپەڕە 233 - 232.

حەسەن حەیران
حەیرانبێژی شۆڕش و بەرگری

بەشی حەفتەم



جەمال گردەسۆری

دەربارەی سمایلۆ

سەربووردەی ئەم لاوکە بریتیە لە بەسەرهاتی دوو برا بە ناوی سمایل و حوسێن، سمایل عەشقی کچێک دەبێت و زۆر خۆشی دەوێت، سمایل لەگەڵ حوسێن زۆر برادەریش بوونە، هەرکاتەک بچووبایە بۆ دیتنی کچەکە ئەوە بوو حوسێن- ی ئاگادار دەکردەوو لەگەڵیدا دەچوو بە دیتنی کچەکە، حوسێن- یش عەشقی کچەکە دەبێ و بۆیە حوسێن پیلان دادەڕێژی بۆ ئەوەی سمایل بفەوتێنێ واتە لەناوی بەرێ، ڕۆژێک کچە لەگەڵ سمایل مەوعیدیان دەبێ لە کۆشک، حوسێن لەپاش سمایل بە خۆیی و بە براو ئامۆزایەکی بە دوای سمایل دادەچن، کە بەسەر کۆشک دەکەون دەبینن سمایل لە کۆشی کچەکە خەوی لێ کەوتووە، حوسێن یەدەگە دەمانچەکی لەسەری سمایل بەتاڵ دەکات و هەڵدێن، کچەکەش دەست بۆ پشدێنی سمایل دەبات و دەمانچەکەی لەبەر پشدێنی دەردێنێ و دەستڕێژ لە حوسێن دەکات لە ئەنجامدا برایەکەی حوسێن و ئامۆزاکەی حوسێن دەکوژی و حوسێن هەڵدێ و ڕزگاری دەبێ، کچە لەپاش کوشتنی ئەمانە یەدەگەکیش لە خۆی بەتاڵ دەکات و ئەویش گیانی لە پێناو عەشقە پیرۆزەکەی دەسپێری و ڕوو ڕەشیش بۆ خائینان تۆمار دەکرێت.

-1-

سمایلۆ

دبێ وەرە وەرا، وەرا
ئاخ لۆ سمایلۆ وەرا
بەرێ کوڕۆ شیرنۆ شەکەرۆ خەو گرانۆ
سەت جارا من گۆ دەرابە
قۆندەرە دانێ لە بگۆریا وەرا
ئەگەر گۆریاتە دڕا
شەرت و قەرار جانێ
بە قەسەمێ
بە شێخێ لە بەغدایێ
لەپاش چاوی سمایلێ
منێ مێرکوژێ دیوانان
گورگێ بەرخان
کلێ چاوێ مێران
وی دایێ
ئەزێ لە خۆم حەرام کەم
تەرکێ وڵاتێ ناو خەمە
بەرێ ناکەم
قەمێ دەماچەکە خەمێ دنیایێ
لە درێ خۆ کا تەنەکێ
قامکە کێ گوڵان وریحان
فەسڵێ دەرێ بواران
چەپکێ گوڵان
قەسڵێ سەرێ خۆ ڕاکا
چ تەنەکی خەنجەراکا
دەبی کرمان سێ پشکە زیو
لە مێر کوژێ دیوانان
گورگی بەرخان



-1-

سمایلۆ

دبێ وەرە وەرا، وەرا
ئاخ لۆ سمایلۆ وەرا
بەرێ کوڕۆ شیرنۆ شەکەرۆ خەو گرانۆ
سەت جارا من گۆ دەرابە
قۆندەرە دانێ لە بگۆریا وەرا
ئەگەر گۆریاتە دڕا
شەرت و قەرار جانێ
بە قەسەمێ
بە شێخێ لە بەغدایێ
لەپاش چاوی سمایلێ
منێ مێرکوژێ دیوانان
گورگێ بەرخان
کلێ چاوێ مێران
وی دایێ
ئەزێ لە خۆم حەرام کەم
تەرکێ وڵاتێ ناو خەمە
بەرێ ناکەم
من کەرەم کە
مەعلومە چاوا گولاکان ڕەشترە
وەیی دایێ
من گورە کانیا کلێ ئاوخە
دەمان گوریێ، دەمان گوریێ، دەمان گوریێ
هاوار گوریێ، هاوار گوریێ
هاوار کەچی گورەکا من
قەرەمەنیانە بەوێ سپێ دێ
دە جار من گۆ کەچێ زالمێ ما لا مری
کەچێ جووتەکا ڕاموسانێ
کەیفێ درا من کەرەم کە
چ گاوێ قەفێ سمێرا سوسنی
باوێمە سەر ناوکا کوملکا سۆر گور
ئاخ وابزانی گوریێ لۆ قەت نامری
ئاو لە دەوارگوریێ، دەوار گوریێ، دەوار گوریێ
لۆ تێر عاقلێ
کەچێ گوریێ من
جووتەکە ڕاموسانێ کەیفا دڕێ من کەرەم کە
مەعلومە چاوا گوراکا من ڕەشترە
وەیی دایێ لە کاشیا کلێ .
دوا لاوکی تۆمارکراوی

www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/12/19 ژمارە (5896) خەبات



مۆزارت لە سینەمادا



حەیدەر عەبدولڕەحمان

زۆر لەسینەماکاران هەوڵیان داوە ژیانی مۆزارت لەسینەمادا بەرجەستە بکەن وەک چۆن شانۆکارانیش بە هەمان شێوە مۆزارت و هونەری مۆزارتیان خستۆتە سەر تەختەی شانۆ، چ سینەماو چ شانۆش هەر یەکەو کەرەستەو ئامرازی تایبەتی خۆیان هەیە بۆ ئەو بەرجەستە کردنە ، هەروەک چۆن هەریەکێکیش لەوان چێژی تایبەتی خۆیان دەبەخشن، بەڵام ڕەنگە بەرجەستە کردنی ژیانی مۆزارت و داهێنانەکانی لە شانۆدا زێتر بێت لە سینەما ، ئەوەتا بۆ دوا جار شانۆگەرییەکی نووسەری ناودار(بیتر شافر) لەسەر شانۆ جیهانییەکاندا نمایش دەکرێت و بینەر بەچاوی خۆی ڕووی ڕاستەقینەی ململانێی بەخیلی پێ بردنی پیاوێکی دەروون نەخۆشی وەک (سالیری) دەبینی، کەچۆن دەرهاوێشتە نەگریزەکانی خۆی هەڵدەڕژێنێتە سەر مۆزارتێکی بلیمەت کە ناتوانێت بەموزیک بەسەریدا زاڵ بێت.

بۆیە پەنا بۆ ڕق هەڵڕشتن و پیلانگێڕی دەبات و هەموو دەسەڵاتێکی خۆی بەکاردێنێ بۆ لەناوبردنی، بە سوود وەرگرتن لەو دەقە شانۆییەش دەرهێنەرێکی بە ڕەچەڵەک چیکی و بەنەژاد نامە ئەمریکی (میلۆس فۆرمان) فیلمێک بەناوی (ئەمادیۆس) بەرهەم دەهێنێ کە فیلمێکی موزیک ئامێزەو تێیدا زۆر لەسیمۆژنیا ناودارەکانی مۆزارتی تێدا نمایش دەکرێت، موزیکەکانیش وەک ڕەخنەگری سینەمایی ئەمریکی (باردن شیڤر) دەڵێت ئەو سیمۆژنیایانەی لە فیلمەکەدا بەرجەستە کراون، دراماییێکی ترن و بینەر دەخەنە ژێر کاریگەری سیحرێک کە وروژاندنی لەدەست خۆی نامێنێت .

دەرهێنەر هەوڵی ئەوەی داوە تینوویەتی هەواداران مۆزارت لەزۆر لەو نهێنیانە بشکێنێ کە تا ئێستا نەزانراون لەژیانی مۆزارتدا، وەک سیمۆن کرین ـ ی ڕۆژنامە نووس لەگۆڤاری (هونەری سینەما) لە بەریتانیا ئاماژەی پێداوە: فیلمەکە سێ کاتژمێرە کەچی بەتۆ وابێت تا ئەبەد فیلمەکە تەواو نەبێت .

زەمەنی فیلمەکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1823کاتێ لەیەکەم گرتەدا بەهاواری سالیری دەست پێ دەکات کە دوای ئەنجامدانی تاوانەکەی هەوڵی خۆ کوشتنی خۆی دەدات و داوای لێ خۆشبوون لەمۆزارت دەکات

دەرهێنەر هەوڵی ئەوەی داوە ـ کە چەند سەرچاوەیەک لەژیانی مۆزارتدا بکاتە بنەما و بڕێتین لە:

ململانێ ی سالیری کردۆتە گرێیەکی دەروونی گشتی و لەتوێ ی فەلسەفەیەکی دیاری کراودا دەیەوێ بڵێت هەندێ جار داهێنانی گەورەی مرۆڤ و دەرچوون لەچوارچیوەی گشتی دەبێتە مایەی دروست بوونی ململانێ لای زۆر لەوانەی چاویان بەداهێنانی ئەوانی تر هەلنایێ

دەرهێنەر موزیکەکانی مۆزارتی خستۆتە نێو چوارچیوەیەکی درامی و بۆ خزمەتی فیلمەکەو ڕوداوەکانی بە کاری هێناون، بۆیە زۆرێک لەبینەرانی فیلمەکە پتر لەهەر لایەنێکی دیکە کاریگەرن بەو موزیکانەی کە بە زمانێکی سینەمایی تۆمار کراون و ئەوە دەسەلمێنن کە هەرگیز موزیک و سینەما لێکتر جودا نابنەوە

هەندێ نهینی لەژیانی تایبەتی مۆزارت بۆ یەکەم جار لەفیلمەکەدا ئاشکرا کراون، کە بۆ بینەر زانیاری نوێ بوونە لەژیانی ئەودا، زێترێش تیشکی خستۆتە سەر دە ساڵەی دواییی

ئارەزووی گێڕانەوە ناکات .

دەرهێنەر هەوڵی ئەوەی داوە کە لەڕووی هەڵبژاردنی ئەکتەرەکانی، خۆی دوورە پەرێز رابگرێت لەدیاری کردنی ئەکتەرە ناوداراکان، بەڵکو بەپێچەوانەوە پشتی بەو ئەکتەرانە بەستووە کە توانستی باشیان هەیە بەڵام لە ناودارەکان نین، وەک (شافیری) دەڵێ :ئەمەم بەو مەبەستە کردووە کە بینەر زێتر ئاشنایەتی لەگەڵ کاراکتەرەکاندا پەیدا بکات و هەمیشە لەخەیاڵی خۆیدا نەگەڕێتەوە سەر ئەو باوەڕەی کە ئەوەی دەیبینی ئەکتەرە نەک کاراکتەرە ڕەسەنەکان، زۆرینەی دیمەنەکانیشی لەچیک تۆمار کردووە، دوای ئەوەی بۆ ماوەی بیست ساڵ لە چیکی وڵاتی ڕەسەنی خۆی دوور کەوتەوە.

فۆرمان ـ بۆ هەڵبژاردنی ئەکتەری سەرەکی (مۆزارت) زیاتر لە 1000ئەکتەری بینیووە ، تا بڕوای بەوە هێنا کە (تۆم هیولس) بۆ کەسایەتی مۆزارت هەڵبژێرێ بەهەمان ئەو تیرۆانینە کەسایەتیە سەرەکییەکانی دیکەی وەک ئیمپراتۆرو سالیریشی هەڵبژارد، وەک ڕەخنەگرە کانیش دەڵێن (فۆرمان) لە هەڵبژاردنی ئەکتەرەکانیدا سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێناوە .

مورای ئەبراهام ـ کە ڕۆڵی سالیری دیوە، وێڕای کاریگەر بوونی بەسیحری موزیک لەو فیلمەداو وروژاندنی هەستی، هەست بەگەورەیی دەرهێنان و وێنەگرتنی جوان دەکات، کە بینەر وابزانێت لەسەدەی هەژدەهەمدا دەژیت .

فیلمەکە چل خەڵاتی جیهانیی وەرگرتووە، بۆ11 خەڵاتی ئۆسکاریش پالێوراوە، نۆ لەو خەڵاتانەی بەرکەوتووە، لەوانە خەڵاتی باشترین فیلم و باشترین دەرهێنان و باشترین ئەکتەرو باشترین موزیک .

تالیسی ئەستێرەناس



ئا: ئەحمەد حاجی مەولود

تالس یان تالیس، لە نیوەی دووەمی سەدەی شەشەم بەر لە زایین ژیاوە. ئەو وەکو دەستپێکەری فەلسەفە و یەکەم ڕوخساری زانست ناو دەبردرێ. یۆنانیەکان ئەویان وەکو 7دانا ، واتا دانا حەوتانەکان ناو بردووە.

تالیس لە دەوروبەری ساڵی 624بەر لە زایین لە شاری میلیتوس لە ئیونیا (ڕۆژئاوای تورکیەی ئەمڕۆ) لە دایک بووە. هەندێک لە میژوونووسان تالیس بە فینیقی دادەنێن، کە لەگەڵ دایک و باوکی لە فینیقیە بۆ میلیتوس کۆچیان کردووە. ناوی باوکی ئەکسامیس و ناوی دایکی کلئۆبۆلینە بوو. ئەو زۆرینەی تەمەنی خۆی لە سەفەر بەسەر بردووە. وەها بڵاوە لە تەمەنی 80یان 90ساڵی کاتێک کە سەیری کێبرکێی دەکرد، بەهۆی گەرما و تینویەتی و بێهێزی، گیانی لەدەستداوە.

ئەو چیرۆکانەی بە ئاسانی دەدەنە پاڵ دانایان، لەبارەی ئەویش دەگوترێ، لە کاتێکدا سەیری ئەستێرەکانی دەکرد، کەوتە نێو بیرێک یان چونکە پێشبینی کردبوو زەیتون کەم دەبێتەوە، دەستی دایە شاردنەوەی زەیتون. هەندێک دەڵێن تالیس بازرگانێکی زیرەک بووە و ئەرەستۆ لەبارەیەوە گوتوویەتی: دەڵێن شارەزایی لەبارەی زانستی ئەستێرەناسی هەبوو، کە هێشتا زستان نەهاتبوو دەیزانی، کە ساڵی داهاتوو زەیتون بەرهەمی باش دەبێت، بۆیە بە نرخێکی کەم ژ چونکە نەیارێکی نەبوو تا نرخەکان بەرز بکاتەوە ژ هەموو دەزگاکانی گرتنی ڕوون لە زەیتونی بەکرێ دەگرت. وەرزی لێکردنەوەی زەیتون، کە دەهات پارەیەکی زۆری بەدەستدەهێنا.


تالیس ئەو بیرۆکەیەی باس کردووە، کە هەموو ماددەکان لە توخمێکی سەرەتایی یەک دەگرنەوە. ئەو ئەم توخمە سەرەتاییەی جیهان، بە ئاو ناو بردبوو. ئەرەستۆ وای بۆ دەچێ، بینینی ئەوەی، کە هەموو بوونەوەرەکانی زیندوو و ئەوەی دەیخون تەڕن، ئەوی بەو دەرەنجامە گەیاندووە. هۆکاری دیکە دەتوانێ ئەو تایبەتمەندییەی ئاو بێت، کە بە ڕوونی و لە بەرامبەری چاوی تالیس دەیتوانی بێتە هەڵم و ببەستێ و دیسان ببێتەوە ئاو، کە دۆخی سیانەی مادەدن. ئەگەرچی ئەو دابەشکردنە هێشتا لەسەردەمی تالیس نەناسراو بوو. سەرەڕای ئەوە تالیس لە شاری میلتوس دەژیا ، کە ئاو بۆ دانیشتوانی ئەوێ زۆر بە نرخ بوو. هەروەها کاتێک کە لە میسر بوو، پیت و بەرەکەتی بەروبومی بێستانەکانی لە دوای نیشتنەوەی ئاوی ڕووباری نیلی لەبەرچاو بوو و دیتبووی کە چۆن لە دوای هەر بارانێک کرمەکان پەیدا دەبن. ڕەوان بوون و بێ شکل بوونی ئاو و جولە و ڕۆڵی لە ژیان، دەتوانێ لەو هۆکارانە بێت، کە تالیسی هاندابێت تا بیر لەوە بکاتەوە، کە توخمی بنەڕەتی هەموو شتێک ئاوە.

بە قسەی ئەرەستۆ، تالیس باوەڕی بە ڕوح هەبوو و بڕوای وابوو، کە "موگناتیس ڕوحی هەیە، چونکە ئاسن دەجوڵێنێ". هەروەها دەیگوت: "هەموو شتێک پڕ لە خواکانە" . مەبەستی ئەو لەو وتەیە ڕوون نییە، بەڵام باوەڕ ناکرێ، کە مەبەستی تالیس جۆری خوایەکان بێت. شوێن و گرنگی بۆچوونە فەلسەفیەکانی تالیس

تالیس لە یەکەم فەیلەسوفان هەژمار دەکرێت. بۆچوونی تالیس لەسەر ئەوەی، کە سەرچاوەی هەموو شتێک ئاوە، تەنیا گومان نەبوو، نە ئەو و نە زۆربەی ئەوانەی کە لە دوای ئەو هاتن، ڕێگەیەکیان بۆ تاقیکردنەوەی بۆچوونەکانی نەبوو. ئەو یەکەم کەسە، هەوڵیدا تا لە جیاتی شیکردنەوەی ئەفسانەیی ناسین، جیهان بە شێوەیەکی عەقڵانی شیبکاتەوە. هەروەها ئەو یەکەم کەسە، کە چەمکی "یەکێتی لە جیاوازی" درک کردووە.

گرنگترین بابەتەکانی کە تالیس لە ڕوانگەی فەلسەفە لە میژووی ئەندێشە دەردەخات، هەوڵی ئەوە بۆ ناسینی جیهان لە ڕێگەی بینین و ئەندێشە و واقیعبینییە. فڕێدانی ئەفسانەکانی دینی و شیکردنەوەکانی ئەفسانەیی و هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە جیهان بێیارمەتی وەرگرتن لە خوایەکان و ئەفسانەکان و هێزەکانی بێسنووری ئەوانە.

ئەرەستۆ لەبارەی ئەوەوە گوتوویەتی: "تالیس کەسێکە، کە لەسەرەتای فەلسەفە دایە".



بیرکاری و ئەستێرەناسی دەگێڕنەوە تالیس پێشبینی ڕووداوی خۆرگرتنی 28 مانگی مەی ساڵی 585بەر لە زایینی کردبوو. لە چالاکییەکانی دیکەی ئەستێرەناسی، کە دەدەنە پاڵ تالیس، دروستکردنی تەقوێمێکی ئەستێرەییە و بەکارهێنانی ئەزموونی فینیقیەکان لە دیاریکردنی هێڵی هاتووچۆی کەشتیەکان بەهۆی فەلەکی "ورچی بچوک – دب اصغر"ە.

لەبیرکاری پرسێک هەیە، کە دەدەنە پاڵ تالیس و میژوونووسێک بەناوی پروکلوس دەڵێ، کە تالیس توانیویەتی بە دۆزینەوەی ئەو پرسە، دووری کەشتیەکان لە قەراخی دەریا دیاری بکات. هەروەها میژوونووسێکی دیکە بەناوی دیوگنس لائرتیوس دەنووسێ: "تالیس لەڕاستیدا بەرزایی هەرەمەکانی میسری بە یارمەتی سێبەرەکەیان ئەندازە گرتووە و ئەوە لە کاتێکدا بوو، کە دیتی سێبەری ئێمە لە کاتێکی دیاریکراو بەرامبەر بە بڵندی ئێمەیە.

سیاسەت

ژیانی سیاسی تالیس زیاتر بۆ شەڕی ئیونەکان بۆ پارێزگاریکردن لە ئەناتۆلی، لە بەرامبەر بەهێزبوونی دەسەڵاتی ئێرانیەکان، کە لەو سەردەمەدا ڕۆژبەڕۆژ زیاد دەبوو دەگەڕێتەوە، بەوە شێوەیە پاشای ماد و کوروشی گەورە لە هاوچەرخانی تالیس بوون لە ئێران.

لە کچان کارین کەمال و لە کوڕان زۆزک محەمەد یەکەم بوون

14هەمین پاڵەوانێتی نێودەوڵەتی شەترەنجی کلاسیکی خانزاد سەرکەوتووانە بەڕێوەچوو





خەبات: هاوار مورتکەیی

لەماوەی نێوان 12-16/12/2019 بەبەشداری 70 شەترەنجزانی کوردستان و عێراق و دەرەوە، 14هەمین پاڵەوانێتی نێودەوڵەتی کلاسیکی شەترەنجی خانزاد، لە شاری هەولێر کرایەوە کە یانەی شەترەنجی خانزاد بە سیستمی سویسری 9راوند بەکاتی 6 min+30 sec60بەڕێوەچوو.

لەڕێورەسمی کۆتایی پاڵەوانێتییەکەش کە هەریەک لە دیقید گاجنسکی جێگری کونسولی پۆڵەندا و ڤازیل ڤازیلێف سەرۆکی بەشی بازرگانی و ئابووری کونسولخانەی بولگاریا و پشتیوان ئەحمەد سەرۆکی فەخری یانەی خانزاد و د. دلزار حەمەسالح سەرۆکی یانەی شەترەنجی خانزاد و ژمارەیەک لە خانەوادەی شەترەنجزانان ئامادەببوون، دیاری و خەلاتی دارایی پێشکەشی شەش براوەی پێشەوە کران.


هەر لەو ریورەسمەدا هەردوو کونسولی پۆڵەندی و بولگاری، پەرتوکخانە و بەشەکانی یانەی شەترەنجیان بەسەرکردەوە و سەرسامیی خۆیان بۆ ئەو دەسکەوت و زانیارییانەی پێیان درا دەربڕی و رایانگەیاند کە خۆشحاڵن یانەیەکی لەمشێوەیە لە کوردستان دەبینن و ژمارەیەکی زۆری منداڵ و کچان بەشداری پاڵەوانێتییەکانیان دەکەن.

جێی باسە ئەم پاڵەوانێتییە لەلایەن یەکێتی شەترەنجی نێودەوڵەتییەوە تۆمارکراوە و یارییەکانیش رۆژانە ئۆنلاین لە دوو بەناوبانگترین سایتی شەترەنج پەخش دەکران و پاڵەوانێتییەکەش بەسەرپەرشتی کاوە خەلیلی ناوبژیوانی نیودەوڵەتی کە لە وڵاتی ئێرانەوە هاتووە، بەیاوەری هەردوو ناوبژیوان دیار حەمەسالح و سەرمەد بەروارى بەڕێوەدەچوون.

*** کوڕان پێگەیشتوان:**
زۆزگ محەمەد سەلاح پلەی یەکەم
دیدار محەمەد زاهیر پلەی دووەم
رەوەند حامد پلەی سییەم

*** کچان پێگەیشتوان:**
کارین کەمال جەلالەدین پلەی یەکەم
دلین کەمال جەلالەدین پلەی دووەم
نمە قاسم عوسمان پلەی سێیەم





هاری کین پەرۆشە زیاتر لە مۆرینهۆوە فێربێت

هاری کینی کاپتن و گۆلکاری یانەی تۆتینهام خۆشحاڵی خۆی نیشاندا کە لەژێر راهێنەرایەتی کەسێکی خاوەن ئەزموون و شارەزایە و زۆریش پەرۆشە کە شتی زیاتر لەو راهێنەرەوە فێربێت.

هاری کین دەڵێت: دوای هاتنی مۆرینهۆ، یانەکە گروپێنیکی زۆری بەخۆیەوە بینی و ئەو راهێنەرە تەکانێکی باشی بە تەکتیکی یانەکە داوە، هەروەها گوتی: هەرجارەی شتێک لەو راهێنەرەوە فێردەبم، مۆرینهۆ هەگبەیەکی دەوڵەمەندی پێبە و هێشتا زۆری پێ ماوە بتوانێت رکابەری لەسەر ئاستی نازناوەکانەوە بکات.

نایمار: لەدەرەوەی یاریگا بەردەوام لەگەڵ مباپێ نامە ئاڵوگۆڕ دەکەین

نایمار داسیلڤای بەرازیلی و ئەستێرەی یانەی پاریس سان جێرمانی فەرەنسی دووپاتی کردەوە کە پەیوەندی لەگەڵ کیلیان مباپێ زۆر ئاساییە و تەنانەت لەوپەری بەهێزی و خۆشەویستیدایە. نایمار ئەو دەنگۆیانەی ڕەتکردەوە کە گوایە نێوانیان باش نییە و دەڵێت: بەپێچەوانەی ئەوانەی لێرەو لەوێ باس دەکەن، پەیوەندیم لەگەڵ مباپی زۆر باشە و ئێمە دوو هاوڕێین، هەروەها لەناو یاریگاش زۆر هاوکاری یەکتر دەکەین لەپیناو سەرکەوتن و گۆڵ تۆمارکردندا، بۆ زانیاری هەموانیش ئێمە لەدەرەوەی یاریگاش بەردەوام چات و نامە ئاڵوگۆڕ دەکەین و لەنزیکەوە ئاگامان لەیەکتری هەیە و هیچ ڕکابەرییەکیش لەنێوانماندا نابین.



جارێ پۆگبا ناگەڕێتەوە

ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکانی ئینگلیزی بڵاویان کردەوە کە پۆل پۆگبا بڕیاربوو بەمنزیکانە بگەڕێتەوە ناو یاریگا ، بەڵام کاتی گەڕانەوەی بۆ کاتێکی نادیار دواخرا.

ڕۆژنامەی مانچستەر ئیفنینچ نیوز بڵاوی کردەوە کە پزیشکانی پۆل پۆگبای فەرەنسی ڕێگایان نەداوە کە ئەو یاریزانە لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا بگەڕێتەوە مانچستەر یونایتد و رایانگەیاندووە کە هێشتا پۆگبا چاک نەبۆتەوە و کاتی دیکەی پێویستە تا بەباشی چاک دەبێتەوە.





ئەمڕۆ شەڕی بەدەستهێنانی پێشەنگی یانەکانی خولی نایابی کوردستان سەخت دەبێت

کارزان کانەبی

لەمیانی یارییەکانی هەفتەی نۆیەمی خولی نایابی یانەکانی کوردستان لە قۆناخی یەکەمی خولەکە ئەمڕۆ پێنج شەمە شەش یاری گرنگ و بەهێز لە نێوان یانەکانی کوردستان ئەنجام دەدرێت، لە سەر یاریگای گەردە گەرد لە قەزای رواندز لە یارییەکی بەهێز و لوتکەی پاڕێزگای هەولێر هەردوو یانەی سۆران و هەولێر رووبەرووی یەکتری دەبنەوە، بۆ ئەم یارییەش یاریزانانی هەردوو یانە چاوبان لە سێ خاڵی یارییەکە و دەیانەوێ شەڕی بەدەستهێنانی پێشەنگی یانەکان بکەن، یانەی سۆران هیچ یارییەکی لەم یاریگایە نەدۆڕاندوە ئەم وەرزە، بگرە ئاستێکی بەرزیشیان پێشکەش کردوە، بۆیە بۆ یارییەکەی ئەمڕۆ سۆران دەیەوێت لەبەردەم هاندەرانی یانەکەی سێ خاڵی تر بەدەست بهێنێت زیاتر لە پێشەنگی یانەکان نزیک بێتەوە، هەولێریش بۆ سێ خاڵ شەڕی وەرگرتنی پێشەنگ زیاتر چڕ بکاتەوە، لە پاڕێزگای دهۆکیش دوو یاری گرنگ بەڕێوەدەچێت، دهۆک میوانداری یانەی شێروانە دەکات بۆ ئەم یارییەش یاریزانانی هەردوو یانە ئامادەکاری چڕیان کردوە بۆ ئەوەی بتوانن کێبڕکێ یەکترى بکەن لەسەر بەجەست هێنانی ئەنجامی شایستە، دهۆک هەوڵی ئەوە دەدات خۆی بباتە خانەکانی پێشەوە ڕیزبەند، شێروانەش دەیەوێ لەسەر حیسابی یانەی میواندار سێ خاڵ بکاتە دیاری هاندەرانی لە کەلار، زێرەڤانیش لەسەر یاریگای خۆی لە یارییەکی زەحمەت میوانداری یانەی پێشمەرگەی هەولێر دەکات، بۆ ئەم یارییە زێرەڤانی دەیەوێت بە سێ خاڵ هاندەرانی ئاشت بکاتەوە هەرچەندە ئەرکی زەحمەتە بەرامبەر کۆرانی پێشمەرگە، سەمیرباوێش پلانی تۆکمەی داناوە بۆ ئەوەی سێ خاڵی دیکەش دەستەبەر بکات و شەڕی پێشەنگی یانەکان زیاتر تۆخ بکاتەوە لەگەڵ یانەکانی تر، لە پاڕێزگای سلێمانیش سێ یاری بەهێز بەڕێوەدەچێت، سیروانی نوێ پێشەنگی یانەکان لەسەر یاریگای خۆی میوانداری یانەی هەندرێن دەکات، بۆ ئەم یارییەش سیروانی نوێ دەیەوێت قەرەبووی شکستی هەفتەی رابردوو بکاتەوە، هەندرێنیش لە هەولێرەوە بە وردیەکی بەرزەوە گەشتی سلێمانی کردوە بۆ ئەوەی بە ریتمی هەفتەی رابردوو سەرکەوتنێکی تر لەسەر حیسابی یانەی میواندار تۆماربکات، بۆ ئەم یارییەش هەردوو یانە ئەرکیان قورسە، پێشمەرگەی سلێمانیش لەسەر یاریگای فەرماندەیی میواندارى یانەی برایەتی دووەمی ڕیزبەندی یانەکان دەکات، بۆ ئەم یارییەش یاریزانانی پێشمەرگە ئامادەکاری باشیان کردوە دەیانەوێ یەکەم سەرکەوتن لەسەر حیسابی یانەی برایەتی بەدەست بهێنن، برایەتیش بە پلانەکانی فاتیح حەمەخانی ڕاهێنەر چاوی لەوەیە بە سەرکەوتن و سێ خاڵ هەولێ بەدەستهێنانی پێشەنگ بدات، نەورۆزیش لەسەر یاریگای خۆی میوانداری یانەی زاخۆ دەکات، بۆ ئەم یارییەش یاریزانانی هەردوو یانە ئامادەکاری باشیان کردوە بۆ ئەوەی بتوانن سێ خاڵی یارییەکە بە سوودی خۆیان یەکلا بکەنەوە ئەم یارییەش بۆ هەردوو یانە گرنگی خۆی هەیە، ئەم هەفتەیەش یانەی دەربەندیخان چاوەڕوان دەبێ، سەرجەم یارییەکانیش لەکاتژمێر 2?30خولەکی دوای نیوەڕۆ بەڕێوە دەچێت.

1- سیروانی نوێ 14 خاڵ
2- برایەتی 13 خاڵ
3- پێشمەرگەی هەولێر 12 خاڵ
4- سۆران 12 خاڵ
5- هەولێر 12 خاڵ

فۆتۆ: پشتیوان ڕەشید

لەیاریيەکانی خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستاندا:

ئاسۆ بەچوار گۆڵ هەڵەبجەی شەهید گۆڵباران دەکات

کۆیە بەبردنەوەی لەئاڵتون کۆپری لە پێشەنگ نزیک بووەوە



ئا: سەرهەنگ نەجمەدین

لەیارییەکانی گەڕی چوارەمی خولی تۆپی پێی یانەپلەیەکانی کوردستان، شەش یاری گرینگ ئەنجام درا، لەوانە لەیاریگای یانەی برایەتی، هەردوو یانەی ئاسۆ و هەڵەبجەی شەهید ڕووبەرووی یەکترەبنەوە، لەگێمی یەکەم تیپی خاوەن یاریگا لەئاستێکی خراپدا دەبینرا، لەبەرانبەردا یانەی هەڵەبجەی شەهید یاریزانەکانیان بەشێوەیەکی باش یاریان دەکرد و فشارێکی تەواویان خستبووە سەر گۆڵی یانەی ئاسۆ ، ئەوەبوو لەخولەکی 34دا ناوبژیوانی یارییەکە لێدانێکی سزای بۆ هەڵەبجەی شەهید هەژمار کرد، یاریزان شادومان سەلاح توانی گۆڵی یەکەم تۆمار بکات، ئەم یاریزانە تیپەکەی بەگۆڵێک پێشخست، دوای تێپەڕبوونی 8خولەک بەسەر یارییەکە هەمان یاریزان گۆڵی دووەمی بۆ تیپەکەی خۆی تۆمار کرد ،بەمشێوەیە گێمی یەکەمی یارییەکە بەئەنجامی دوو گۆڵی بێ وەلام لەبەرژەوەندی تیپی میوان کۆتایی هات . گێمی دووەم دەستیپێکرد و لەسەرەتای یارییەکەدا ناوبژیوان فیکەی لێدانی سزای بۆ یانەی ئاسۆ لێدا، یاریزان فەرمان شەریف لەلێدانەکە سەرکەوتوو بوو ، ناوبراو توانی گۆڵی یەکەم بەسەرکەوتوویی تۆمار بکات، هەر لەدرێژەی هێرشەکانی تیپی خاوەن یاریگا و لەخولەکی 57دا ئەمجاریان یاریزان عومەر شەماڵ ئەنجامەکەی بۆ تیپەکەی خۆی یەکسان کردەوە و گۆڵی دووەمی تۆمار کرد و یارییەکەی گەڕاندەوە خاڵی سەرەتا ، دوای ئەم گۆڵە سەرجەم یاریزانانی ئاسۆ کۆنترۆڵی یارییەکەی کرد و هێرش لەدوای هێرشیان دەهێنایە سەر تیپی هەڵەبجەی شەهید بەمەبەستی گۆڕینی ئەنجامی یارییەکە، پاشان لەخولەکی 84دا لەرێگەی یاریزان فەرمان شەریف گۆڵی سێیەم و متمانە تۆمار کرا ، لەدوا ساتەکانی یارییەکەدا سفیان رافع گۆڵی چوارەمی تۆمار کرد و تیپەکەی بەچوار گۆڵ پێشخست ، بەم شێوەیە یارییەکە بەئەنجامی 2-4 گۆڵ لەبەرژەوەندی یانەی ئاسۆ کۆتایی هات و یانەی هەڵەبجەی شەهید دوای پێشکەوتنی بەدوو گۆڵ لەگێمی دووەم ، بەپێچەوانەوە گێمی دووەم بووە مەیدانی گۆڵ تۆمارکردنی تیپی خاوەن یاریگا ، ئاسۆ 3خاڵ و بردنەوەیەکی گرینگی لەیارییەکەدا تۆمار کرد و زەنگی مەترسی بۆ یانەکانی دیکە لێدا.

هەر ئەمڕۆش ئەم یارییانە ئەنجام دەدرێت:

شەقلاوە * 1ڕزگاری 1
کۆیە *3ئاڵتون کۆپری 0
ئاکرێ *1هەڵۆ 1
ئاشتی *0خانەقین 2
سەید سادق *0خاک 1

یانەی چەمچەماڵ چاوەڕوان بوو.

ڕیزبەندی یانەکان لەهەفتەی چوارەم بەمشێوەیە بوو:

1-چەمچەماڵ 9خاڵ -2کۆیە 7خاڵ
3-خانەقین 7خاڵ -4ڕزگاری 7خاڵ

گریزمان: بنزیمە وەڵامی گومانلێکەرانی دەداتەوە



ئەنتوان گریزمان، هێرشبەری هەڵبژاردەی فەرەنسا و یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانیی پێی وایە، هاوئیشتمانەکەی کەریم بنزیمە، هێرشبەری یانەی ریال مەدرید، هەرکاتێک لە تواناکانی کەم بکرێتەوە، پێچەوانەی ئەوە دەسەلمێنێت. ئەمەو گریزمان ڕۆژی چوارشەمە بەشداریی لەیەکەم کلاسیکۆ، لەسەر یاریگەی کامپ نودا کرد، لە دوای هاتنی بۆ ریزەکانی بلاوگرانا ، لە ماوەی گواستنەوەی هاوینەی ڕابردوودا. یارییەکەش لە چوارچێوەی خولی ئیسپانیا بوو. گریزمان، ڕۆژێک پێش یاری کلاسیکۆ، وەڵامی هەندێ پرسیاری ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانیی دایەوە و وتی:" بەردەوام گومان لە بنزیمە دەکرێت، بەڵام ئەو ساڵانە 15تاکو 20گۆڵ تۆمار دەکات. ئەو یەکێ لە باشترین هێرشبەرەکانی جیهانە". گریزمان لە بارەی گواستنەوەی بۆ بەرشلۆنە و دابەزینی ئاستی لە سەرەتای وەرز، پاشان گەڕانەوەی بەرە بەرە وتی:"باوکم زۆر شانازی بەوە دەکات، کوڕەکەی بۆ بەرشلۆنە یاری دەکات. من چێژ لە یاریکردن لەگەڵ تیپەکە وەردەگرم". شیاوی باسکردنە، گریزمان لەم وەرزە لە لالیگادا، تاکو ئێستا 6گۆڵی بۆ تیپەکەی تۆمار کردووە و لە دوای لیونێل مێسی و لویس سواریز، بە سێیەم گۆڵکاری تیپەکەی دادەنرێت.

ڕەمزی میرەکانی

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
پەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Thu.19. Dec. 2019 No: (5896)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

هونەرمەند سەمیر بازی:

جگە لە کاری هونەریم، بە شانازیەوە دەڵێم پێشمەرگەم



دیمانە- موسلیم دزڵەمەری

زۆرن ئەو هونەرمەندانەی کە خاوەن هونەرێکی جوان و دەنگێکی پرسۆزن لە نێو جیهانی هونەری کوردیدا, بەڵام هەر یەکەو بەهۆی گرفتێکی ژیانەوە تارادەیەک دوور کەوتونەتەوە یان نەیانتوانیوە هونەری خۆیان بە باشی بگەیەنن , هونەرمەند (سەمیر بازی) یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە لەبەر چەند گرفتێکی ژیانەوە وەک خۆی دەڵێت نەمتوانیوە بەپێی خواستەکانم پەرە بە هونەرەکەم بدەم.

سەرەتا گوتی : من سەمیر رەشید بازی ناسراوم بە (سەمیر بازی) کە ئێستاش دانیشتوی گوندی (بازێ) ی سەر بە ناحیەی بارزانم.

سەبارەت بە سەرەتای کاری هونەری گوتی : من لە تەمەنی هەرزەکاریەوە دەستمکردوە بە کاری هونەری و تاکە ئاواتم هونەری گۆرانی گوتن بووە ,هەر لەبەر ئەو ئاواتەمەوە سەرەتا بە بەردەوامی لە زۆربەی ئاهەنگەکانی قوتابخانەو بۆنە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان بگرە لە زۆربەی ئاهەنگەکانی دەڤەرەکەمان گۆرانیم دەگوت, تاوای لێهات لە نێو خەڵکەوە ناسراو بووم و ئەمجارە بۆ ئاهەنگەکانی هاوسەرگیری بانگهێشت دەکرام بەمجۆرە هونەرەکەم گەشەی کردوو لە نێو دڵی جەماوەریش جێگای خۆم کردەوە.

سەبارەت بە بەرهەمەکانی گوتی : من تاکو ئێستا زیاتر لە پێنج کلیپ و دوو بەرهەمم تۆمار کردووەو بلاو بوونەتەوە بە شێوەو ستایلی جۆراو جۆرو هەروەها بەرهەمەکانم بریتین لە ئەڤینی و هەندێکیش نیشتمانپەروەرین.

سەبارەت بە هۆکاری کەمی بەرهەمی گوتی : بە ڕاستی هۆکاری کەمی بەرهەم و تارادەیەک دابڕانم لە هونەر تەنها خراپی باری داراییەو نەبوونی سپۆنسەرو هاوکاری لایەنی پەیوەنداراە چونکە هونەری ئەمڕۆ پاڵپشتێکی دارایی باشی دەوێت بۆ ئەوەی بتوانی هونەرێکی جوان و باش پێشکەش بە جەماوەری خۆت بکەی.

سەبارەت بە گوتنی گۆرانی بە شێوازی دوو قۆڵی گوتی : من تاکو ئێستا بەرهەمی دوو قۆڵیم تۆمار نەکردووە جگە لەوەی کە لە ئاهەنگەکاندا نەبێت زۆرجار وا ڕێکەوتووە کە گۆرانی دوو قۆڵی بڵێین , بەڵام ئەگەر بۆم بکرێت و بگونجێت حەز دەکەم کلیپێکی دوو قۆڵی لەگەڵ هونەرمەندی دەنگخۆش و بە توانا هونەرمەند (مەلەک رۆژهات) تۆمار بکەم.

سەبارەت بە کارەکانی جگە لە کاری هونەری گوتی : جگە لە کاری هونەریم بە شانازیەوە دەڵێم پێشمەرگەم بۆ بەرگری گەل و وڵاتم و هەروەها بۆپەیدا کردنی سەرچاوەیەکی باشتر بۆ بەرەو پێشبردنی حەزە هونەریەکانم سەرتاشخانەیەکی بچکۆلانەشم لە (گوندی میلاکی وەزارەتی ڕۆشنبیری لە پێشەنگای سەر قەڵا دەڵێت: ئەو پێشەنگایە تایبەتە بە ڕستن و چنینەو لە ساڵی 2011 وە خەریکی بەڕێوەبردنی ئەو پێشەنگایەین. تێدا ئەو بەرهەمە ناوخۆییانە نمایش دەکەین کە تایبەتن بە مافوورو کەرەسەی ڕستن و چنین. بەرهەمەکانی ئەو پێشەنگایە کاری دەستین و ئەرک و ماندوبونێکی زۆر پێویستە بۆ دروستکردنیان, کارگەکانمان لە چەند شوێنێکی جیاوازەوە دانراون, یەکێکیان لە بەحرەکەیە و یەکی دیکەیان لە ڕەواندزە و هی دیکەش لەکۆیە و هەریرە, گوتیشی ئەو مافوورانە هەم بە مەبەستی نمایش کردن و و هەمیش بە مەبەستی فرۆشتنیان نمایش کراون, خەڵک ڕۆژانە دێن سەردانمان دەکەن هەندێکیان تەنها بۆ مەبەستی سەیرکردن دێن و هەندێکیشیان بە مەبەستی کرنینیان روو لەو پێشەنگایە دەکەن, ئاشکراشی کرد کە خەڵکە بیانییەکان زیاتر سەردانمان دەکەن, چونکە بەڵایانەوە شتانێکی سەرنج راکێشن, بەهۆی ئەوەی نرخەکانیان بەرزن بۆیە بیانییەکان زیاتر دەیکرن.

لە پرسیارێکدا کە ئایا لە داهاتوویاندا بیر لەوە کراوەتەوە کە بۆ دەرەوەی وڵات هەنارەی بکەن, ناوبراو دەڵێت:- نەخێر تا ئێستا ئەوەمان بۆ نەرەخساوە, کە بتوانین هەنارەی دەرەوەی وڵات بکەین, پێویستە حکومەت هاوکاریێت تاوەکو بتوانین هەنارەی وڵاتە بیانییەکان بکەین, ئامادی بەوەش دا کە ئەو مافوورانە بەشێکیان ئاوریشمن و لەسەر داوای خەڵک دروستیان دەکەین, بە هۆی ئەوەی هەندێک لە پێداویستییە سەرەکیەکانی بۆ دروستکردنی مافووڕەکان گرانن و کاری دەستیشە بۆیە نرخیان گرانە , گوتیشی پێمان خۆشە زیاتر ئاسانکاریمان بۆ بکرێت, تا بتوانین بەشداربین لە پێشەنگا نێودەوڵەتییەکان یان ئەو پێشەنگایانەی لە دەرەوەی وڵات دەکرێنەوە, بتوانین وەک هەرێمی کوردستان بەشداربین لەو جۆرە پێشەنگایانە , چونکە تا ئێستا تەنها لە پێشەنگای ناوخۆییەکان بەشداریان کردووە, لە کۆتاییدا خاوەنی ئەو پێشەنگایە دەڵێت: هیوادارم ئەو پێشەنگایە زیاتر فراوان بکرێت و بتوانرێت شوێنەکامان بۆ گەورەتر بکرێت, کە لە ئێستادا بەهۆی بچوکی شوێنەکەمان نەمانتوانیوە گشت مافووڕەکان نمایش بکەین.

داواکارن بازاڕی دەرەکی بۆ بەرهەمەکانیان پەیدا بکرێت

دلێر تەها: بە هۆی ئەوەی هەندێک لە پێداویستییە سەرەکییەکانی دروستکردنی مافووڕەکان گرانن و کاری دەستین، بۆیە نرخیان گرانە



خەبات:سولێمان سلێمان

پێشەنگایەین. تێدا ئەو بەرهەمە ناوخۆییانە نمایش دەکەین کە تایبەتن بە مافوورو کەرەسەی ڕستن و چنین. بەرهەمەکانی ئەو پێشەنگایە کاری دەستین و ئەرک و ماندوبونێکی زۆر پێویستە بۆ دروستکردنیان, کارگەکانمان لە چەند شوێنێکی جیاوازەوە دانراون, یەکێکیان لە بەحرەکەیە و یەکی دیکەیان لە ڕەواندزە و هی دیکەش لەکۆیە و هەریرە, گوتیشی ئەو مافوورانە هەم بە مەبەستی نمایش کردن و و هەمیش بە مەبەستی فرۆشتنیان نمایش کراون, خەڵک ڕۆژانە دێن سەردانمان دەکەن هەندێکیان تەنها بۆ مەبەستی سەیرکردن دێن و هەندێکیشیان بە مەبەستی کرنینیان روو لەو پێشەنگایە دەکەن, ئاشکراشی کرد کە خەڵکە بیانییەکان زیاتر سەردانمان دەکەن, چونکە بەڵایانەوە شتانێکی سەرنج راکێشن, بەهۆی ئەوەی نرخەکانیان بەرزن بۆیە بیانییەکان زیاتر دەیکرن.

لە پرسیارێکدا کە ئایا لە داهاتوویاندا بیر لەوە کراوەتەوە کە بۆ دەرەوەی وڵات هەنارەی بکەن, ناوبراو دەڵێت:- نەخێر تا ئێستا ئەوەمان بۆ نەرەخساوە, کە بتوانین هەنارەی دەرەوەی وڵات بکەین, پێویستە حکومەت هاوکاریێت تاوەکو بتوانین هەنارەی وڵاتە بیانییەکان بکەین, ئامادی بەوەش دا کە ئەو مافوورانە بەشێکیان ئاوریشمن و لەسەر داوای خەڵک دروستیان دەکەین, بە هۆی ئەوەی هەندێک لە پێداویستییە سەرەکیەکانی بۆ دروستکردنی مافووڕەکان گرانن و کاری دەستیشە بۆیە نرخیان گرانە , گوتیشی پێمان خۆشە زیاتر ئاسانکاریمان بۆ بکرێت, تا بتوانین بەشداربین لە پێشەنگا نێودەوڵەتییەکان یان ئەو پێشەنگایانەی لە دەرەوەی وڵات دەکرێنەوە, بتوانین وەک هەرێمی کوردستان بەشداربین لەو جۆرە پێشەنگایانە , چونکە تا ئێستا تەنها لە پێشەنگای ناوخۆییەکان بەشداریان کردووە, لە کۆتاییدا خاوەنی ئەو پێشەنگایە دەڵێت: هیوادارم ئەو پێشەنگایە زیاتر فراوان بکرێت و بتوانرێت شوێنەکامان بۆ گەورەتر بکرێت, کە لە ئێستادا بەهۆی بچوکی شوێنەکەمان نەمانتوانیوە گشت مافووڕەکان نمایش بکەین.



بە گریانی منداڵەکەی بۆ ژیان دەگەڕێتەوە

خەبات/ سەید فاتیح بەرزنجی

ئەو بابەتەی کەباسی دەکەین چیرۆکێکی ڕاستەقینەیە نەوەک تراژیدیا ئەویش چیرۆکی ئافرەتێکی ئەمەریکی تەمەن 42 ساڵانە بەناوی ماریا لاوراو بە ڕوودواوی ماتۆرەوە تووشی ڕوودواو یەکی پێکدادان بوو بەهۆی ئەوپێکانەوە زیان بەرمێشکی دەکەوێت دەچێتە حاڵەتی غەیبوبە پزیشکانیش بێ هیوایی بەو ئافرەتە دەدەن وبەهاوسەرەکەی دەڵێن کە چاردسەری زۆر ئەستەمە بێ هیوایی خۆشیان لە چاردسەرکردنی ڕادەگەیەنن و بەخانەوادەکەی دەڵێن کە جەستەی ئەو ئافرەتە ببەخشن بەو نەخۆشانەی کە پێویستیان پێی هەیەبەڵام هاوسەرەکەی بێ هیوا نابێت و بەخشینی جەستەی هاوسەرەکەی ڕەت دەکاتەوە لەدوای تێپەڕبوونی یەک مانگ بەدەنگی گریانی منداڵەکەی ئەو ئافرەتە هۆشی دەگەڕێتەوەو لە مردن ڕزگاری دەبێت و پزیشکەکان بەو بەئاگاهرتنەوەیەی ئافرەتەکە تووشی شۆک دەبن و لایان زۆر سەیر دەبێت کە ئەو ئافرەتە بەئاگا هاتەوە.



شەهرام سەردار

دڵ لە سینەم دەرچوو بڵاوەکاتەوە

هەمزە سەرحان: شەهرام سەردار بەم زوانە ڤیدیۆ کلیپی دڵ لە سینەم دەرچو بڵاوەکاتەوە، گۆرانیبێژی کورد شەهرام سەردار پڕۆمۆی ڤیدیۆ کلیپی دڵ لە سینەم دەرچو بڵاوکردەوە، بەم زوانە تەواوی ڤیدیۆ کلیپەکەی لە چەنالی یوتیوب بڵاوەکاتەوە.شەهرام سەردار لەدایکبوی شاری سلێمانیە، لە منداڵیەوە میوزیکژەن بووە و بایەخی پێداوە، بەڵام لە ساڵی 2012 دەستی بە کاری هونەری کردوە و بوەتە گۆرانیبێژ.

